البديل OCAI
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# ڕەوت

ژمارە ٤
ئایاری ٢٠٢٠

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## دانانی کازمی بۆ سەرۆک وەزیران و ڕێڕەوی ڕاپەڕین لە عێراقدا

### سەروتار

دوای چەند مانگ دەستکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە سەرۆک وەزیزی، هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی ئەم ڕژێمەی ئێستای عیراق گەیشتن بە دەستنیشانکردنی مستەفا کازمی، کەسێکی ناوجەرگەی ڕژێم و بەڕێوەبەری دەزگای سیخوڕی موخابەرات لە ٢٠١٦وەوە، تا ببێت بە سەرۆک وەزیرانی عێراق.

ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە ڕێڕەوی کاروانە شۆڕشگێرانەکەیدا ڕووەو ڕوخاندنی تەواوی ئەم ڕژێمە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی ڕوخاند، بەڵام ئامانجەکەی ئەوە نەبوو بیگۆڕێت بە حکومەتێک کە بەڕێوەبەری دەزگا سیخوڕیە موخابەراتیەکەی هەر ئەم ڕژێمە سەرۆکایەتی بکات، کە خۆی داواکراوە لە لایەن جەماوەرەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە دەرحەق بە جەماوەری ڕاپەڕیوو ئەنجامدراوە.

کازمی بە کۆکبونی زوربەی هێزە ئیسلامی و قەومیەکانی ئەم ڕژێمەی ئێستا و حکومەتەکەیان و ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران دانرا، وەک کەسێک کە حکومەتەکەی بەشێوەیەکی کاتی ڕزگارکەری ڕژێمەکەیانە و بەرژەوەندی و نفوزی هەریەک لە ئەمریکا و ئێرانیش لەبەرچاودەگرێت لەگەڵ "مافی" دەستێوەردانیشیان لە ڕێرەوە سیاسیەکانی عێراق. ئەوەی کە تۆزێک تای تەرازوەکە لە قازانجی ئەمریکایە هیچ شتێک لەو هاوکێشە و کێشمەکێشانە ناگۆڕێت.

ئەرکی سیاسی بەپەلە و دەستبەجێی حکومەتەکەی کازمی ئەوەیە کە ڕۆڵی خۆی بگێڕێت وەک حکومەتێکی دژە شۆڕش بۆ خنکاندنی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و کردنەدەرەوەی ئەم توخمە شۆڕشگێریە لە هاوکێشەی هێزەکانی ئێستا لە عێراقدا. لەبەرئەوە گرینگی و بایەخی ئەم حکومەتە و هەروەها سودمەندیەکەی بۆ بورژوازی ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهانیش لە ئێستادا لەوەدایە کە بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێ لە دژایەتی شۆڕش و لە هێنانەدی بارودۆخێکی سیاسی ئارام بۆ کەڵەکەی سەرمایە و هەرچی قایمترکردنی چەپۆکی سەرمایە و سەرمایەداری بەسەر ژیان و چارەنوسی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشاندا، وێڕای ڕۆڵگێرانیشی لە پارێزگاری لە ڕژێمی ئیسلامی و قەومی پشکپشکێنە و ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیە جیۆ-سیاسیەی کە لەئاردایە لە ناوچەکەدا. باقی پرۆژەی بەرنامە حکومیەکەی پاشکۆیەکی ئەم ئەرکانە و ئامرازێکی تەواوکەرە لە خزمەتیاندا و لە باشترین حاڵەتدا بەڵێنی درۆینەی ڕیفۆرمی بێ ناوەڕۆکە وەک حکومەتەکانی پێشووتر.

هەروەک هەموو بۆنەیەکی تر سازشکاران و ڕیفۆرمخوازانی سەر بە ڕژێم و هەتا ئەوانەشیان کە لەناو مەیدانەکانی ڕاپەڕیندان، ئەو هەلە دەقۆزنەوە کە ڕاگەیاندنی حکومەتەکەی کازمی بۆی هێناونەتە ئاراوە تا دەستبکەن بە تەپڵ لێدان بۆ لەگۆڕنانی دروشمی ڕاپەڕینەکە، کە ڕوخانی ڕژێمەکەیە و لەگەڵیشیا ئامانجەکانی ڕاپەڕین و خواستە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیش پوچەڵ بکەنەوە. ئەمە و سەدرییەکان و ئیسلامیەکانی هاوشێوەشیان، ئەم هەلەیان قۆزتەوە تا لێدوان بدەن کە "مۆڵەت" دەدەن بە کازمی بەناوی ڕاپەڕین و ماسکی ڕاپەڕینەوە، ئەوەش لە بنەڕەتدا بۆ لەباربردنی ڕاپەڕینەکە و مسۆگەرکردنی دڵنیایی بۆ خۆیان و حکومەتەکەی کازمی.

ئەو ئەرکە بنەرەتیەی کە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەر هەنگاوی بۆ هەڵێنایەوە بە دروشمە سەرەکیەکەیەوە، کە ئێستاش هەر ئەو دروشمەیە، بریتی بوو لە هەڵپێچانی سەرتاپای ئەم ڕژێمە سیاسیە. چونکە ملیۆنان لە کرێکار و زەحمەتکێش، لە لاوان و ژنان و خوێندکاران، بە ئەزموونی کردەیی و خەباتی جەماوەری چەندین ساڵەی دورودرێژی خۆیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەم ڕژێمە چاکسازی هەڵناگرێ، بۆیە ئەو جەماوەرە بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕوخانی ڕژێمەوە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩دا ڕاپەڕین، کە لە ماوەی حەوت مانگیش لە ڕووبەڕووبونەوەدا سەدان کەس لە کچان و کوڕانی ڕاپەڕیوو گیانیان بەخشی و دەیان هەزاریشیان بریندارکران و گیران و ژمارەیەکی زۆریشیان فڕێنران.

پەتای کوڕۆنا و لێکەوتەکانی کەرەنتینە و وەستاندنی چالاکیە ئابوریەکان، قورساییەکی کەمەرشکێنیان خستەسەر ژیان و گوزەرانی ملیۆنان کرێکار و زەحمەتکێش و لاوانێکی کچ و کوڕ کە پێشوەخت بەدەست هەژاری و بێکاریەوە دەیاننااڵاند و ڕووبەڕووی ئایندەیەکی نادیاربوون. هەرچەندە بڵاوبونەوەی ئەم پەتای کوڕۆنایە یارمەتی ڕژێمیدا کە هەناسەیەکی بەبەردا بێتەوە، بەڵام ئاڵۆزکاوبونی قەیرانی سیاسی ڕژێم و توندوتیژبونەوەی کێشمەکێشی بەردەوامی ئێران و ئەمریکا و بەردەوامبونی ڕاپەڕین و پەرەداربوونی تورەیی جەماوەر، هەموو ئەمانە داوێنی قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیان لە عێراقدا بەربڵاوکردوە و پێگە کۆمەڵایەتیەکەیشی بەرینکردوە.

هێزی چینایەتی و کۆمەڵایەتی کرێکار و زەحمەتکێش کە بزوێنەری هێنانەدی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵگەیە، لەناوجەرگەی ئەم بارودۆخەدا تا دێ پەرەدەستێنێ، گەشە دەکات و دەبێتە بەهێزبوونی سەرلەنوێی ڕاپەڕینەکە و سایە دەخاتەسەری.

ڕاپەڕێنی ئۆکتۆبەر سیمای ژیانی سیاسی لە عێراقدا گۆڕی. کەس ناتوانێ بە ئاسانی بیگەڕێنێتەوە دۆخی پێشووتری. ئەم ڕاپەڕینە تەختوتاراجی ئیسلامی سیاسی و پایەکانی نفوزی ئایدیۆلۆژی بەسەر جەماوەرەوە وەلەرەزەهێنا. ژنان ڕۆڵێکی بەرچاو و تایبەتیان هەبوو، قوتابیانیش بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەریان هەبوو. هەروەها ڕاپەڕین گورزێکی گورچوبڕیشی لە تائیفەگەری سرەواند و جەماوەری ڕاپەڕیووی کردە هێزێکی سیاسی لە مەیداندا. بەڵام هەموو ئەم دەسکەوتانە ناتوانن پایەدار و بەردەوام بن بەبێ زاڵبوون بەسەر خاڵە سەرەکیە لاوازەکانی ڕاپەڕیندا. ئەمەش پێش هەموو شتێک واتا پشتبەستنێکی بەهێز بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی بێکار لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و لەناو خودی ڕاپەڕین و بەگرتنەبەری ئاسۆی فکری و سیاسی سۆشیالیستیشەوە بۆ ئەو خەباتە.

ئەرکی بنەڕەتی سۆشیالیستەکان و شۆڕشگێڕەکان لە پەیوەند بە ڕاپەڕینەوە، بەهێزکردنی و زاڵبونە بەسەر خاڵە لاوازە سیاسی و ڕێکخراوەیی و فکریەکانیدا، ئەویش لە جێگەوڕێگەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارکراوەکان و خەباتی ڕزگاریخوازانەیانەوە.

پاش ئەزمونێکی حەوت مانگە لە بەردەوامی ڕاپەڕینەکە و ئەو ئاستەنگیانەش کە ئێستا ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەلایەن هێزەکانی دژە شۆڕش و حکومەتە نوێکەیەوە، ئەرکی ڕێکخراوکردنی هێزەکانی ڕاپەڕین و پێکهێنانی شۆرا شۆڕشگێرییە جەماوەرییەکانی لەهەر کات زیاتر پێویست کردوە. ئەمەش پەیوەندیەکی توندوتۆڵی بەوەوە هەیە کە ڕەوتی سۆشیالیستی تا چەند سەرکەوتوو دەبێ لە یەکخستنی ڕیزەکانی خەباتی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارکراوان و چالاکردنی ڕۆڵی سیاسیان لە کۆمەڵگە و لە ڕاپەڕیندا.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراقدا

١٣ی ئایاری ٢٠٢٠

## پێشمەرجی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕوخاندنی دەسەڵاتدارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە

**جەمال کۆشش**

خەڵکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ماوەی ٦ مانگ زیاترە بۆ تێکوپێکدانی حکومەتێکی گەندەڵ و مشەخۆری ئیسلامی و تائیفی و نەتەوەیی ڕاپەڕیون. شۆڕشیان لەدژی تەواوی پرۆژە و پرۆسەی پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق بەرپاکردووە. هەموو ئەو حزب و لایەن و کەسایەتیانەی لە ماوەی ئەم ١٧ ساڵەدا بەشداربوون لە دزی و ڕاوڕووتی، گەندەڵی، سەرکوت، فلمیان سوتاوە و شانسی سیاسیان کۆتایی هاتووە. ئەمە عەزمی ئامانجی ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ئەمرۆی عێراقە.

لە کوردستانیش، زەمینەی ئەم ڕاپەڕینە بەتەواوی لەبار و ئامادەیە...... بۆ لاپەڕە (٣)



## بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان و ئاسۆی هەڵسانەوەی

**نادر عبدالحمید**

چینی کرێکار لە کوردستاندا نەک هەر بەدەست برسیەتی و بێکاری و نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و خزمەتگوزاریە زەروریەکانی ژیانەوە دەناڵێنێت، بەڵکو وەک تەواوکەرێکی ئەو بارودۆخەی کە سەپاوە بەسەریدا، مەحرومیش کراوە لە مافی ڕێکخراوبوون و خۆپێشاندانیش ... بۆ لاپەڕە (٤)

## مشتێك لە خەرواری نارەزایەتیەکانی کوردستان

**ئامادەکردنی: نەوزاد بابان**

ڕۆژ نیە لە شاروشارۆچکەکانی کوردستانی عێراقدا، توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان لە فەرمانبەر و مامۆستا و کارمەندانی خەستەخانەکان و خوێندکاران، کرێکاران بە جۆرێک لە جۆرەکان نارەزایەتی خۆیان دەرنەبڕنبۆ لاپەڕە (٢)




دوالاپەڕە ← لە یادی دەساڵەی تڕۆری سەردەشت عوسماندا (موئەیەد ئەحمەد)
لاپەڕە ٥ ← کرێکارانی کەرت تایبەت لە سەردەمی کۆرۆنادا (بابان ئەنوەر)
لاپەڕە ٧ ← ڕاگەیاندنی هاوبەشی هێزە کۆمۆنیستەکانی ئێران
لاپەڕە ٦ ← ڕاپۆرتێك دەربارەی ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراقدا
چەند بەیاننامەیەك لاپەڕە ١٠-١١
-قۆناغێکی نوێ لە کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی عێراق
-یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار
-بەبۆنەی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن
-چەند هۆنراوەیەك: دەستەکانم وێدە (فوئاد عەزیز)، یەکی ئایار (تاڤگە ئیبراهیم)، هاواری سایەقی توك توك (مەشخەڵ)

# مشتێك لە خەرواری ناڕەزایەتیەكانی كوردستان



**ئامادەکردنی: نەوزاد بابان**

ڕۆژ نیە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی عێراقدا، توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان لە فەرمانبەران و مامۆستایان و کارمەندانی خەستەخانەکان و خوێندکاران، کرێکاران لە کەرتە جۆراوجۆرەکاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان ناڕەزایەتی خۆیان دەرنەبڕن بەڕووی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایان. ئەمەی خوارەوە چەند نمونەیەکیەتی:

-*-*-*

### کرێکارانی ژینگەپارێزی دەڤەری ڕاپەڕین:



کرێکارانی ژینگە پارێز و خاوێنکردنەوەی شەقامەکان لە کۆمپانیای گارێکس لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕێن و لە شارەدێی سەنگەسەر لەبەردەم باخی گشتی لە کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠٢٠دا مانگرتنیان ڕاگەیاند، دژی پێنەدانی مووچەکانیان.

شایەنی باسە کرێکارەکان سەرەتا بەگرێبەستی ٤٥٠ هەزار دینار موچەیان وەردەگرت، ماوەی چەند ساڵێکە بەبیانوی قەیرانی داراییەوە موچەکانیان کەم کراوەتەوە بۆ ٣٠٥ هەزار دینار. کۆمپانیاکە ناچار بە ئیشکردنیان دەکات لە هەموو ڕۆژەکانی هەفتەدا بە ڕۆژە پشوەکانیشەوە.

-*-*-*

### کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبای سلێمانی

کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٠ زیاتر لە سەد کەس لە کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبای پارێزگای سلێمانی نامەیەکی ناڕەزایەتیان ئاڕاستەی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم کردوە کە تیایدا هاتووە:

لەکاتێکدا کە پەتای ڤیرۆسی کرۆنا تەنگی بەهەموان هەڵچنیوە و کۆمەڵگەی نیوە ئیفلیج کردوە، پێنەدانی موچەکانیش لە کاتی خۆیدا ئەوەندەی تر ژیانی کرێکاران و کارمەندان و خەڵکی کوردستانی هەراسان کردوە، بۆیە کرێکاران و کارمەندانی کەرتی کارەبا وەک هەموو کرێکار و کارمەندانی کەرتەکانی تر مافی خۆیانە کاتێک حکومەتی هەرێم گوێ لە داواکاریەکانیان نەگرێت و بەدەم خواستەکانیانەوە نەێت ناڕەزایەتی خۆیان بەشکڵ و شێوازی تر دەربڕن.

-*-*-*

### کرێکارانی ژینگەپارێزی گەرمیان

لەبەرامبەر پێنەدانی موچەی دوو مانگدا، کرێکارانی ژینگەپارێزی گەرمیان لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ٢٠٢٠دا دەستیاندایە ناڕەزایەتی دەربڕین دژ بە کۆمپانیای سەگرمە.

-*-*-*

### ناڕەزایەتی لە کەرتی تەندروستیدا

کرێکاران و کارمەندان و پزیشکانی کەرتی تەندروستی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، هەروەها لە هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین پاش ئەوەی لە کۆتایی نیسانی ٢٠٢٠ هوشداریان دایە حکومەت کە ئەگەر تا ڕۆژی دوشەممە ٢٧-٤-٢٠٢٠ موچە دابەشنەکرێت دەست لەکار هەڵدەگرن، بۆیە لەو ڕۆژەوە دەستیان دایە مانگرتن لە زوربەی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان و ڕایان گەیاند تا وەرگرتنی مووچەکانیان ناگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

-*-*-*

### زیندانیانی سیاسی لە سلێمانی

زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان بێ جیاوازی بیروڕای و شوناسی حزبی ڕۆژی ٢٦-٤-٢٠٢٠ لە بەردەم ئەمنە سوورەکەی سلێمانی گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان ساز کرد دژی بڕیاری حکومەت بۆ بڕنی منحەکانیان کە ١٠ ساڵە نیوەی مینحەی بڕیاردراوی عێراقیان پێداوون لە گردبوونەوەکەدا یاداشتنامەیەکی ناڕەزایەتی دەربرین ئاراستەی حزبەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و سۆسیالیست کرا و ئەوانیان بە بەرپرسیاری ئەم دۆخە زانی و بە دەیان زیندانی هۆتاف و دروشم و ووتاری دژ بە حکومەتیان برزکردەوە.

-*-*-*

### بەشێك لە پزیشك و كارمەندانی تەندروستی كەركوك

نزیکەی 150 پزیشک و کارمەندی تەندروستی کە ماڵیان لە هەولێرە و دەوامیان لە سنووری پارێزگای کەرکووکە مەترسی لەسەر کارەکەیان هەیە و خەریکە سزادەدرێن، چونکە بەهۆی کەرەنتینە و پەتای کورۆناوە زیاتر لە مانگ و نیوێکە لە بازگەی هەولێر - کەرکووک ڕێگە بەهاتووچۆیان نادرێت. بۆیە لە ٣٠-٤-٢٠٢٠دا لە گردبوونەوەیەکدا لێدوانیان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندا.

کارمەندە دابڕاوەکانی تەندروستیی کەرکوک ئاگادارکراونەتەوە، ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان مووچەی ئەو مانگەیان پێنادرێت و بە نەهاتوو هەژماردەکرێن.

-*-*-*

### مامۆستایانی ناڕازی گەرمیان



لە ڕاگەیێندراوێکیاندا لەسەرەتای ئایاری ٢٠٢٠دا هاتووە:

ئێمە لە دەستەی نارازی مامۆستایان لە گەرمیان رایدەگەیەنین چیتر لە توانای هیچ لایەکماندا نەماوە بەرگەی بێ موچەی بگرین و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لەگەڵ سەرجەم شار و شاروچکەکاندا هەڵویستی شارستانی خۆمان ڕادەگەینین.

لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین پشتیوانی تەواوی هاوڕێیانمانین لەکەرتی تەندروستی کە دەستیان داوەتە مانگرتن، دڵنیایش دەدەین کە پشتیوانیان دەبین.

-*-*-*

### ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی هەولێر



لە راگەیەندراوەکەی ١٧-٥-٢٠٢٠ یاندا هاتووە:

بۆ/پەرلەمانی کوردستان ، سەرۆکایەتی هەرێم ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، رای گشتی

بەنیگەرانیەوە ڕایدەگەیەنین کە دوای ساڵێک لە ئاسایی بوونەوەی ژیانی مووچەخۆران ، خەریکە هەمان ژیانی سەخت و دژواری چەند ساڵی رابردوو بۆ مووچەخۆران دروست دەبێتەوە ، ئێمە ئێستا لە کۆتایی مانگی پێنجی 2020 داین ، بەڵام حکومەت نەیتوانیوە مووچەی مانگی یەک دابەش بکات، بۆیە.

1. هۆشداری دەدەین لە شکستهێنانی کەرتی پەروەردە،
2. داوا دەکەین حکومەتی هەرێم ڕەوشتی دارایی و پێدانی مووچە بە فەرمانبەران ئاسایی بکاتەوە، مووچە نەدراوەکان بگێرێتەوە.
3. داوا دەکەین هەرچی زووە مامۆستایانی دهۆک ئازاد بکرێن
4. لەبەرامبەر جێبەجێ نەبوونی داواکارییەکانمان، دەرگا بەڕوومان واڵایە بۆ ئەنجامدانی هەرچالاکیەکی مەدەنی، دوور لە توند و تیژی، چونکە ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین دژی هیچ کەس و لایەنێک نین.

لە کۆتایدا هەموو لایەک ئاگاداردەکەینەوە کە هەرلێکەوتەیەکی لەسەر پڕۆسەی خوێندن و تاقیکردنەوەکان درووست بێت لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمە.

# سەرخەتە گشتیەکان بۆ پێکهێنانی شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕەکان

## ئەم دۆکیومێنتە پێشنیاری (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)ە بۆ خۆڕێکخراوکردنی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە عێراق

سەدان لاو لە کوڕان و کچانی شۆڕشگێری ڕاپەڕیو لە مەیدانەکان و لە شەقامەکاندا گیانی خۆیان بەخت کرد و هەزارانیش بریندار بوون، وا بۆ دوو مانگیش دەچێ خۆیان ڕاگرتووە لە بەردەم هەموو سەختی و چەرمەسەریەکدا بۆ درێژەدان بەم ڕاپەڕینە دژ بە ڕژێمی ئیسلامی و قەومی تاوانکار کە شانزە ١٦ ساڵە بەسەر خەڵکا داسەپاوە.

ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریە لە عێراقدا تا ئێستا گورزێکی کوشندەی لە دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبەکانی داوە، ڕووەو هێنانەدی دروشمی "ڕوخاندنی ڕژێم" هەنگاوی ناوە، توانای دەسەڵات و حزبەکانی بۆ کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە ئیفلیج کردوە و توشی سەرلێشێواوی و قەیرانێکی خنکێنەری کردون. ئەم ڕاپەڕینە و بەردەوامبوونی گشت پایەکانی ڕژێمی ئیسلامی فەرمانڕەوا و دامەزراوە فکریەکانی لە گرێژنە بردووە، توشی ئیفلیجی و قەیرانێکی لە ڕاددەبەدەری کردون.

ئاشکرایە دەستەوتاقمی فەرمانڕەوا و حیزبە میلیشیا تاوانکارەکانیان تا دەسەڵاتیان بەدەست بێت ناوەستن و نەشوەستاون لە وەڕێخستنی هەرچی زیاتری کوشتارگا و کۆمەڵکوژی و ترۆر و گرتن و فڕاندنی خەڵکی ڕاپەڕیو لەسەراسەری وڵاتدا.

جەماوەری ڕاپەڕیو پێویستە بەجۆرێک پایەکانی ئەم ڕاپەڕینە بەهێز و ڕیشەدار و بەرفراوانتر بکات کە ڕیزی ملیونی جەماوەری تووڕە لەم دەستە و تاقمە فەرمانڕەوایە بێنێتە مەیدان. سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕینە ئەوە دەخوازێت کە خەڵکی ڕاپەڕیو، وە جەماوەری پشتیوانی ڕاپەڕین، دەست پێشکەری بکەن بۆ داماڵینی دەسەڵاتی ئەم ملهوڕانە و ڕوخاندنی فەرمانڕەوایەتیان و جێگرکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی حکومی خۆیان کە دامەزرا بێت لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سەربەخۆی جەماوەری شۆڕشگێڕ.

دیارە سەرەتای کۆتایی هاتنی ئەم ڕژێمە سەرکوتگەرە بە دەستپێکردنی ڕاپەڕین دەستی پێ کردوە بەڵام کارەکە تەواو ئەنجام نەدراوە و هێشتا دوا گورزی لێ نەدراوە.

هێزی بزوێنەری ئەم ڕاپەڕینە و پێشڕەوانی بریتین لە لاوان، کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرجەم شۆڕشگێڕانێک کە ڕێگەیان نەداوە و ڕێگە نادەن دروشمی ڕوخاندنی سەراپای ڕژێم کەم بەها بکرێت، هەروەک ڕێگەشیان نەداوە بە هیچ کەسێک بەناوی ڕاپەڕین و لەناوخۆی ڕاپەڕینەوە ئەم ڕاپەڕینە لەباربەرێت. هەر ئەمانیش بوون ئەو هەوڵوتەقەلاێانەیان پوچەڵ کردەوە کە دەدران بۆ لە قاڵبدانی ڕاپەڕینەکە و بە لارێدا بردنی بەرەو سازشکاری و ڕیفورمی شکڵی لەلایەن ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوا قەومی و "ڕۆشنبیر"ە سازشکارەکان و حیزبەکانی ڕژێم و هاوکارانی چەواشەکاری دەسەڵات کە خۆیان خزاندۆتە ناو مەیدانەکانەوە.

هەموو ئەمانە دەستکەوتی شۆڕشگێڕانەی مەزنن کە زەمینەیەکی لەباریان هێناوەتە ئاراوە بۆ ئەوەی ڕاپەڕین هەنگاوی گەورەتر بنێت و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری خۆی بە ڕوونی بخاتە بەردەستی تەواوی کۆمەڵگە و ڕوخساری سەرەکی ئەو ڕژێمە سیاسیە دیاریبکات کە دەیەوێت لەسەر پاشماوەی ئەم ڕژێمەی ئێستا دایمەزرێنێت.

ئێستا ڕاپەڕین لە ڕێرەوی خەباتکارانەیدا بەرەو ڕوخاندنی ڕژێم گەیشتۆتە سەر دووڕیانێک. بەردەوام بوون و بە سەرکەوتن گەیشتنی پێویستی بە بەرز بوونەوەی ئاستی ئەم ڕێکخراوبونەی ئێستای خەڵکی ڕاپەڕیوە بۆ ئاستێکی بەرزتر و کاراتر، نەک تەنها لە مەیدانەکاندا، بەڵکو لە گەڕەکەکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی شار و کارگەکان و زانکۆکانیش، نەک تەنها لە بەغدا بەڵکو لە تەواوی پارێزگاکانیشدا.

ئەمەش وا دەخوازێت کە جەماوەری ڕاپەڕیو دەستپێشکەری بکەن بۆ پێکهێنانی دەسەڵاتێکی ڕاگوزەری شۆڕشگێڕانەی پێکهاتوو لە شۆراکان و لیژنە شۆڕشگێرە جەماوەریەکان لەناو مەیدانەکان و گەڕەکەکان و کارگەکان و دامەزراوەکان و زانکۆ و قوتابخانە و شوێنی نیشتەجێ بوون لە سەرتاسەری وڵاتدا کە نوێنەرایەتی ڕاستەوخۆیان بکات.

ئەم شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕانەیە وەک ئامرازێکی سیاسی خەباتکارانە کاردەکات بۆ ڕابەرایەتی کردنی ڕاپەڕین بەرەو سەرکەوتن و لە هەمان کاتیشدا وەک دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی ڕاگوزەر هاوتەریبی دەسەڵاتی ئێستا کاردەکات.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە، جەماوەری ڕاپەڕیو و بێبەش پێویستیان بەوە دەبێ لەسەر پلاتفۆرمێکی سیاسی دیاریکراو ڕێکبکەون کە تەوەرەی سیاسەتەکان و ئامانجە سەرەکیەکانی ڕاپەڕینەکەی لەخۆ گرتبێت بە شێوەیەک کە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی هێزە بزوێنەرە سەرەکیەکانی ئەم ڕاپەڕینە و جەماوەری ئازادیخواز بێت بە گشتی تا بە دەوریدا خۆیان ڕێکخراو بکەن.

ئەم سەرخەتە گشتیە پێشنیارکراوەی خوارەوە ئامانج و سیاسەت و ئەرکێک دەگرێتە خۆی کە پێویستە بخرێتەڕوو بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ لەناو جەماوەری ڕاپەڕیو و لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئێمە ئەم سەرخەتە گشتیە بە وەڵامدانەوە دادەنێین بۆ ئەو ئەرکە دەستبەجێیانەی کە ئەم ڕاپەڕینە و ئەم بزوتنەوە سیاسیە جەماوەریە بەرفراوانە ڕووبەڕووی بۆتەوە بۆ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە و هاتنەدەرەوە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەو بنبەستەی کە کۆمەڵگە تێکەوتووە لە بەرژەوەندی جەماوەری بێبەش.

بۆ لاپەڕە (٣)

# پێشمەرجی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ڕوخاندنی دەسەڵاتدارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە



جەمال کۆشش

**درێژەی لاپەڕە یەك:**

ئەو هەموو دزی و تاڵانیە، نایەکسانی و چەوسانەوەیە هەیە، سەرکوت و بێمافیە، شەڕ و هەژاری و بێکارییە، زیندانی و تیرۆر و ڕفاندنە. لە کۆی کێشەکانی هاوڵاتیانی کوردستان، حکومەتی هەرێم و لایەنە بەشداربووەکانی بەرپرسیارن. ئێستا لەزۆرلاوە داوای دەستکێشانەوەی حکومەت دەکەن، هەرەس و شکست و کۆتایی حکومەت بەچڕی لەلایەن خەڵک و میدیاوە ڕادەگەیەنرێت.

خەڵکی کوردستان، بەتایبەت کرێکاران و دەستفرۆشان و بێکاران و مامۆستایان و موچە خۆران و ژنان و دەرچوانی پەیمانگا و زانکۆکان، بەبەردەوامی خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری فراوانیان لە دژی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەرپاکردووە. ئەم دەسەڵاتە بۆ جێبەجێکردنی هیچ ئاڵوگۆڕێک ئامادە نەبووە و ئامادەی لانی کەمی چاکسازییەکی درۆینەش نەبووە.

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ناوەڕاستی نەوەدەکان لەدژی هەژاری و بێکاری و ڕاوڕووتی مافیا چەکدارەکانیان بۆ دزینی سامانی کوردستان، کوژراو و بریندارێ لێکەوتەوە. پاشان شەڕی نیوخۆیی هەموو حزبەکان بە نەتەوەیی و ئیسلامیەکانەوە لە نیوەی دووەمی نەدەوەکاندا، کوردستانی کێشایە نێو کوشتار و سەرگەردانی و ڕەشترین دەورانی کۆنەپەرستی یەوە. لەو ساڵەی خراپترین بودجە هەبوو(١٩٩٧)، زۆرترین ژمارەی مزگەوت، زۆرترین ساڵۆن تەقاندنەوە، تاوان و کوشتن و دزین و ڕوتاندنەوە پەرەیان سەند. ساڵی دواتر تاوانکاری خۆتەقندنەوەکانیشی لە نێو مەڵبەندەکان و ناوچەکاندا هاتە سەر، هاوکات تیرۆری سیاسی و خنکاندنی دەنگی بێخانەولانەکان و داسەپاندنی تاریکترین خنکانی هەناسەی ئازادییەکان. لەماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا هەمیشە خەڵک نارەزایەتی فراوانیان بەرێخستووە. شێوە ڕاپەرینەکەی ساڵانی ٢٠٠٥ -٢٠٠٦ تا سوتاندنی بنکە و بارەگای حزبەکان و هەڵاتنی بەرپرسەکان تەشەنەی سەند (لە دەربەندیخان و کەلار و زاخۆ و سمێل). خۆپیشاندانەکانی ساڵانی ٢٠٠٠ تا گەیشت بەخۆپیشاندانی دوو مانگەی شوباتی ٢٠١١، کەدەیان کەس تیا یا گیانیان بەخت کرد، هیچ چاکسازییەک و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەدینەهات. ئەم حزبانە بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتیان سڵیان لە تیرۆر، ڕفاندن و ئەشکەنجە و سەرکوت نەکردۆتەوە وبەپلان و نەخشەی تیرۆریستی پاکتاوی نەیاران و جێگرەوەکانیان دارشتووە. نامۆیی و نارەزایەتی خەڵک لە فۆرمی بایکۆتێکی سایسی - کۆمەڵایەتیدا لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨ دەدا خۆی دەرخست.

بەپێێ ئامارەکانیش بەبەردەوامی ڕێژەی بێکاری هەڵکشاوە ( ٢٠١٣ نزیکەی ٧٪ ، ٢٠١٨ دەگاتە ١٣.٥٪ کە بەدڵنیاییەوە زۆر بەرزترە، بەهەمان شێوە هەژاری و هێڵی خوار هەژاری کەتا ئەوەی بەموچەی ٥٠٠ هەزار دینار بۆ خیزانێکی ٥ کەسی دیاریکراوە، زیاد لە سەدا ٢٠ی دانیشتوان دەگرێتەوە)

شاردنەوەی گرێ بەستە نەوتیەکان و داهاتەکانیان و دزینی نەوت لەرێگای جۆراجۆری تەنکەر و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن باندەکانی نێو حزبەکانەوە، ڕادەستنەکردنی نەوت بە دەسەڵاتی بەغدا، ئەو فەرهود و تاڵانیەی حزبەکان دەیکەن لە بازرگانی و خاڵە گومگرگیەکان، داهاتیان زۆر زیاترە لەدابینکردنی مووچەی هاوڵاتیان. ئەو ڕاپۆرتانەی هەر بەتازەیی لەم ماوەیەدا بڵاوکرانەوە لەمیدیا و ڕۆژنامەکاندا بەحساب و ژمارە گەواهی دەدەن. هاوڵاتیانی کوردستان بارمتەی ئەم دوو حکوومەتە کۆنەپەرستەن (حکومەتی هەریم و حکومەتی عێراق).

ئەگەر موچەخۆرانی هەرێم بەپێی بەغداش دابنێین ٦٨٠هەزار کەس، (لای هەرێم ملیۆنێک دووسە و چل هەزار کەس)، وەک لە نویترین ڕاپۆرتی سەردەمی کۆرۆناشدا هاتووە، سەدا ٢٥ خەڵک لەسەر قووتی ڕۆژانە دەژییەت (کاری دەستفرۆشی و حەمالی کە دەکاتە ملیۆن و نیوێک. کەواتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی کوردستان گیرۆدی هەژاری و بێکاری و گرانین. ئیدی لەوە ئاسانە تێبگەین کە هەی دادی خەڵک لە هەموو کوچە و کۆڵانێک بەرز بێتەوە، خەڵک نان بەس نانی نیە، خەڵک منالی هەراج بکات، ئەمە ئیدی چ شۆکێکە!

بەڵام زۆر گرنگە، جارێکی تر هەمان ڕێگای پێشوو لە خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ساڵانی پێشوودا نەگرینە بەر. حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان بەتایبەت (کۆمەڵ و یەکگتوو)، گوێی خۆیان قوتکردۆتەوە بۆ فیکەی سەرۆکەکانی خێلی بارزان تا لەم گەرەی سازدانەوەی حکومەتی هەرێمدا، ئەوانیش لەسەرووی مەجلیسدا جێگایەکیان بەرکەوێت. ئەو فەرمایشت و گللەیانەی (ئەمیر و پەرلەمانتار و دکتۆرە) پیاوە فرە ژنەکانیان لە بودجە و مافەکانی خەڵک دەیکەن، یەک فلس بایەخیان نیە، چونکە کۆنەپەرست و هاوبەشی دز و هاوپرۆژەی هەردوو حکومەتەکەن.

بزوتنەوەی گۆران، کە بەشێکی زۆر لە هەڤاڵانی کۆنیان، تیمەکەی نێو حکومەت بەکاتبی پارتی دەزانن، ئەوانەی ئێستای گردەکەش، بە چاویلکە شەمسیەکانیانەوە، کە تازەیی پرۆژە چاکسازییەکەیان بۆ بوژانەوەی ئابووری و دابینکردنی موچە داوەتە پەرلەمانی کوردستان، یەک دانە بەند نا، یەک دانە خاڵیش لەسەر یاسای چاکسازی کۆمەڵایەتی و موچەی پەرلەمانتار و وەزیر و پلەبەرز و بندیوارەکانی تیا نیە (یانی تەنها ئەوانە کە بەشییان تیا نیە و ئەوانەی کە هێشتا خۆیان نەگایەندووە دەگرێتەوە و ئەوانەی تر پێویستی بەهیچ چاکسازییەک نیە و بە فلتەری ئەواندا تێپەڕیوە).

شتێکی تازە نیە یەکێتی و پارتی، دوو کۆمپانیان بازرگانی سیاسەت و ئابوورین، هەموو (کێشە و پەیوەندی و ستراتیژییەتی) نێوانیشیان ئەم مۆرکەی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە نیە. لە نائارامترین دۆخی گشتیدا (سەردەمی نەخۆشی کۆرۆنا)، پەشێوی و کێبرکێی ناپەرپرسیارانە و نامۆرالیانە و ڕفاندن و تۆقاندنی یەکتری، درێژە پێدەدەن. دەبنە بەشێک لە شەڕ و کێشمەکێشە ناوچەییەکان و کوردستان بۆ نێو ئەگەری دووبارەبونەوەی هەڵەبجەیەکی ترەوە. ڕاپێچ دەکەن. لەپایزی ٢٠١٩ ەوە پارتی بە چڕی کار لەسەر وەدەرنان و لاوازکردنی پەکەکە دەکات وە ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕاستەوخۆ نێچیرڤان (پیاوە دبلۆماسیەکە)، سەرپەرشتی دەکات. یەکێتی تا ڕادەی ڕادەستکردنەوەی زیندانی هەڵاتوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئامادەیە، خۆی لە ڕیزی تاوانکاری ئێراندا جێگابکاتەوە.

نەوەیەکی نوێ پێدەنێتە نێو مێژووی کوردستانەوە، کە بەتوندی ئاسۆ و چاوەڕوانیەکانی و پۆتانشیاڵە شۆڕشگێرانەکانی، ناکۆکە بە سەرجەم پێکهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی حکومەتی هەرێم. باشترین فورسەت بۆ لە کۆڵکردنەوەی ئەم بارە و شکاندنی قاڵبی حکومەتە تەقلیدیە کۆنەپەرستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەست بوونی ڕاپەڕینی ئەم نەوەیە بە ڕاپەڕینی عیراقەوە. خەڵکی عێراق و بەتایبەت گەنجان و لاوانی عیراق داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەکەن، داوای دابینکردنی ژیان و یەکسانی و کاردەکەن. خەڵکی عێراق و کوردستان پێکەوە هاوخەباتی و هاوئامانجی خۆیان پەیوەست بکەنەوە لەگەڵ یەکدا و بەرەیەکی هاوبەش بۆ ڕوخاندنی تەواوی دەسەڵاتی بورژوازی لە عێراق و کوردستاندا پشت بدەنە یەکتر. هێزە ئازادیخواز و چەپ و سوشیالیست و کۆمۆنیستەکان لەم نێوەدا، هیچ کات بەئەندازەی ئێستا ئەم هاوخەباتی و یەکیەتیە چینایەتیە پێویست نەبووە.

سەرەتای ئایاری ٢٠٢٠

---

- خاڵی دەستپێک بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە و یەکلاکردنەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندی بێبەش کراوان و کۆمەڵگە، ئەوەیە کە جەماوەری ڕاپەڕیو ببێتە هێزێکی ڕێکخراو و توانادار. چونکە تەنها ئەم هێزە ڕێکخراوەیە کە دەتوانێت ڕابەرایەتی کۆمەڵگە بکات بەرەو هێنانەدی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان.
- بانگەوازی تەواوی جەماوەری ڕاپەڕیو دەکەین کە گفتوگۆیەکی لێبڕاوانە دەربارەی ئەم سەرخەتە گشتیانەی خوارەوە ئەنجام بدەن.

**ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەی ئێستا و جێگرتنەوەی بە ڕژێمی شۆرایی:**

1. ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەی ئێستا و جێگرتنەوەی بە فەرمانڕەوایی جەماوەری ڕاپەڕیو و ڕێکخراو لە شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕانەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا، واتە گۆڕینی ئەم ڕژێمەی ئێستا بە ڕژێمی فەرمانڕەوایی شۆرا جەماوەریەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی کچ و کوڕ و ژنان و خوێندکاران و تەواوی ئازادیخوازان و جەماوەری ڕاپەڕیو و خەڵکانی پشتیوانی ڕاپەڕین.
2. دامەزراندنی شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕەکان لە مەیدانەکان و گەڕەک و ناوچە جۆراوجۆرەکانی شار و کارگەکان و زانکۆ و قوتابخانەکان، و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان و شوێنەکانی تردا، ئەمەش لە تەواوی پارێزگاکانی عێراقدا.
3. پایەڕێژی سیستمێکی سیاسی شۆرایی بۆ فەرمانڕەوایی کردن بەپێی پرنسیپی بەرەوسەر هەڵکشان لە شۆرا لۆکاڵیەکانەوە بۆ شۆرای ناوەندی بەشێوەیەکی قوچکەیی، ئەمەش بە بەشداری نوێنەرانی شۆرا لۆکاڵیەکان لە پێکهێنانی شۆرای ناوەندیدا. پێکهێنانی شۆرای ناوەندی سەراسەری وڵات لە بەغدا، کە نوێنەرانی هەموو ئەو شۆرا شۆڕشگێڕەکانە بگرێتەخۆ کە لە سەرتاسەری وڵاتدا هەن و ئەم شۆرا ناوەندیە کاروباری عێراق بەڕێوە دەبات.
4. سیستمی سیاسی شۆرایی جەماوەری، پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی کۆبوونەوە گشتیەکانی کرێکاران و لاوانی کچ و کوڕ و خوێندکاران و ژنان و توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان.
5. ئەم کۆبوونەوە گشتیانە، شۆرا جەماوەریەکانی ئەم دەستە و توێژە کۆمەڵایەتیانە هەڵدەبژێرێت کە لە یەککاتدا خاوەن دەسەڵاتی یاسادان و جێبەجێکردنن لە تەواوی وڵاتدا.
6. کۆبوونەوە گشتیەکان بۆیان هەیە هەر نوێنەرێکی شۆرا لابەرن و متمانەی لێبسەننەوە گەر پابەند نەبێت بە بڕیار و ڕێنماییەکانی کۆبوونەوەی گشتی.

**شۆرای ناوەندی بڕیار لەسەر ئەم هەنگاونانانەی خوارەوە دەدات:**

- ڕووخاندنی ئەم ڕژێمەی ئێستا و ڕادەستکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ دەستی شۆرا جەماوەریەکان کە لە یەککاتدا خاوەن دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردنن لە سەرتاسەری وڵاتدا.
- بانگەوازکردنی کەسانی سوپا و پۆلیس بۆ پێکهێنانی شۆرای سەربازان و پۆلیس لە یەکەکانی خۆیاندا، وە داوایان لێبکرێت کە پەیوەست بن بە ڕیزەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو و ڕێکخراو لە شۆرا جەماوەریەکاندا، تا لە سایەی دەسەڵاتی ئەم شۆرایانەدا هەستن بە ئەنجامدانی کارەکانیان لە دانیبکردنی ئاسایش و پارێزگاریکردن لە جەماوەر و کۆمەڵگە.
- هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و تەواوی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ئێستا.
- هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دام ودەزگا سەرکوتگەرەکان لە ئیستیخبارات و "هێزەکانی بەرنگاربونەوەی گێرەشێوێنی" و .. هتد.
- هەڵوەشاندنەوەی هەموو میلیشیاکان و ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەستن پێیانەوە، لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنی هاوکاریە دەرەکیەکان بۆ هەر هێزێکی میلیشیایی و ڕێگرتن لە دروست بوونی هەر میلیشیایەک یان دامودەزگایەکی چەکدار لە دەرەوەی دەسەڵاتی شۆرا جەماوەریەکان.
- دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە ڕشتنی خوێنی خەڵکی ڕاپەڕیودا و ناردنیان بۆ ئەو دادگایانەی کە شۆرا جەماوەریەکان دایدامەزرێنن.
- تەواوی ئەو موڵک و پارانەی کە لەناوەوە و دەرەوەی عێراقدان و دزراون لەلایەن سەرانی ڕژێم و بەرپرسان و سەرجەم گەندەڵکارانەوە، دەگێردرێنەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت تا بکرێنە خەرجی بۆ خۆشگوزەرانی جەماوەر و هێنانەدی هەلیکار و بیمەی تەندروستی و خوێندنی بەخۆڕایی و پەرەپێدانی ئابوری وڵات.
- ڕەخساندنی دۆخێکی گونجاو لەلایەن جەماوەری ڕێکخراو لە شۆراکاندا بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لە دەستنیشان کردنی نوێنەرەکانیان بۆ سیستمی شۆرایی بۆ فەرمانڕەوایی وڵات.

**ئامانجە بناغەییەکانی شۆرا کە تەوەرەی دەستوری وڵات پێکدەهێنن:**

1. هەڵپێچانی ئەم ڕژێمە پشکپشکێنەی ئێستا کە دامەزراوە لەسەر بنەمای دابەش کردنی کۆمەڵگە بۆ پێکهاتەی قەومی و دینی و تائیفی.
2. دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی بەپێی پرنسیپی هاوڵاتی بوونی تەواو بۆ هەموان، بەبێ هەڵاواردن لەسەر بنەمای ئاین، تائیفە، قەومیەت، عەشیرەت، ڕەگەز و ڕەنگی پێست.
3. هەڵپێچانی سیستمی پەرلەمانی ئێستا و گۆڕینی بە سیستمی شۆرایی جەماوەری.
4. هەڵپێچانی تەواوی سیاسەتە ئابووریە سەرمایەداریە نیو لیبرالیەکان و ڕەت کردنەوەی مەرجەکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی کە بوونەتە هۆی هەژارکردنی جەماوەر و سەپاندنی بێکاری و کوێرەوەری ئابووری بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان و لاوان و پەڕاوێز خستنی زۆرینەی کۆمەڵگە.
5. جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و لە سیستمی خوێندن.
6. مسۆگەرکردنی ئازادی ژنان و یەکسانی تەواویان لەگەڵ پیاواندا.
7. هەڵپێچانی هەموو ئەو یاسایانەی کە دژ بە ژنانن، سیستمی سیاسی شۆرایی ژنان دەپارێزێت لە دەستدرێژی دامەزراوە ئاینی و عەشایەریەکان.
8. ئازادی سیاسی بێ قەید و شەرت، ئازادی مانگرتن، خۆپیشاندان، ڕێکخراوەیی، گردبوونەوە و پێکهێنانی نەقابە و یەکێتی و کۆڕوکۆمەڵ.
9. ئازادی ڕا دەربرین و بیروباوەڕ و ڕەخنەگرتن و ئازادی ڕۆژنامەگەری و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی پەیوەندی.
10. هەڵپێچانی سزای لە سێدارەدان.
11. شۆرا کرێکاریەکان سەرپەرشتی دەرچوون و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکەن کە بەرژەوەندی کرێکاران دابین دەکات لەبەرامبەر چەوساندنەوەی سەرمایەدا لە هەموو بوارێکدا، وە هەموو ئەو یاسایانەش هەڵدەپێچێت کە ڕێکخراون لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی کرێکاران لەلایەن سەرمایەدارانەوە. یاساکان دەبێ بەرفراوانترین ماف و بیمەی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرن بۆ کرێکاران و بەرزترین ڕادەی خۆشگوزەرانی و باشترین بارودۆخی کارکردن دەستەبەر بکەن بەپێی ئەو دەسکەوتانەی کە بزووتنەوەی کرێکاری لە جیهاندا لەم بوارەدا بەدەستی هێناوە.
12. قەدەغە کردنی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک دژ بە کرێکاران لەسەرتاسەری عێراقدا لەسەر بنەمای ناسنامە، نەتەوە، ئاین، مەزهەب، ڕەگەزی نێر و مێ وە یا ڕەنگی پێست.
13. قەدەغەکردنی کاری مناڵان.
14. دابین کردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پێگەیاندنی مناڵان و دەستەبەرکردنی مافەکانیان بەپێی دوایین دەستکەوتی پێشڕەوی جیهانی لەم مەیدانەدا.
15. دابین کردنی کار یا بیمەی بێکاری بۆ هەر بێکارێکی کچ یا کوڕ، ژن یا پیاو.
16. دابین کردنی خانووبەرەی گونجاو و خوێندنی گشتی بێ بەرابەری هاوچەرخ و خزمەتگوزاری تەندرووستی بێ بەرابەری پێشکەوتوو بۆ هەموان.
17. دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندن و خزمەتگوزاریە پێویستەکانی تر بۆ خاوەن پێداویستە تایبەتەکان و مەشق پێکردن و ئامادە کردنیان بۆ کار و گەشەپێدانی لێهاتووییەکانیان.
18. پەیرەو کردنی سیاسەتێکی ئابووری کە لەسەر بناغەی گەشەپێدانی مرۆڤ و یەکسانی و پەرەپێدانی داهێنانەکانی و دابینکردنی خۆشگوزەرانیەکەی بێت.
19. دابین کردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان لە میزانیەی دەوڵەت، لە چەشنی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تری پێویست.
20. دەستەبەرکردنی مافی سەفەرکردن و گواستنەوە و نیشتەجێبوون بۆ هەموو کەس بەبێ قەید و شەرت.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

5 ی دێسامبری 2019

# بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان و ئاسۆی هەڵسانەوەی



نادر عبدالحمید

**درێژەی لاپەڕە یەك:**

بۆ داپۆشینی گەندەڵیەکانی دەسەڵات و بەدەستهێنانی سود و قازانجێکی زۆرتر و ئاسانتر لە لایەن سەرمایەداران و ڕێگرتن لە کرێکاران تا نەتوانن بەرگریەکی دەستەجەمعی لە بەرژەوەندیەکانیان بکەن و بەهاوبەشی و یەکدەست ڕووبەڕووی پێشێلکاریەکانی دەسەڵات و خاوەنکارەکان بوەستنەوە و وەک تاکە کەسی بێ پشتوپەنا بکەونە بەردەم بەرداشی زەبەلاحی سەرمایە و دەسەڵاتە سیاسیەکەی بە خۆی و دامودەزگا سەرکوتگەر و یاسا زاڵمانەکانیەوە دەرحەق بە کرێکاران.

حزبە ناسیونالیستە کوردیەکان، دەستیان بە خوێن سورە و مێژوویەکی خوێناویان هەیە لە سەرکوت و تێکشکاندنی بزوتنەوە جەماوەریەکان و ڕێکخراوەکانیان و ڕاوەدونانی چالاکوانیان. ئەوەی کە (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە کۆتایی پەنجاکان (دوای تەموزی ١٩٥٨) و دەیەی شەستەکان و سەردەمی (حوکمی زاتی ١٩٧٠-١٩٧٤) پێی هەڵساوە لە لەباربردنی بزوتنەوە جەماوەریەکانی کرێکاران و جوتیاریەکان و خوێندکاران و لاوان و خوێندکارانی شۆڕشگێڕ و ژنانی ئازادیخواز و تێکشکاندنی سەندیکاکان و کۆمەڵە جوتیاریەکان (جەمعیاتی فەلاحی) و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و خوێندکاران و ڕاوەدونانی چالاکوانەکانیان وەک بەشێک لە سیاسەتی هستریانەی دژ بە پەرەگرتن و بڵاوبونەوەی شەپۆلی شیوعیەت لە کوردستانی ئەو کاتەدا، ئەوە تەواوکەری ئەو سیاسەتە بوو کە دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستە فاشیستەکانی عەرەبی لە حکومەتی ناوەندیدا پێی هەڵسان لەسەر ئاستی عێراقدا کە ئەو بزوتنەوانەیان خەڵتانی دەریایەک لە خوێناوی شوعیەکانی عێراق کرد.

لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیستیشدا (بەرەی کوردستانی) و لە سەروشیانەوە هەردوو حزبی ("پارتی" و "یەکیەتی") کەوتنە دژایەتی بزوتنەوە جەماوەریەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان و ڕێکخراوەکانیان و فشارهێنان بۆیان، وەک بزوتنەوەی شۆراکان (ئازاری ١٩٩١) ڕێکخراو لە چەندین شۆرای گەڕەک و شۆرا پیشەییەکاندا، بزوتنەوەی دژی بێکاری (١٩٩٢) ڕێکخراو لە (یەکیەتی بێکاران لە کوردستان)، بزوتنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی ژنان کە (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) نوێنەرایەتی دەکرد، (کۆمەڵەی ئاوارەکان) کە ڕێکخەر و ڕابەری بزوتنەوەی بەرگری بوو لەو ئاوارانەی کە "ڕژێمی بەعس" بەزۆر دەریکردبون لە کەرکوک و دەربەدەربون، هەروەها بزوتنەوەی لاوانی ئازادیخواز و (ڕێکخراوی کارمەندانی کەرتی تەندروستی) یش، ... کە هەموو ئەم ڕێکخراو و بزوتنەوانە چالاکوانانی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان دەسپێشکەریان دەکرد لە هێنانەدی و وەڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنیان لە کوردستانی عێراقی ئەو کاتەدا.

دژایەتی حزبەکانی (بەرەی کوردستانی) لە سنوری فشارهێنان و لەمەنگەنەدانی ئەو ڕێکخراوانە واوەتر ڕۆیشت بۆ داخستنی دەرگاکانیان بە زۆری چەک، وە لە سنوری ڕاوەدونان و هەڕەشە و تۆقاندنی چالاکوانان واوەتر ڕۆیشت بۆ گرتن و ترۆر کردنیان وەک لە چەند حاڵەتێکدا بینیومانە، وێڕای ئەمانەش هەڵساون بە گرتن و ترۆری چالاکوانانی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی بیست و سەرەتای هەزارەی دووەم.

جا بەم شێوەیە و دوای گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و پێشێلکاری زیاتر لە دە ساڵ (١٩٩١-٢٠٠٣) دژ بەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە و ڕێکخراوەکانیان و چالاکوانیان و لەباربردنی ئەو بزوتنەوانە و دامرکاندنەوەیان، هەردوو حزبی دەسەڵاتداری ("پارتی" و "یەکیەتی") توانیان دوای ساڵانی (٢٠٠٣) و هەر حزبەش لە سنوری "زەرد" و "سەوز"ی خۆیدا، ڕێگە خۆشبکات بۆ دەستبەسەراگرتنی تەواوەتی بەسەر "یەکیەتی گشتی کرێکارانی کوردستان" و "سەندیکا کرێکاریەکان"ی ژێر ئەو یەکیەتیە و داسەپاندنی سەرۆک و بەرپرسی حزبی خۆیان بەسەریاندا و بەکارهێنانیان وەک ئامرازێک دژ بە ئازادی ڕێکخراو بوونی سەربەخۆی کرێکاران و بەرگرتن بە خستنەڕووی خواستە کرێکاریەکان و پوچەڵکردنەوەی ناڕەزایەتیەکانیان و سیخوڕی کردن بەسەر چالاکوانان و ڕاوەدوونانی ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان و خامۆش ڕاگرتنی هەموو ئەو چالاکیانەی کە پەیوەستن بە بۆنە کرێکاریەکانەوە وەکو بۆنەی یەکی ئایار بۆ نمونە.

ئەمە و پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتیش لە سێ دەیەی ڕابردوودا ( ١٩٩١-٢٠٢٠) بۆتە هۆی ئەوەی کە پەیکەرە و پێکهاتەی ناوخۆیی چینە کۆمەڵایەتیەکان، لەوانە هی چینی کرێکاریش لە هەرێمی کوردستاندا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت و پێکهاتەکەی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەک کە وەک چینێکی تازە شکڵگرتووی بێ ئەزمونی خەباتکارانە و بێ سوننەتی ڕێکخراوبوونی سەندیکایی هاتەئاراوە لە ژێر فشاری دەسەڵاتێکی میلیشیایی و لە بارودۆخێکی جەنگ و شەڕی قەومی و تائیفی خوێناویدا. ئا لێرەدا چالاکوانانی کرێکاری و ڕابەرانی مەیدانی و کرێکارانی پێشڕەو و سۆشیالیستەکان ڕوبەڕووی گرێوگۆڵە و کۆسپی تایبەت بوونەوە لەمەڕ چۆنیەتی بەئاگاهێنانەوە و ڕێکخراوکردنی ئەم چینە "تازە"یە و هەڵسانەوەی بزوتنەوەکەی کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێویستی هەم بەکات و هەم بە دۆزینەوە و هێنانەدی میکانیزمی گونجاو و شێوەکاری کۆمەڵایەتی خۆی هەیە.

جا بزوتنەوەی کرێکاری لەگەڵ بونی ناڕەزایەتی بەردەوام و دەسپێشکەری ڕابەران و چالاکوانانی کرێکاری و شۆشیالیستەکان بۆ هێنانەدی ڕێکخراوەی کرێکاری سەربەخۆ لە دەسەڵات لە کەرتەکانی بیناسازی و تەندروستی و کارەبا، ... و پێکهێنانی لیژنەی ڕێکخراوەیی لەو کەرتانەدا، هەروەها لەگەڵ چالاکی جۆراوجۆری هەر ساڵەش بەبۆنەی یەکی ئایارەوە، ... بەڵێ لەگەڵ



هەموو ئەمانەشدا بزوتنەوەی کرێکاری نەیتوانیوە پشتی خۆی ڕاستبکاتەوە، خۆی ڕزگار بکات و لەژێر باری فشارەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بێتە دەرەوە و هەڵسێت بە پێکهێنانی سەندیکا و ڕێکخراوە و یەکیەتی کرێکاری سەربەخۆ لە حزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم.

گەرچی سەرەتایی بوونی ئاگایی چینایەتی لای توێژە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار و کەمی ئەزمونی چالاکوانان و ڕابەرانی سۆشیالیست لە مەیدانی کاری ڕێکخراوەییدا، هەروەها شێوەکاری چەوتی نا کۆمەڵایەتی و نا کۆمۆنیستانەی حزب و ڕێکخراوەکانی چەپی ڕادیکاڵی کوردستان لە مامەڵەیان لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاریدا، ... بەڵێ گەرچی گشت ئەمانە بەشدارن لە نەهاتنەدی و پێکنەهاتنی سەندیکا و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران لە کوردستانی عێراقدا، بەڵام نەبوونیەکەیان بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگری لە ئازادی ڕێکخراوبوون و پێشێلکاری و زەبروزەنگی دەسەڵاتی حزبە میلیشیا فەرمانڕەواکانی هەرێمەکە.

هێنانەدی ڕێکخراوەی کرێکاری سەربەخۆ لە دەسەڵات لە کەرتە جۆراوجۆرەکان و ڕێکخستنی ڕیزی کرێکاران لە ڕووبەڕووبونەوەیاندا دژ بە پێشێلکاریەکانی سەرمایەداران و داسەپاندنی ئازادی ڕێکخراوبوون بەسەریاندا، ئەستەمە بێتەدی بەبێ وەستانەوە بەڕووی دەستدرێژیەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆسەر مافی کرێکاران بەتایبەت دەستدرێژی بۆسەر ئازادی ڕێکخراوبوون و مانگرتن، جا ***هەڵسانەوەی بزوتنەوەی کرێکاری و هێنانەدی ڕێکخراوە کرێکاریە جەماوەریەکان مەسەلەیەکی سیاسی چینایەتیە بەر لەوەی مەسەلەیەکی ڕێکخراوەیی پیشەیی توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان بێت*** کە ڕیفۆڕمیستە سەندیکالیست و لیبراڵەکان وا باسی لێوە دەکەن و دەیانەوێت هەم ڕێکخراوەی کرێکاری هەم خەباتی کرێکاری لەو چوارچێوە بەرتەسکەدا قەتیس بکەن ئەویش بە مەبەستی دەسکۆتاکردنی کۆمۆنیستەکان لەناو بزوتنەوەی کرێکاریدا.

مێژوو شایەدی ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا و لەوانە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشدا پێشڕەو و دەستپێشکەر بوون لە پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاری و سەندیکا و یەکیەتیە کرێکاریەکان، چونکە یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی کۆمۆنیزم کە بەشێکە لە پێناسەکەی هەڵسوڕانی بێدەربەستانە و بەشداری چالاکانەیە لە پرۆسەی بەرجەستەکردنەوەی بزوتنەوەیەکی کرێکاری بەهێز لەهەر وڵاتێک و لەسەراسەری جیهانیشدا، لە پێناو بەدەستهێنانی خواستە پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکان و داسەپاندنی هەلومەرجێکی سەردەمیانەی کار و ژیان بەسەر بورژوازی و دەسەڵاتەکەیدا.

ئەوەی کە لەم نێوەدا کۆمۆنیستەکان جیا دەکاتەوە وێڕای ئەوەی کە لە کارکردندا لە هەموان جدی ترن، بەرژوەندی گشت چینی کرێکار لەبەرچاو دەگرن لە مامەڵەیاندا لەگەڵ توێژە جۆراوجۆرەکانی کرێکاراندا، وە هەمیشە و بەردوام نوێنەرایەتی گشت بزوتنەوەی کرێکاری دەکەن لە قۆناغە جیاجیاکانی پەرەسەندنی کێشمەکێشی نێوان پڕۆلیتاریا و بورژوازی. کۆمۆنیستەکان بەم ئاسۆیەوە ڕێنمایی توێژ و بەشە جیاجیاکانی چینی کرێکار دەکەن لە چۆنیەتی ڕێکخراوکردنی خۆیاندا، واتا کۆمۆنیستەکان ئەوانەن کە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەیان هەیە بۆ بارودۆخی بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێڕەوی پەرەسەندن و ئاکامە گشتیەکانی ئەو بزوتنەوەیە.

بورژوازی بەتایەبت لە سەردەمی سەرمایەداری گەندەڵدا، بەشێوەیەکی جێنیتیکی و ستراتیژی ڕوو دەهێنێت بۆ خنکاندنی ئازادی ڕێکخراوبوون و بەکارهێنانی توندوتیژی دژ بە چینی کرێکار، بەرلەوەی ناچار بێت پەنا بەرێت بۆ تاکتیکی سازش لە پێناو شلوێکردن و لاوازکردنی بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکەی و دامرکاندنەوەی ئاگری ناڕەزایەتیەکانی. ئەم ڕووهێنانەی بورژوازی لەم سەردەمەدا گەرچی بەشێوەیەکی زۆر زبر و دڕندانە هەستی پێدەکرێت لە "وڵاتانی سەرمایەداری پەراوێز" (peripheral)یان ئەو وڵاتانەی ناسراون بە (وڵاتانی جیهانی سێهەم) و پێشتر داگیرکراوبوون لەلایەن ئیمپریالیزمەوە، بەڵام ئەم دیاردەیە تەنها بەو وڵاتانەوە سنوردار نابێتەوە و لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش واتا لە (وڵاتانی سەرمایەداری چەق) و لە دڵی سیستمی سەرمایەداری جیهانیشدا دەبینرێت.

هێنانەدی ڕێخکراوە کرێکاریەکان بەندن بە پلەیەک لە بەهێزی چینی کرێکار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، بەڵام بوونی مەیل و ڕەوتی کۆمەڵایەتی چینایەتی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە سەردەکێشێت بۆ ڕەنگدانەوەی دیاریکراو لەناو چینی کرێکار و بزوتنەوەکەی و ڕێکخراوەکانیدا، بۆ نمونە بەهێزی ڕەوتی لیبرالیزم و باڵە چەپەکەی وەک بزوتنەوەیەکی ڕیفۆڕمخوازی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا، ڕەنگدانەوەکەی لەناو چینی کرێکاردا دەبێتە بەهێزکردنی ڕەوتی ڕیفۆڕمخوازی لەناو بزوتنەوەکەی و بەرجەستەبوونەوەی لە ڕێکخراوەکانیدا لە شێوەی سەندیکای بیرۆکراتی و بزوتنەوەیەکی سەندیکایی ڕیفۆڕمخواز، کە نمونە بەرجەستەکەی لە ئەوروپای سۆشیال دیموکراتەکاندا دەبینین.

بەهێزی ڕەوتە قەومی و ئاینیەکان وەک مەیلی فکری و سیاسی ناو چینی بورژوازی عێراق بەگشتی و کوردستانیش بە تایبەتی پاڵی ناوە بە مەیلی ڕیفۆڕمخوازانە و لیبرالانەوە بەرەوە پەراوێزی کۆمەڵگە، ئەم لاوازیەی مەیلی لیبرالی و ڕیفۆڕمخوازانەش لە ناو بزوتنەوەی چینی کرێکاردا بە شێوەی لەئارادا نەبوونی بزوتنەوەیەکی سەندیکالیستی ڕیفۆڕمخوازی ڕەسەن و سەندیکای کرێکاری ڕیفۆڕمخوازی سەربەخۆ لە حزبەکانی دەسەڵات خۆی دەنوێنێ.

ئەمە و پەنابردنی دەسەڵاتی بورژوازی عێراقی و ناسیونالیزمی کورد بەشێوەیەکی موتڵەق و بە درێژایی مێژووی عێراق بۆ توندوتیژی و ئیستیبداد لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ماناکەی لە پەیوەند بە بزوتنەوەی کرێکاریەوە بۆتە ڕاوەدوونان و تەنگپێهەڵچنینی ڕابەرانی کرێکاری و کرێکارانی پێشڕەو و چالاکوانان ناوەندە کرێکاریەکان کاتێک هەوڵیاندابێت مانگرتن و ناڕەزایەتیەکان ڕێکخراو بکەن و ڕێکخراوەی کرێکاری سەربەخۆ بهێننەدی، نەک هەر ڕێکخراوەی ڕادیکاڵ بەڵکو هەتا هەوڵدانیشان بۆ هێنانەدی سەندیکای ڕیفۆڕمخوازی سەربەخۆ کەوتۆتە بەر ڕاوەدوونان و تەنگپێهەڵچنین.

بەڵام کۆمۆنیزم وەک ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕ، لاوازیەکەی لەناو چینی کرێکار و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی کوردستانی عێراق، هاوڕای توندوتیژی بورژوازی و پەلاماری ڕەوتە کۆنەپەرستەکان بۆ خنکاندنی، وا ڕەنگی داوەتەوە لەناو بزوتنەوەی کرێکاریدا کە هێنانەدی ڕێکخراوە کرێکاریە ڕادیکاڵ و سەندیکا سورەکان و دامەزراندنی بزوتنەوەیەکی شۆرایی لە لایەن ڕابەرانی کرێکاری سۆشیالیستەوە کارێکی سەخت و دژوار بێت.

هاوڕای داڕمانی بلۆکی ڕۆژهەڵات لە کۆتایی سەدەی بیستدا، هێرشێکی دڕندانە کرایەسەر کۆمۆنیزم و بەها یەکسانخوازیەکان کە لە لایەنێکیدا بووە هۆی پاشەکشەی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار و پوکانەوەی سەندیکا و یەکیەتیە کرێکاریەکان و لەدەستدانی ئەو دەسکەوتانەی کە بەدەستیانهێنابوو. هەرچەندە سەندیکالیستەکان و ڕیفۆڕمخوازەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری چەندین هەوڵیاندا بۆ بەرگرتن بەم پاشەکشە و پوکانەوە ڕێکخراوەییە بەڵام بێسود بوو، چونکە ئەو زەمینەیەی کە بزوتنەوەی کرێکاری و ڕێکخراوەکانی گەشەدەکات لەسەری واتا بەهاکانی عەدالەتخوازی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی (کە توخمە بنچینەییەکانی کۆمۆنیزمن) لەگرێژنە برابوون و خودپەرستی و فەردانیەتی لیبرالی جێگەی گرتبوونەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.

ڕێکخراوە کرێکاریەکان لەسەر زەمینەیەکی مادی واقعی سەرهەڵدەدەن کە ئەویش دژایەتی بەرژەوەندی کرێکارانە لەگەڵ سەرمایەدارانی خاوەن هۆکانی بەرهەمهێنان، و هەوڵوکۆششی کرێکارانە بۆ بەرگری لە مافەکانیان و خەبات کردنیانە بۆ بەدەستهێنای خواستەکانیان، وێڕای ڕووبەڕووبونەوەشیان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی کە پارێزەری بەرژەوەندی سەرمایەدارانە.

گەرچی هێنانەدی ئەم ڕێکخراوانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆن لە بارودودۆخێک کە ڕەوتی کۆمۆنیستی لە هەر وڵاتێک پیا تێپەڕ دەبێت، بەڵام سەرکوتکردنی ڕەوتی کۆمۆنیستی و تەنگەبەرکردنەوەی ئاسۆی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و بەها یەکسانیخوازەکان لەلایەن دەسەڵاتی بورژوازی و ڕەوتە کۆنەپەرستەکان و ئەو ڕەوتانەوە کە دژە شۆڕشن

بۆ لاپەڕە (٥)



# کرێکارانی کەرت تایبەت لە سەردەمی کۆرۆنادا
## لە نێوان نابەرپرسیارێتیی خاوەنکار و شەرمەندەیی حکومەتدا

**بابان ئەنوەر**

هاتنەپێشی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید- ١٩)، تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو، هەم بۆ مرۆڤایەتی، هەم بۆ فەرمانڕەوایان و داڕێژەرانی سیاسەتی جیهان. دەمێک بوو سیستمی سەرمایەداریی فەرمانڕەوای جیهان، هەر خۆی پرسیاری بۆ خۆی دادەنا لە تاقیکردنەوەکاندا و شانازیی بە وەڵامە ڕاستەکان و نمرە بەرزەکانیشییەوە دەکرد. هەر چەندە بۆ زۆرینەی خەڵکی جیهان ئەم فێڵ و قۆپییە گەورەیە ئاشکرا بوو، هەموو دەمانزانی ئەم خوێندکارە بەدکارە لە کام قوتابخانە دەخوێنێت و فێری چی دەبێت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەتاکە، سیستمەکە ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی گەورە بووەوە، هەر چەندە سەرەتا حکومەتە سەرمایەدارەکانی جیهان، دەیانویست وەک هەر قەیران و تەنگەژەیەکی دیکەی سیستمەکەیان، پەردەپۆشی بکەن و بیشارنەوە، بینیمان زۆرێک لە سەرکردەکانی جیهان لە سەرەتادا یان گاڵتەیان بە ڤایرۆسەکە و کاریگەرییەکانی دەکرد، یاخود گاڵتەیان بە حکومەتی وڵاتانی دیکە دەکرد و پێیان وابوو ئەمە خۆیان ناگرێتەوە، ئەوەی شکستی هێناوە تەنها کۆمەڵە حکومەتێکی لاوازن. بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ واقیعییەتە مەترسیدارەکەی ئەم ڤایرۆسە، ڕووتبوونەوە و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی حکومەتەکانی کردە شتێکی حەتمی.

ئێمە نامانەوێت لەم بابەتەدا بگەڕێینەوە بۆ ڕووداوەکانی سەرەتای سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە، بەڵکو مەبەستمانە تیشک بخەینە سەر لایەنێک لە لایەنەکانی کاریگەریی ئەم ڤایرۆسە لە سەر کۆمەڵگە و تاکەکان، کە دەوڵەت و کەرتی تایبەتیش دەستەوەستانن لە ئاستیدا، ئەویش بێ مافییە دەرحەق بە کارمەندانی کەرتی تایبەت. هەڵبەت کە باس لەم بابەتە و ئەم توێژە دەکەین، مەبەست ئەوە نییە دۆخی بێکاران و کارمەندانی کەرتی گشتی لەم وڵاتە هێندە باش بێت، بەڵام ڕەنگە تایبەتمەندییەک هەبێت لە دۆخی کرێکارانی ئەم کەرتەدا.

لە کۆتاییەکانی مانگی شوباتدا، کارکردن لە زۆرینەی هەرە زۆری دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا ڕاوەستا. کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایانی ئەو کەرتە، بە دەر لە ویست و ئارەزووی خۆیان، دەستیان لە کار هەڵگرت و ناچار بوون لە ماڵەوە دابنیشن. هەر پاش چەند ڕۆژێکی کەم دەنگۆی ئەوە بەرز بووەوە کە موچەکانیان لێ دەبڕێت بە هۆی تەواونەکردنی کارەکانیان لە مانگی شوباتدا! هەر چۆنێک بێت بە هۆی کەمیی ماوەی ئەو ڕۆژانەی کە کاریان نەکردبوو لە مانگی شوباتدا، بەشی هەرە زۆری کرێکاران موچە و کرێیان وەرگرت، بەڵام لە هەندێک جێگە کرێیان لێ بڕا! ئەمەش زەنگی سەرەتایەکی مەترسیدار بوو.

ئەم دۆخە لە مانگی سێدا زیاتر قووڵ بووەوە، بەشێک لە کارمەندانی کەرتی تایبەت موچەیان دوو هەفتە دوا کەوت، بەشێکی دیکەیان نیوەی موچەکانیان پێ درا، بەشێکی دیکەشیان بە ناوی قەرز و گێڕانەوەوە بەشێک لە موچەکانیان لە کاتی خۆیدا پێ نەدرا. ئەمە لە کاتێکدا بە پێی یاسای کاری عێراقی، دەبێت لە دۆخێکی وەهادا کرێکاران موچەی تەواو وەربگرن تا دوو مانگ.

وا ئێستاش کۆتایی مانگی نیسان و سەرەتای مانگی ئایارە، بە ئاشکرا بە بەشێکی زۆر لە کارمەندانی ئەم کەرتە گوتراوە (بە تایبەت کەرتی پەروەردە کە هێشتا دەوامیان دەستی پێ نەکردووەتەوە) کە موچەی وەرناگرن یان لە باشترین حاڵەتدا بە دڵنیاییەوە موچە و کرێی تەواوی خۆیان وەرناگرن، بەڵکو تەنها بڕێکی ڕەمزی وەر دەگرن. بە هەمان شێوەی مانگی پێشوو، لەم مانگەدا بڕین و کەمکردنەوە و دواخستنی کرێی کرێکاران و کارمەندان، زیاتر دەبێت و فراوانتریش دەبێت.

لە هەموو ئەوانە کۆمیدیتر، هەڵوێستی بەشێکی زۆر لە خاوەنکارەکانە، کە دەڵێت "پارە و کرێتان بۆ چییە، خۆ ئێوە لە ماڵەوە دانیشتوون"! ئەم قسەیە وێڕای ئەوەی لووتکەی نابەرپرسیارێتییە و هەڵوێستێکی نائەخلاقییە، هاوکات نیشانەی بەکەم تەماشاکردنی کرێکاران و تێنەگەیشتنە لە ژیان و گوزەرانیان. ڕەنگە بە ئاسانی ئەو قسەیە ڕووی خۆیان بگرێتەوە، لە کاتێکدا بەردەوام کەمترین ماندووبوون دەبینن و هەر دانیشتوون، کەچی زۆرترین داهاتیان دەست دەکەوێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوە بکرێت، ئەو بۆشاییە گەورەیەیە کە حکومەت دروستی کردوە، ئەمە ئەگەر ڕاست بێت پێی بگوترێت حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن. جێی خۆیەتی پێش ئەوەی باس لە ستەمی خاوەن کارەکان بکەین، بێین بپرسین بۆچی حکومەت لە بەرانبەر ئەم دۆخە و ئەو هەموو بێ مافییەدا بێ دەنگە؟

ئەم حکومەتەی هەرێم خۆی لە ملیاردێر و خاوەن پڕۆژە هەرە زەبەلاح و کۆمپانیا هەرە گەورەکانی کەرتی تایبەت پێکهاتووە، کە توێژی سەرمایەدارانی ناوەنجییش لە کوردستاندا بەشێکی تەواوکەری چالاکیی ئابووریی ئەو کۆمپانیا و پڕۆژە گەورانەی حزبە خاوەن دەسەڵاتەکانن و هەر لە داوێنی ئەم حزبانەشدا دەلەوەڕێن. جا حکومەتێک کە لە خاوەنەکانی ئەو کۆمپانیا گەورە و پڕۆژە زەبەلاحانە پێکهاتوە و شکستی هێناوە لە دابینکردنی موچە و کرێی کارمەندان و فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، بێگومان شەرم دەیگرێت و خەجاڵەت دەبێت لێپێچینەوە لەو کۆمپانیا و پڕۆژانە بکات کە لە داوێنی کۆمپانیاکانی خۆیاندا و بۆ برەوپێدان و گەشەپێدانی بازاڕی ئەوان کار دەکەن و ناتوانێت ناچاریان بکات کرێی کرێکاران و کارمەدانیان بدەن.

ئەم حاڵەتە ڕوویشی داوە، لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە پەیوەندیدارەکان، وەک جێبەجێکردنێکی ڕۆتینیی دەقە یاساییەکان، داوا لە هەندێک کۆمپانیا کراوە کرێی کرێکار و کارمەندانیان بدەن و دوای نەخەن، بەڵام خاوەنکار و کۆمپانیاکان زۆر بە سادەیی و بێمنەتانە وەڵامیان داونەتەوە و پێیان گوتوون کە ئێوە خۆتان ناتوانن موچەی کارمەندەکانی خۆتان بدەن چۆن دەتوانن داوای پێدانی موچە لە ئێمە بکەن! لە سەر ئاستی سەرەوەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمیش، بە شێوەیەکی شەرمنانە لە چەند بەیاننامەیەکدا، بە تایبەت لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە، هەمان داوایان لە کەرتی تایبەت کردوە، بەڵام پێش ئەوەی مەرەکەبی سەر نووسراوەکەیان وشک بێتەوە، خاوەنکارەکان دڕاندوویانە.

پاساوی خاوەن کارەکانیش بۆ کەمکردنەوە و بڕین و دواخستن و نەدانی موچەی کرێکارەکانیان، ئەوەیە کە بە هۆی ڕاوەستانی کارەوە، بەرهەم و داهاتیش ڕاوەستاوە، بۆیە ناتوانن کرێ بدەن. بێگومان ئەمەش پاساوێکی بێ بنەمایە، لەبەر ئەوەی کاری کۆمپانیاکان کاری خێرخوازی و بێ قازانج نییە، لە دەیان مانگ و ساڵی پێشوودا پارەیەکی بێشووماریان کۆکردوەتەوە، ئەگەر مەبەستیان بێت دەتوانن لەو پارەیە کرێی کارمەندەکانیان بدەن. کەس باوەڕ بەوە ناکات کە کاری هیچ کام لە کۆمپانیاکان بەو جۆرە بێت کە تەنها بتوانن پارەی ئەو مانگە بدەن کە کاری تێدا دەکەن، بەڵکو هونەری کارەکەی ئەوان بریتییە لە کۆکردنەوەی قازانج بۆ دەیان مانگ و ساڵ.

دواجار لەم نێوەندەدا ئەوە کرێکارانی کەرتی تایبەتن کە دەبنە قوربانیی نابەرپرسیارێتیی خاوەنکارەکان و شەرمەندەیی حکومەت، ئەو حکومەتەی کە بڕیارە چاودێر و لێپرسراو بێت بۆ بەدواداچوونی کاری کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، وا ئێستا بە هۆی شکستی خۆیەوە، شەرم دەکات لێپرسینەوە لە کۆمپانیاکان بکات.

بۆیە لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا ئەگەر کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت نەیانەوێت لەوە زیاتر مافخوراو بن، ئەوا پێویستە بیر لە ژیان و چارەنووسی خۆیان بکەنەوە و لە گفتوگۆدا بن لەگەڵ یەکتریدا و خۆیان ڕێکخراو بکەن و هەوڵ بدەن بۆ دروستکردنی گروپی فشار و ڕێکخراوی کرێکاران و کارمەندانی سەربەخۆ، بەڵام ڕێکخراوێکی جیاواز لەو ڕێکخراو و سەندیکا مردوانەی دەیان ساڵە تەنها کاریان شەرعیەت دان بوە بە بێمافیی کرێکاران و کارمەندانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و کرێکاران و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کەرتی ئەهلی بە شێوەیەکی تایبەت.

تاکە ڕێگەش بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان، هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیانە بۆ گەیاندنی کێشەکانیان بە خاوەن کارەکان و قایل نەبوون بە پێشێلکردنی مافەکانیان؛ خۆ ئەگەر وەڵام بە خواستەکانیشیان نەدرێتەوە، هەوڵ بدەن سوود لە هێزی ڕێکخراوبوون و یەکپارچەیی خۆیان وەربگرن بە مەبەستی فشارهێنان بۆ خاوەنکار و سەرمایەداران، تا ناچار بن وەڵامی خواستەکانیان بدەنەوە. دواجار هەر ئەمەش ڕێگەی واقیعی و دڵنیاییبەخشە بۆ داواکردنی مافەکان، چوونکە شەرمەندەیی حکومەت لە ئاست کۆمپانیاکاندا، هەر بەردەوام دەبێت و هیچ ئومێدێک نییە تا ئەو حکومەتە بتوانێت بەرگری لە مافی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت بکات، بەڵکو تەنها خۆیان و نوێنەرانی خۆیان دەتوانن بەم کارە هەستن.

سەرەتای ئایاری ٢٠٢٠




---

لە دوا ئەنجامدا دەبێتە گۆڕینی تەرازووی هێز لەنێوان مەیل و ڕەوتەکانی ناو بزوتنەوەی کرێکاری لە بەرژەوەندی ڕیفۆڕمخوازی و دەستەوستانی، وە بەم پێیەش لاوازی بزوتنەوەکە و ئاسانبونی دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات بەسەریدا و کارئاسانی بۆ سەرمایەداران و خاوەنکارەکان بۆ وەستانەوەیان بەڕووی ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان و وەڵام نەدانەوە بە خواستەکانیان.

ئەم ڕاستیە نەک هەر دیاردەیەکی جیهانیە بەڵکو واقعێکی مێژوییشە و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەچاوی خۆمان دەیبینین  کە چۆن دەسەڵاتی ناوەندی عێراق و ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی بورژوازی کۆمۆنیزم سەرکوت دەکەن و دەستدەگرن بەسەر ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا و ملکەچیان دەکەن بۆ کۆمپانیا و پڕۆژە ئابوریەکانی سەرمایەداران، وە لە کوردستانیشدا ئەم کارە لە شەستەکان و حەفتانەوە لەلایەن "پارتی"یەوە و لە نەوەتەکانیش بەدواوە لەلایەن "بەرەی کوردستانی" و حزبە قەومیەکانی فەرمانڕەوا  لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت.

بەڵام گەشەی چەپ و بەربڵاوبوونی بەها یەکسانیخوازەکان و ئاسۆی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، هەم لە ڕابردوو و هەم ئێستاش پاڵپشت و پاڵنەرێکی بەهێز بوون و هەن بۆ بزوتنەوەی کرێکاری (و ئەڵبەتە بۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەک هی ژنان و لاوان و خوێندکارانیش) و هەروەها بۆ هێنانەدی ڕێکخراوە جەماوەریە جۆراوجۆرەکانیان و بەهێزکردن و پتەوکردنی مەیلی سۆشیالیست و ڕادیکاڵ لەناویاندا. مێژووی عێراقی هاوچەرخ ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی پاشایەتی (تەموزی/١٩٥٨) و ڕاگەیاندنی سیستمی کۆماری شایەدی ئەوەیە کە چۆن لەگەڵ گەشەی چەپ و کۆمۆنیزمدا لەو کاتەدا ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە و ڕێکخراوەکانیان پوشکوتن، هەروەک لە کوردستانی عێراقیشدا پاش کشانەوەی سوپای عێراق لە دەیەی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا بینیمان کە چۆن پەرەسەندن و تەحەزوبی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی تازەگەشەکردوەی ئەوکاتە، بووە هۆی گەشەی چەندین بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ئازادیخواز و یەکسانیخوز و هاتنەئارای ڕێکخراوە جەماوەریەکانیان.

بەهەمان شێوەش لە ئارادابوونی ڕێکخراوە کرێکاریە سەربەخۆکان، واتا بوونی بزوتنەوەیەکی کرێکاری ڕێکخراو بەدەوری خۆی زەمینەیەکی بە پیت دەڕەخسێنێ بۆ بەهێز بوونی ڕەوتی کۆمۆنیستی و بەربڵاوبونی لە دەرونی چینی کرێکاردا، کە هەر ئەمەشە بورژوازی زەندەقی لێچووە و دوژمانەیەتی دەکات بە هێزی یاسا و زیندان و ڕاوەدوونان و ترۆری چالاکوانانی کرێکاری و کۆمۆنیست.

لە ئارادا نەبوونی ڕێکخراوەی کرێکاری ڕاستەقینە و سەربەخۆ جا چ ڕیفۆڕمخوازی بیرۆکراتی یا ڕادیکاڵی جەماوەری لە کوردستانی عێراقدا، وای کردوە ئەو "سەندیکا"یانەی کە هەن لە ژێر ناوی سەندیکای کرێکاری و سەندیکای پیشە جیاجیاکان وەیا لە ژێر ناوی (یەکیەتی گشتی کرێکارانی کوردستان) ببنە ئامڕازێک بۆ دەستبەسەراگرتنی حزبەکانی دەسەڵات بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری و خامۆش ڕاگرتن و لە قاڵبدانی ئەو بزوتنەوەیە لە چوارچێوەی پێداویستیەکانی دەسەڵاتیان و خزمەت پێکردنی سیاسەتە دژە کرێکاریەکانیان.

داسەپاندنی چاکسازی بەسەر چینی بورژوازی و دەسەڵاتەکەیدا ئاکامی هێزگرتنی چینی کرێکار و فشارەکەیەتی، لێرەوە داسەپاندنی ئازادی ڕێکخراوبوون و بەهێزکردن و پەرەپێدانی بزوتنەوەی کرێکاری بەندە بە ئاگاهی سیاسی کرێکاران بە بەرژەوەندیەکانی خۆیان وەک چینێک، ئەمەش نایەتەدی بەبێ بەرچاوڕۆشنی ڕوانگە و ئاسۆی ڕەوتی کۆمۆنیستی و بەهێزبوونی لە دەرونی چینی کرێکاردا. تەحەزوبی ئەم ڕەوتە کۆمۆنیستیە لە دەرونی چینی کرێکار و وەڕێخستنی لە کوردستانی عێراقدا کۆڵەگەیەکی بناغەیی دەبێت بۆ هەڵسانەوەی بزوتنەوەی کرێکاری (و ئەڵبەتە هەڵسانەوەی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی تری ژنان و لاوان و خوێندکاران) و هێنانەدی ڕێکخراوە جەماوەریە سەربەخۆکانیشیان.

خەبات لە پێناو هێنانەدی ئەم ئەرکە نەک هەر ئەوە ڕەت ناکاتەوە بەڵکو پێشدادەگرێتەوە لەسەر ئەوەی کە یەکەم: هەوڵ بدەین بۆ دامەزراندنی پەیوەندیەکی خەباتکارانە لە نێوان کرێکارانی پێشڕەو و سۆشیالیست و ڕابەرانی مەیدانی و چالاکوانانی بزوتنەوەی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی ناو ناوەندە کرێکاریەکان و گەڕەکەکانی شارەکان، بە مەبەستی هێنانەدی ڕێکخراوە کرێکاریە جۆراوجۆرەکان هەر لە پێکهێنانی ئەڵقە و کۆڕوکۆمەڵی هاوڕێیانە و کۆبونەوەی گشتیەوە بیگرە، تا هێنانەدی لیژنە و کۆمیتە و جەمعیات و سەندیکا کرێکاریەکان، تا دەگات بە وەڕێخستنی بزوتنەوەیەکی شۆرایی. دووەم، کاربکەین بە شێوەیەکی چالاکانە لەناو ناڕەزایەتیە کرێکاریەکان و بزوتنەوەی داواکاری خواستەکان و تێبکۆشین تا ڕابەرایەتی بزوتنەوەی کرێکاری بکەین لە کوردستاندا و پەیوەستی بکەینەوە بە بزوتنەوەی کرێکاری لە سەراسەری عێراق و پەرەی پێبسەنین بۆ ئاستی بزوتنەوەیەکی گشتی و یەکگرتوو بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانە کە بەدیلێک بخاتەڕوو بۆ کۆمەڵگە.

نیسانی ٢٠٢٠

# ڕاپۆرتێك دەربارەی (ڕێكخراوەی ئازادی ژن لە عێراق- OWFI)دا

**ئامادەکردنی: ڕۆژنامەی ڕەوت**

کاتێک ڕێکخراوی (ڕافیتۆی نەرویجی) لەساڵی (٢٠١٦) ڕایگەیاند کە (خەڵاتی ڕاڤیتۆی ساڵانە) بە یەنار محمەد، سەرۆکی (ڕێکخراوەی ئازادی ژن لە عێراق) دەدرێت، زۆرێک لە میدیاکارانی جیهانی عەرەبی و عێراقی پرسیان: ئەو ژنە کێیە، کە خەڵاتی دامەزراوەیەکی پێبەخشراوە کە چوار کەس لە خەڵاتکراوەکانی کاندید بوون بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی؟

یەنار پێشتر کەسایەتیەکی ناسراو بوو لە دژی داگیرکاری ئەمەریکا و بەرگریکردن لە ژنانی عێراق. ساڵی (٢٠٠٨) (خەڵاتی گروبەر)ی لە بەرگریکردن لە ماف و ژیانی ژنانی عێراقی وەرگرتبوو. وە لە هەڵسەنگاندنی ساڵی (٢٠١٨)ی بڵاوکراوەی (تایمس)یشدا لە نێو (١٠٠) لە کاریگەرترین ژنانی جیهاندایە.

نەبەردەکانی (ڕێکخراوەی ئازادی ژن) و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی خۆی لە نێو جەرگەی شەڕ و تەنگژەی پڕ مەترسی و کوشتاردا، چیرۆکی مێژوویەکی واقعی و پرشنگدارە، کە لێرەدا کورتەیەکی بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەکەمان ئامادەکراوە.

ئەم ڕێکخراوە لەپێناو یەکسانی و پاراستنی کەسایەتی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەیان لەگەڵ پیاوان، ڕووبەڕرووی کۆمەڵگای پیاوسالار و فەرهەنگی عەشایەری دواکەوتوانە بۆتەوە، ڕووبەڕووی ئیسلامی سیاسی و بێ نرخی ژن لە ئیسلامدا بۆتەوە کە ژن لە فەرهەنگەکەیدا کاڵایەکی سێکسی و بەندەیەکی خزمەتکاری پیاوانە.

ئەم ڕێکخراوە، ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکە بۆتەوە، چونکە پشتیوانەیەکی ئەو بارودۆخەیە لە نابەرابەری و ستەم لەسەر ژنان، هەر بۆیەشە دەسەڵات لە عێراقدا دژایەتی ئەم ڕێکخراوە دەکات و دەیەوێ سنورێک دابنێت بۆ چالاکیەکانی. ئەوەتا (سکرتاریەتی گشتی ئەنجومەنی سەرۆک وەزیزان)ی عێراق، لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠)دا داوایەکی یاسایی ئاراستەی (ئەنجومەنی دادگای باڵای عێراق) کردووە، تیایدا داوای کردوە (ڕێکخراوی ئازادی ژن) هەڵبوەشێتەوە، یەنار موحەمەد و هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوەکەش دادگایی بکرێن بە تاوانی هاندانی ژنان بۆ یاخی بوون لە دژی چەوسانەوە و داڵدەدانی ژنانی هەڵاتوی ژێر هەڕەشەی کوشتن لەلایەن کەسوکاریانەوە، هەروەها بە تاوانی ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە و هەڵسوڕاوەکانی بەشداری چالاکانەیان کردوە لە خۆپیشاندانەکان و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)دا.

بۆ پەرچدانەوەی ئەم هێرشە، چەندین کەمپین لە ئاستی جیهانی و لۆکاڵی و عێراقی و کوردستانی عێراقدا بەڕێخران. لەوانە لەلایەن؛ ڕێکخراوەی مادەر، دامەزراوەی ڕاڤیتۆی نەرویجی، کلتور مەگەزین، ماڵپەڕی حوار ئەلموتەمەدین، ڕێکخراوەکانی ژنانی عیراقی، کەمپینی هاوپشتی لەگەڵ (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و کەمپینی چاوی خەڵک و دەیان کەسایەتی و لایەنگرانی ئازادی و یەکسانی ژنان، هەڵسوڕاوەکانی بواری یەکسانی ژنان لە کوردستان و دەیان کەس لە پرۆفیسۆری بواری فێمێنیزم و جێندەر، نوسەران و هەڵسوڕاوان و خۆپیشاندەرانی عێراقی، تا دەگات بە یەکسانیخوازان و سوشیالیستەکانی جیهان و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە.

یەنار موحەمەد، لە (١٧) ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی تۆڕێکی گەورەی هاوپشتی نێونەتەوەیی لە ڕێکخراوە جیهانیەکان بۆ (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و بۆ مەسەلەی ژنان لە عێراقدا دروست بکات، لە دەیان کۆنفرەنس و کۆنگرەی جیهانی و هاوپشتی و سۆلیدارەتی لەگەڵ ژنانی عێراق بەشداری بکات، نەک هەر ئەوەش لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانیش وتار پێشکەش بکات.

(ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێرق) دەزگایەکی ڕاگەیاندی هەیە کە لە ڕادیۆ و چاپخانەیەک و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە پێکدێت. ڕادیۆ تا ئێستا بەردەوام بەرنامە پەخشدەکات، چاپخانەکە چەندین نامیلکە و کتیبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەش (٥٥) ژمارە لە ڕۆژنامەی یەکسانی (المساواة) و (٣٢) ژمارە لە بڵاوکراوەی ژنانی ڕاپەڕین (نساء الانتفاضة) بڵاوکراونەتەوە ئەم بڵاوکراوەیە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) بەهاوبەشی لەگەڵ (ڕێکخراوی ئازادی ژن)دا دەری دەکەن. هەروەها ئەم ڕێکخراوە هەڵساوە بە سازدانی چەندین سمینار و کۆرس و وۆرک شۆپی جۆراجۆر. سەرەڕای هۆشیارکردنەوەی ژنان بە ماف و کەسایەتیان و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا لە ئاپارتایدی دژ بە ژنان.

دەیان کەس لەو ژنانەی کە پێشتر لە ماڵە نهێنیەکاندا پارایزرابوون، ئێستا لەسەر دەستی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بوون بە خەباتکار و هەڵسوڕاو لەنێو ڕێکخراوەکەدا، بوون بە سەرپەرشتیکاری ماڵە پەناگاکان و تیمەکانی بەهاناچونەوەن و کادری ڕاگەیاندن بەدژی کۆنەپەرستی و ئیسلامی سیاسی و میلیشیاکانیان.




لایەنێکی یەکجار گەشی بەرنامەیی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، هەڵپێکانی چەوسانەوەی ژنانە بەسەرجەم کێشەکانی تری کۆمەڵگاوە. بە بەردەوامی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) خۆی وەک ڕێکخراوەیەک لەبەرامبەر تەواوی ئازادییەکان، شەڕی داعش، هەژاری و بێکاری و گەندەڵی دەسەڵاتدارانیدا بینیوەتەوە، لە خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی (١٧) ساڵی ڕابردوو، لە پاڵ خەڵک و خەباتی کرێکاراندا لە یەکی ئایارەکاندا، هەمیشە ئامادە بووە. ئەمە ڕەونەقی (ڕێکخراوەی ئازادی ژن) بووە، کە کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی لە ژێر پەرچەمەکەیدا کۆکردۆتەوە.

بەشداریکردنی چالاکانەی لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە عێراق، بە هەڵدانی خێمە و بڵاوکردنەوەی (نساء الانتفاضة) و ڕادیۆیی یەکسانی و بەشداری هەڵسوڕاوان و ئامادەبوونی خودی یەنار محمەد لە مەیدانی تەحریری بەغدا و وتاردانەکانی ئیدی دەوڵەت ژێر سایەی ئیسلامی سیاسی پیاوسالاری دژە ژن، وەک بەشێک لەسەرکوتی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و پاشەکشەپێکردنی ئازادیخوازی دەکەوێتە پەلاماردانی چاڵاکی ئازادانەی ئەم ڕێکخراوە.

کابوسی ئیسلامی سیاسی، دەنگ و ڕەنگ و هۆش و عەقل و جەستەی ژنانە. گەورەترین خۆپیشاندانی ژنان لە مێژووی عێراقدا لە ڕۆژی (١٣-٢-٢٠٢٠) بەڕێوەچوو بەتایبەت، لەدژی "ڕەوتی صەدر کاتێک ووتی ژنان ئەبێت جیا بن لە پیاوان و ڕێز لە دابونەریتی کۆمەڵگا بگرن". کاتێک تەلەفزیۆنی (ئافاق)ی سەر بە نوری مالکی، بڵاویکردەوە کە خۆپیشاندەران دەست بۆ ژنان و کچان دەبەن (تەحروشیان پێدەکەن)، سەدان ژن لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە، وتیان درۆیە و دەیەوێت ئێمە بترسێنێت. لە سەراسەری ئەو شارانەی کە وەک مۆڵگە و پایەگای ئیسلامی سیاسی دادەنرا "نەجەف" و "کەربەلا" دەیان هەزار کەس لە کوڕ و کچان بەشدارییان بوو. "شۆڕشی ئەمجارە تەنها لەدژی سیستەمی دەسەڵات نیە، بەڵکە لەدژی سیستەمی دینی و خێڵەکی و عەشایەریشە کە ڕێگە دەگرێت لە بەشداری ژنان". سەرەڕای ئەوەی هەڕەشەی ڕفاند و کوشتنیان لە هەڵسوراوانی ژنان دەکرد. "کوشتن بە بەزەیترە لە ڕفاندن:" ئەمە وتەی دەیان هەڵسوراوی نێو ژنان بوو.

ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و دواکەوتووە نەک هەر دەبێ ڕێگەی لێبگیرێت و ئەنجومەنی سەرۆک وەزیرانی عێراقەکەی و دەزگا موخابەراتیەکەی ناچار بکرێن بە کشانەوەی دەعواکەیان، بەڵکو دەبێ خۆیان دادگایی بکرێن لەسەر خوێنڕشتن و داسەپاندنی تراژیدیا بەسەر ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش و ڕاپەڕیوی عێراقدا.

وەستانەوە بەرووی دادگا و پەچەڵکردنەوەی ئەو دەعوا یاساییە، لەم کاتە ناسکەدا هەنگاوێکی چارەنوس سازە لە خەباتی یەکسانیخوازانەی بەرەی ژنان ڕووەو دادگایی ئەم دەسەڵات و حکومەتەکەی کە (١٧) ساڵە خەریکی تاڵانی سەروەتوسامان و گەندەڵی و داسەپاندنی بارودۆخێکن لە بێمافی ژنان و بێکاری و برسیەتی و کوشتاری ناڕازیان و خۆپیشاندەران.

ئەمەش بەشێک لە کارەکانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن):

توانیویەتی (٩٠٠) ژن لەمەرگی حەتمی ڕزگاربکات، لە شارەکانی بەغدا، موسڵ، کەرکوک، دیوانیە، نەجەف، وە ماڵی نهێنی و پەناگەی ئارام دابین بکات بۆ حەشاردانی ئەو ژنانەی لەژێر هەڕەشەی کوشتندان.




بەستنی چەندین کۆنگرە و کۆنفرەنس بۆ ناساندنی کێشەی ژنان و چاوکردنەوەی کۆمەڵگا، لەشفرۆشی، توندوتیژی دژی ژنان دەستدرێژی سێکسی و خۆکوژی ژنان لە ناوچەکانی بەغدا، دیوانیە، سامەڕا، بەسرا، کەرکوک، موسڵ.

بەشداری مەیدانی کردوە لە ڕزگارکردنی ژنان لە دەست داعش و گروپە تیرۆریستیەکان، چ ژنانی یەزیدی و چ ئەو ژنانەی وەک کۆیلەی جنسی لەلایەن ئەو باند و مافیایانە دەچەوسێندرانەوە.

پلاتفۆرمی ناساندنی تاوانی شەرەف، وەک تاوانی تیرۆریستی، لەلایەن دەوڵەت و دامەراوە قەزاییەکانەوە.

پەردە هەڵماڵین لەسەر دیاردەی بازرگانی بە کچانەوە لەلایەن باندە مافیاکان و دەوڵەمەندەکانی وڵاتانی خەلیجەوە.

کەمپین لە دژی یاسای جەعفەری و مارەکردنی مناڵانی (٩) ساڵە.

کار و چالاکی لەدژی بەکاڵابوونی ژنان و ژن بەژنە.

بۆ ئاگاداربوون لە خەباتی (ڕێکخراوەی ئازادی ژن) و بۆ بەشداریکردنتان لە کەمپینی هاوپشتی لەگەڵیدا، دەتوانن لەم لینکانە سود وەرگرن:

http://www.owfi.info/AR/

www.madre.org/press-publications/article/urgent-action-alert-stand-owfi

http://ehamalat.com/Ar/sign_petitions.aspx?pid

http://cultureproject.org.uk/2020/02/22/solidarity-with-organisation-of-womens-freedom-in-iraq

http://secure.avaaz.org/en/community/petitions

http://chawyxelk.org/dreja.aspx?=hewal&jmare

-*-*-*-*

چەند ڕاستیەک دەربارەی بارودۆخی ژنان لە عێراق

یەك: لە ڕاپۆرتێکی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنالدا لە (١٧-٤-٢٠١٨)دا هاتووە: ئەو ناوچانەی کە لەداعش پاکاکراونەتەوە، لەو کەمپانەی کە بەڕاستی وەک زیندانن و ئاوارە نێوخۆییەکانی تیاکۆکراونەتەوە، ژنان پێداویستی پزیشکیان نیە، وە لەهەر (٨) ژن یەکێکیان ڕوبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بۆتەوە لەلایەن "میلیشیاکان و دەزگای ئاسایشی چاودێر و بەڕێوەبەرایەتی کەمپەکان"ەوە و زۆرێک لە ژنان بۆ جیبەجیکردنی کارێک داوای سێکسیان لیدەکرێت. زۆر کەس شەوانە گوێیان لە هاوار و گریان و قیژەی ژنان بووە لەو کەمپانەدا. (سەرچاوە: amensty.com)

دوو: بەپێی ڕاگەیاندنیکی ساڵی (٢٠٠٩)ی ڕێکخراوی (UNFPA)ی سەر بە (UN)، لە (٦٨%) گەنجانی نێرنەی عێراق پێیان قەبوڵە ئەگەر "شەرەف"ی خیزانەکانیان بریندار بکرێ، کچەکانیان بکوژرێن.

سێ: لە (٢١%) ژنانی تەمەن (١٥-٤٩) ساڵ یانی ژنێک لەهەر پێنج ژن، لێدانی خواردووە لەلایەن پیاوەکەیەوە. وە لە (٨٣%)ی ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە چاودێری ورد دەکرێن. وە (٣٧%) لە خودی ژنانیش پێیان وایە ئەگەر ژنان بەقسەی مێردەکانیان نەکەن، مێردەکان بۆیان هەیە لێیان بدەن.

چوار: بەپێێ ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠١٢)ی هیومەن ڕایت وۆچ، لە (٣٦%)ی ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ئازار دروان. لە عێراقدا یاسایەک نیە بۆ پارێزگاری لە توندوتیژی ژنان لە نێوخێزاندا. زۆربەی هاوسەرەکان لەژنەکانیان وە زۆربەی باوک و برا لە خوشک و خوشکە بێوەژنەکانیان دەدەن. زۆربەی ئەو ژنانەی کە ڕایانکردوە لەدەست توندوتیژی دوای ئەوەی کە ئاشتکراونەتەوە لەڕێگای دەوڵەت و ڕێکخراوەکانەوە، پاش ماوەیەک یان کوژراون، یان خۆیان کوشتوە، یان کەسوکارەکەیان بەبزربوو ناساندویانە، کەئەمەش هەر کوشتن دەگەیەنێت. زۆربەی ئەو کەسانەی دەگەڕێنرینەوە لەبەر ئەوەیە کە جێگایەک بۆ مانەوە و داڵدەدانیان نیە.

پێنج: بەشوێن سوتاندنی (مەلاک زوبەیدی) لە شاری نەجەف لە (١٨-٤-٢٠٢٠)، لە ماوەی (٣) ڕۆژدا، تەنها لە بنکەیەک (٣٠) ژن لەڕێگەی فەیسبوکەوە داوای ڕزگاربونیان کردووە لە هەڕەشەی کوشتن (سەرچاوە: بی بی سی www.bbc.com-arabic)

شەش: لەعێراق بەپێی ڕاپۆرتەکانی (UN)بۆ ساڵی (٢٠١٥)، تەنها (١٤%)ی ژنان ئیش لەدەرەوە دەکەن، وە ئەمە کەمترین ئاستە لە تەواوی دونیادا. وە ڕێکخراوێکی تر کە لە ساڵی (٢٠١٣)دا هەڵسەنگاندنێکی لەسەر (٢٢) وڵاتی عەرەبی ئەنجامدا بوو، لەسەر ماف و توندوتیژی نێو خیزان و لەباربردنی منال و ڕێز و تیکەڵاوی لە کۆمەڵگەدا، عێراق لە دوەمین خراپترینەکان بوو، یەکەمین خراپ مصر بوو.

بۆ لاپەڕە (٧)

# ڕاگەیاندنی هاوبەشی هێزە کۆمۆنیستەکانی ئێران

ئەوەی خوارەوە بەیاننامەی هاوبەشی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستیە نەیارەکانی ئێرانە لە بەرگری لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری عێراق و دژ بە کوشتار و گرتن و فڕاندن کە دەسەڵاتی میلیشیایی لە عێراقدا پێی هەڵدەستێت.

ئەم بەیاننامەیە بەرگری لە (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق) و هاوڕێ (یەنار محمەد) دەکات و هاوپشتی دەنوێنێ لەگەڵیاندا و بەدژی پەلاماری سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتدارانی میلیشیاییە لە عێراقدا کە ئامانجیانە ڕێکخراوەکە هەڵوەشێننەوە و چالاکیەکانی یاساغ بکەن.

ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە: (یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست)، (حزبی کۆمۆنیسی ئێران)، (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حیکمەتیست)، (ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار)، (ڕێکخراوی فیدائیانی ئەقەللیەت)، (شانەی ئەقەللیەت).

ئەم بەیاننامە هاوبەشە گوزارشە لە هاوپشتیەکی نێونەتەوەیی پڕشنگدار و پێویست لە ئێستادا، لە کاتێکیشدایە کە عێراق و ئێران و ناوچەکە بە باورودۆخێکی ڕاگوزەر و پێکدادانێکی توندوتیژی چینایەتی و بەرفراوان لە نێوان چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش لەلایەک و دەسەڵاتی بورژوا ئیسلامی و قەومی سەرکوتگەر لەلایەکی ترەوە تێدەپەڕێت کە چەند دەیەیە دەستیان خستۆتە بینەقاقای ئەو خەڵکە.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، ئەم دەستپێشکەریە لە هاوپشتی نێونەتەوەیی دڵسۆزانە بەرز دەنرخێنێت لە لایەن ئەم حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستانەی ئێرانەوە.

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

2 آذار 2020

*-*-*-*

### بەیاننامەی هاوبەشی هێزە کۆمۆنیستەکانی ئێران

با لە بەرامبەر هەڕەشە و پەلاماری دەوڵەتی عێراق و هێزە کۆنەپەرستە مەزهەبیەکاندا بەرگری لە هەڵسوڕاوان و ڕوخسارە ناسراوەکانی خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی عێراق بکەین!

زیاتر لە چوار مانگ تێپەڕیوە بەسەر خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری عێراق، و خەڵکی هاتوونەتە مەیدان و هەنگاوی توندوتۆڵیان هەڵێناوەتەوە بۆ هەڵپێچانی حزب و هێزەکانی بەشداربووی حکومەت و دەستکۆتاکردنی جمهوری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی ئەمریکا، و شەقامی شارە گەورەکانی عێراقیان کردۆتە مەیدانی ناڕەزایەتیەکانیان و ساحەی تەحریری بەغدایان کردۆتە قەڵای شۆڕش و خوازیاری هاتنەسەرکاری حکومەتێکن کە بەرهەمی ڕاپەڕینەکەیان بێت، ئا لەو کاتەدا و لە بەرامبەر ئەو جەماوەرەدا، حکومەتی عێراق و حزب و هێزە مەزهەبی و میلیشیاکانی وابەستە بە ڕژێمی جمهوری ئیسلامی و ڕەوتی سەدر دەستیان نەپاراستووە لە سەرکوتی ئەم خرۆشانە شۆڕشگێڕانەیە و تاوان و زوڵم دەرحەق بە جەماوەر.

ئەم هێزانە لە بەرەیەکی عەمەلی بە یەکەوە و لە هێرش بۆسەر ناڕازیانی خۆپێشاندەر و شوێنی مانەوەیان لە مەیدانی تەحریر و ئاگر تێپەردانی چادرەکانیان تا ئێستا نزیک بە حەوت سەد کەسیان کوشتووە و هەزارانیشیان بریندار و دەسگیر کردوە. حکومەی عێراق و هێزەکانی وابەستە بەجمهوری ئیسلامی لە حاڵێکدا دەڵێن خرۆشانی جەماوەری عێراق ڕابەری نیە، هەڵساون بە دەستنیشانکردن و ناسینی ڕوخسارە ناسراوەکانی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەیە و دەیان کەسیان خستۆتەبەر مەترسی ترۆر. حکومەتی عێراق لە دواین هەوڵە سەرکوتگەرەکانی خۆیدا "ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق"ی کردۆتە ئامانجی هێرش و تۆمەتە بێ بنەماکانی خۆی، تا بیروباوەڕی کۆنەپەرست و پیاوسالارانە دژ بەو ڕێکخراوە بوروژێنێت و زەمینەی ترۆری ڕوخسارە ناسراوەکانی ئەو ڕێکخراوە و چالاکوانەکانی فەراهەم بکات.

ئەم پەروەندە سازیەی حکومەتی عێراق دژ بە "ڕێکخراوی ئازادی ژن" و (یەنار محمەد) قسەکەری ئەو ڕێکخراوە و ڕوخسارە ناسراوەکەی لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێکخراوە بە بەرگری کردنی پەیگیرانەی لە مافەکانی ژنان لەبەرامبەر فەرهەنگی پەڕپوتی مەزهەبی و عەشیرەتیدا، جێگەوڕێگەیەکی بەرچاوی لە ناو ژنانی عێراق و لەم خرۆشانە جەماوەریەی عێراقدا پەیدا کردوە.

هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران کە بەدەست دەرد و ڕەنج و بەڵاکانی جمهوری ئیسلامیەوە دەناڵێنن خۆیان بە هاوسەنگەر و پشتیوانی بزوتنەوەی ژنانی عێراق دادەنێن و لێبڕاوانەش پشتیوانی لە خەباتە ڕەواکەیان دەکەن.

ئێمەش ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە، لە دووتوێی ڕاگەیاندنی دووبارەی هاوپشتی و پشتوانی خۆمان بۆ خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری عێراق، سەرکوتگەریەکانی حکومەتی عێراق و هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان سەرکۆنە دەکەین دژ بە (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق) و دژ بە چالاکوانان و ڕوخسارە ناسراو و خۆشەویستەکانی خرۆشانی جەماوەری عێراق و هێزە ئازادیخواز و شۆڕشگێرەکان.

ئێمە، کۆمۆنیستەکانی ئێران، هاوخەباتی لەگەڵ بزوتنەوەی ئازادیخوازانە و هێزە چەپ و شۆڕشگێڕەکانی عێراق بە بەشێک لە ئەرکە ئینتەرناسیونالیستەکانی خۆمان دادەنێین لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم هەنگاوە سەرکوتگەرانەی حکومەتی عێراقدا.

*سەرکەوتوو بێت خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری عێراق*

*بڕوخێ ڕژێمی سەرمایەداری جمهوری ئیسلامی*

*بژی ئازادی و سۆشیالیزم*

ئیمزاکەران:

(یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست)، (حزبی کۆمۆنیسی ئێران)، (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران-حیکمەتیست)، (ڕێکخراوی ڕێگای کرێکار)، (ڕێکخراوی فیدائیانی ئەقەللیەت)، (شانەی ئەقەللیەت).

شوباتی ٢٠٢٠

---

حەوت: (٣،٥٪) ژنانی عێراق لە کەرتی پیشەسازی کاردەکەن، لەو ڕێژەیە (١٤٪)یان لەکەرتی کشتوکاڵیدا، و (٤٧٪)یان لەکەرتی خزمەتگوزاریدان. ئەوانەی لەکەرتی کشتوکاڵیدا کاردەکەن (٩٧٪)یان یان نەخوێندەوارن یان زۆرکەم خوێندەوارییان هەیە.

هەشت: لەنێو ئەوکەسانەی خوێندنیشیان تەواو کردووە ( واتا باجلەر و ماستەریان هەیە) ڕێژەی بێکاری لە نێویاندا سەروی (٣٠٪)ە

نۆ: لە ساڵانی (١٩٦٠) تا ساڵی (١٩٨٠) لە عێراقدا پێشکەوتوترین یاسای مەدەنی لەچاو سەرجەم وڵاتانی عەرەبیدا هەبوو. ڕێژەی خوێندەواری و بەشداری ژنان لە کەرتەکانی پیشەسازیدا سەرووی (٥٠٪) بوو.

نۆ: ژنان بەشداریەکی بەرچاویان هەبووە لە خۆپێشاندان و ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) و (ڕێکخراوی ئازادی ژن)یش لەسەنگەری پێشەوەی ئەم جەنگە مێژووییەدا، پەرچەمی ڕزگاری و ئازادی و یەکسانی ژنانی هەڵگرتووە.

*-*-*-*-

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕەوتی کێشمەکێشەکە یەنار محمەد لیداوانیدا بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت:

ئێمە لە (ڕێکخراوی ئازادی ژن) داڵدەی ئەو ژنانە دەدەین کە پەنامان بۆ دەهێنن و پێداویستیەکانی پاراستنی گیانیان بۆ دابین دەکەین. ئەم ژنانە هەلومەرجێکی زۆر نائینسانی داسەپاوە بەسەریاندا، لە ناوەندێکی عەشایەری یان لە توندوتیژی خێزانی و لەترسی هەڕەشەی کوشتن لەلایەن مێرد و براکانیانەوە هەڵاتوون. حکومەت هیچ لێپرسینەوەیەک لەو پیاوانە ناکات کە کاری توندوتیژی ئەنجام دەدەن دژ بەژنان و ئەو پیاوانە دەستیان ئاوەڵایە بۆ ئازاردان و کوشتاری زۆرتری ژنان.

لە ماوەی کارکردنماندا لەساڵی (٢٠٠٣) تا ئێستا ئەمڕۆ (٩٠٠) ژنمان لەتوندوتیژی جەستەیی و دەروونی و سێکسی و کوشتن ڕزگار کردووە، وەهەروەها کچان و ژنانێک کە ناچار بە لەشفرۆشی کراون و ژیانیان لەبەرچاو کەوتوە، هانایان بۆ ئێمە هێناوە و لەلای ئێمە هەستیان بەئارامی و دڵنیایی پەروەردەکردن و کار و ڕۆشنبیری شۆڕشگێرانەی ژنانە کردووە تا لەداهاتوودا نەکەونە ناو کەڵبەی پیاوسالارییەوە.

دەسەڵاتدارانی سیاسی لە ڕەوتە کۆنەپەرستە مەزهەبی و تائفییەکانی ئیسلامی سیاسی لەو هەڵسورانانەی ئێمە هەراسان بوون، چونکە کاری ئازادیخوازانەی ئێمە بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە بێمافی و چەوسانەوە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەواندا ڕێکنایەتەوە و هەمیشە و دەمنادەم ڕێگرییان لێ کردوین. ساڵانێکە لە کێشمەکێش و خەباتداین دژ بەو ڕێگری و دەستدرێژیانەیان.

بەشداریکردنی ئێمە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) و مەیدانی تەحریری بەغدا، بەتایبەت کە هەڵوسڕاوانی ڕێکخراوەکەمان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندان و ڕاپەرینەکەدا بوون، بووە بیانوی ئەوەی کە زۆرتر تەنگمان پێهەڵچنن. میلیشیاکان بەوپەڕی دەستنەپارێزییەوە سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد. ڕۆژێکیان لە ووتارەکەمدا لە گۆڕەپانی ئازادکراوی تەحریر لە بەغدا، لەو بارەوە دوام: کە ئیدی نابێت ڕێگە بدرێ بەم میلیشیا چەکدارانەی سەر بە ئیسلامی سیاسی ڕەوڕەوەی شۆڕش بوەستێنن. بە شوین ئەوەدا بەچری کەوتینە ژێر چاودێری و سیخوڕییان بەسەرمانەوە دەکرد، هێزێکیشیان ناردبوو بەشوێن مندا بۆ دەستگیر کردنم، ئیتر هاوڕێکانم پێشنیاری ئەوەیان کرد، بۆ ئەوەی نەبمە ئامانجی هەڵمەتی ئەوان، بۆ ماوەیەک عێراق بەجێبهێڵم. وە ئەمە لە کاتێکدا بوو کە میلیشیاکان خەریکی ترۆر و ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی هەڵسوڕاوان بوون و دەستیان نەدەپاراست لە کوشتنی خۆپێشاندەران، بەجۆرێک ژمارەی فەرمی گەیشتە (٧٠٠ ) کەس زیاتر.

ئەو کۆمەڵە سیاسیانەی لەپشت ئەم میلیشیا نەوە بوون، دیاربوو مکوڕ (سور) بوون لەسەر ئەوەی کە دەستیان پێم بگات، وە کەمینیان دانابوو، لەریگای ناردنی شکایەتێک کە داوایەکیان بەرزکردبوەوە لە دژی من وەک سەرۆکی (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق)، دابویانە ئۆفیسی سەرەکیمان لە بەغدا، وە هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە ئەگەر نەیێنەپای ئەم شکایەتە، ئەوا ڕێکخراوە کە پێویستە هەڵبوەشێتەوە. وە نامەی شکایەتەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرۆک وەزیرانەوە کراوەتەسەر ئێمە بەبێ گەرانەوە بۆ ئەنجومەنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

هەروەها پێش ئەمەش، لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە فرمانێکیان کردبوینەسەر، گوایە ئێمە مۆڵەتی داڵدەدانی ژنمان نیە! وەک ئەوەی ڕزگارکردنی ژیانی ئینسان لەعێراقدا، بەتایبەت ئەگەر لەڕەگەزی مێ بێت، بەبێ مۆڵەتی دەوڵەت تاوانە! بۆ زانیاریتان، لە رابردوودا هەر ئەو وەزارەتە خۆی داوای لێکردوین کە هەندێک لەو کچە گەنجانە داڵدە بدەین. بەوەندەوە نەوەستان بەڵکو دەستیان بردووە بۆ دەزگای مخابەرات و ئەوانیش ئێمە تاوانبار دەکەن بە پەنادانی ژنانێکی هەڵاتوو کە کێشەی "شەرەف"یان هەیە.

ئێمە هەڵساوین بە وەکیلکردنی چەند پارێزەرێک بۆ بەرگری کرن لە خۆمان لەبەرامبەر ئەم فشار و دەستدرێژیانەی حکومەت و دەزگای موخابەراتدا. وەک دەشزانن لە ئێستادا هەموو دادگاییەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە بۆ کاتێکی نادیار دواخراون. دیارە لەم ماوەیەشدا سەرەک وەزیرانی نوێ دەستنیشان کراوە و هێشتا ڕۆشن نیە کە ئاخۆ ئەویش بە ئەندازەی ئەوانەی پێش خۆی یان زۆرتر دژایەتی ڕێکخراوی ئازادی ژن و سوکایەتی بەژنان دەکات.

ئایاری ٢٠٢٠

---

## کۆچی مەلاك زوبێدی و گفتوگۆی دایکی

**موئەیەد ئەحمەد**

مەلاک زوبێدی بەهۆی سەختی سوتاویەکەوە دوێنێ ١٨ نیسانی ٢٠٢٠ گیانی لەدەستدا.

بەدوای کۆچی مەلاک زوبێدی و لە دووتوێی یەکەمین چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی (الشرقیة نیوز)، دایکی کچەکە ڕایگەیاند؛ کچەکەی بوو بە قوربانی "ترۆری خێزانی"، ئەمە و لە چەند وشەیەکی ڕۆشن و سەرکەوتوانەشدا پرێنسیپی ئازادی ژنی کورتکردەوە کە "ئینسان پێویستە ئازاد بێت" و جۆرێکیش لە ستراتیژی بەرگری ژنانی خستەڕوو کە هەڵێنجراوی ئاگاهی و ئەزمونی خۆی بوو لە وەستانەوە بەڕووی ستەم لەسەر ژنان.

لە کاتێکدا ئەم چەند وشانە دەنوسم خەمبار و هاوسۆزم لەگەڵ ئەو دایکە بەڕێز و جەرگ سوتاوە و لە دڵەوە سەرەخۆشی خۆم پێشکەش بەو و بە ئازیزانی کچەکەی دەکەم. "ترۆری خێزانی" و کوشتن و تۆقاندن و شکنجەی دەرونی دژ بە ژنان واقعێکی تراژیدیە کە ڕەگەزی مێیینەی بەشەر ڕۆژانە تیایدا دەژی نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لە زۆر شوێنی جیهانیشدا.

با لە وتەکانی دایکی مەلاک وردبینەوە. ئەو وتی کچەکەی قوربانی "ترۆری خێزانی" بوو، چەمکی "توندوتیژی خێزانی" بەکار نەهێنا، بەڵکو ئەو دەربڕینەی بەکارهێنا کە پڕبەپێستی ئەم کارەساتەی لەدەستدانی کچەکەی بوو. بەم دەربڕینەی زۆر بە وردی گوزارشی هەم لەوە کرد کە ڕویداوە وە هەم گوزارشی لەوە کرد کە لە ناخی خۆیدایە لە توڕەیی و لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کردەیەی کە بە "ترۆری خێزانی" ناوی برد و کۆتایی بە ژیانی مەلاک هێنا. ئەو باش دەزانێت چەمکی ترۆر چ مانایەکی تاوانکارانە و قێزەونی هەیە و دەزرینگێتەوە لەناو گوێچکەی جەماوەرێک لە عێراقدا کە کارەساتی دڵتەزێنیان لە تاوانەکانی ترۆر چەشتووە.



ئیسلامیە ترۆریستەکانی چەشنی قاعیدە و داعش، ئینسانەکانیان دەکوشت و هێشتاش هەر بەردەوامن لە کوشتنی ئینسان چونکە دەسکەوتی سیاسی لێ بەدەستدێنن کە خۆزاڵکردنیانە بەسەر کۆمەڵگەدا. ترۆری خێزانیش کۆتایی بە ژیانی ئینسان دێنێت چونکە ژنە، جا بەردەوامی ئەم جۆرە لە ترۆر باجێکە کە بە ژنان دەدرێت لە پێناو بەردەوامی دان بە ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی کە ئیسلامیەکان و ناسیونالیستەکانی لەسەر وەستاون بۆ پانوپۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا.

خاڵێکی تری گرینگ لەم گفتوگۆ کورتەدا لەگەڵ ئەم دایکە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بەرجەستەی لێهاتوانە بەڵام سادە ستراتیژێکی خستەڕوو بۆ وەستانەوەی ژنان بەڕووی "ترۆری خێزانی"دا، لە وەڵامی پێشکەشکاری بەرنامەکە (شیرین دەرۆێش)دا دەربارەی ئەوەی کە چ پەیامێکی هەیە بۆ (هەموو ئەو ژنانەی کە توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ). دایکی مەلاک وەڵامی دایەوە کە (هەرگیز مەترسن، ئەگەر ژن بترسێت ئەوا ڕێگەدەدات توندوتیژی بەسەریا سەرکەوێت. ژن دەبێت بەهێز بێت ... بێدەنگ مەبن لەبەرامبەر زوڵمدا، ئەگەر لەلایەن هەرکەسێکەوە زوڵمتان لێبکرێت دەبێ بڵێن نا، مەترسن، هاوارکەن و دەنگتان بەرزکەنەوە ... ئەوانەی پشتیوانی ئێوەن مەوجودن).

ئاشکرایە بەهێزکردنی بەرگری ژنان کە وای لێبکات بوەستێتەوە بەڕووی توندوتیژی و پەڕاوێزخستن و سوکایەتی جەستەیی و ڕوحی، وە بەشێوەیەکیش کە ببێتە ئاگاهیەکی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە لەناو کۆمەڵگەدا، یەکێک لە بابەتە هەرە ستراتیژیەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان پێکدەهێنێت، بەڕای من. ئەم دایکە دڵبریندارە بناغەیەکی ستراتیژی دا بە ژنانی چەوساوە کە پێویستە بیگرنەبەر لە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەیاندا دژ بە هەموو جۆرەکانی زوڵم.

وەستانەوە بەڕووی زوڵم هەنگاوی یەکەمە لە کاروانێکی هەزار میل بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆیلەکان دژ بە چەوسێنەرانیان. ئازادی ژنان لەم ستراتیژەدایە کە هیچ جێگەیەک ناهێڵێتەوە بۆ ڕێزگرتن لە ڕژێمی سەرکوتگەرانی ژن چ دینی و چ قەومی و چ خێزانی و عەشایەری وەیا دابونەریتی بۆماوەیی سەردەمە بەسەرچووەکان، چونکە ئەم بەرگریە جەمسەری شۆڕشگێر و دژ بە یەکیەتیەکی داسەپاوە بەسەر ژیانی ژنان و دژ بە سەرکوتی سیستماتیکیانە.

دوایین فکرەش، فکرەی یان چەمکی "ئازادی" بوو کە لەو چاوپێکەوتنەی دایکەدا دیتم، کە وتی "ئینسان ئازادە و بەئازادی دەمێنێتەوە ... ژنیش بە ئازادی هاتۆتە دنیاوە و بە ئازادی دەمێنێتەوە، کەس بۆ ئەوە نەهاتۆتە دنیاوە کە کەسێکی تر بێت و دەستی بەسەرا بگرێت".

ئازادی ژن بەشێکە لە چەمکی بەرفراوانی ئازادی ئینسان، ئامانجی مێژووی بەشەری هەروەک فەیلەسوفەکان باسیان لێوەکردوە هێنانەدی ئەم ئازادیەیە. لە ڕوانگەی مارکسیزمیشەوە، ئامانجی مێژوو هێنانەدی کۆمەڵگەیەکە کە تیایدا ئازادی تاک مەرجی هاتنەدی ئازادی کۆمەڵگەیە و بەپێچەوانەشەوە. جا لە ناوەڕاستی ئەم مێژووە بەشەریەدا، گیرمانخواردووە لە چوارچێوەی سیستمی کۆیلایەتی کاری بەکرێ واتا لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا. ئیسلامیەکان و ناسیونالیستەکانیش لە دوو توێی بەرگریان لەو ڕژێمە چینایەتیە، نەک هەر درێژەدانی قێزەوەنی بێمافکردنی ژنان بەڵکو کۆیلەکردنی ژنانیشیان لە عێراقدا بەسەردا سەپاندوین، ئەویش بە سود وەرگرتن لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆن کە بەمیرات ماوەتەوە.

ئینسان دەبێ ئازاد بێت، ژن دەبێ ئازاد بێت نەک کۆیلە، ئەم ڕاستیە سادە و ڕۆشنە وەک ڕۆژی ڕوناک لە دەستوری وڵاتدا نیە، ئەوانەش کە دەستیان گرتووە بەسەر چارەنوسی کۆمەڵگە لە عێراقدا دانی پیا نانێن. هەتا ئەوەی کە لە ئاراشدایە لەناو دەستور و یاساکانی وڵاتانی بورژوازیدا یان ئازادیان بەشبەش و دابڕاوکردوە یا بەستویانەتەوە بە جۆرەها کۆتوبەند و بڕیارنامەوە.

٢٠٢٠-٤-١٩



# ڤایرۆسی سیستەم!

عومەر خەتات

وێنە دیستۆپیاکانی کۆرۆنا لەمسەری دنیا بۆ ئەوسەری، وێنەی زاڵی میدیاکانی دنیایە. ئاشکرایە کە ئەم ڤایرۆسە پەردە لەسەر چ خەوشێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیمان هەڵدەماڵێت، بەڵام ئاسەواری دوای خۆی بە نارۆشنی دەهێڵێتەوە و دەرگا لەسەر کۆمەڵێك ئەگەری سیاسی و فەلسەفی ناڕۆشن و تەماویی دەخاتە سەر پشت.

زیادبوونی ڕۆژانەی تووشبووان، چۆڵبوونی جادەوبانەکان، ڕاگرتنی تەواوی چالاکییە وەرزشی و دینی و فەرهەنگییەکان، دوورکەوتنەوەی خەڵك لە یەکتری و گۆڕینی بنەڕەتی لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بانگەشەکردنی ناردنەوەی خەڵك بۆ ناو ماڵەکانیان "کەرەنتینە"، لەو وێنە دیستۆپیانەی ژیانی ئێستای مرۆڤی ئەم سەردەمەن.

ئەگەرچی ئەم ڤایرۆسە سەرخرە هاروهاجە تەنها مرۆڤ تووش دەکات بەڵام لەگەڵ خۆیدا تەواوی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستای دنیای خستۆتە ژێر پرسیار و هەڕەشەی گەورەوە.

ئەوەی کە هەندێ جار لە ڕووداوو و کارەساتە گەورەکاندا دەکرێت سەرنجی بدەین، خودی کارەساتەکە نیە کە لە وێنە گەورەکەیدا یان گشتیەتی خۆیدا دەردەکەوێت، بەڵکو تێڕوانینە لە تەفاسیلی وێنە و ئاکارە ووردەکان کە لە ناو وێنە گشتیەکەدا خۆیمان نیشان دەدەن. پرسیار لەوەی کە بۆچی ڤایرۆسێکی نابینا تەواوی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و پاشکەووتووەکانی بەهەمان ئەندازە فەلەج کردووە! پرسیار لە ناتواناییەکانی دەوڵەتانێك کە بەهەزارەها موشەکی ئینسانکوژیان هەیە، بەڵام سیستەم و ئامێرە پزیشکیەکانیان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پاندێمیکەیان نەك هەر نیە، بەڵکو داوا لە خەڵکانی بەساڵاچووی وڵاتەکانیان دەکەن کە خۆیان بکەنە قوربانی بۆ ئەوەی سەرمایەداری لە ڕوخان و داتەپین بپارێزن! "چاوپێکەوتنی دان پاتریك، جێگری ولایەتی تەکساسی ئەمریکی لەگەڵ تۆڕی فۆکس نیوز!" پرسیار لە ئاساوارە ئابووریەکانی کۆرۆنا، لەسەر ژیان و بارودۆخی ئابووریی، کەهەر بە پێی لێکدانەوەکانی پسپۆڕانی ئابووری، جیهان تووشی گەورەترین تەنگەژەی ئابووری دەبێتەوە زۆر گەورەتر لە تەنگەژەی ساڵی ١٩٢٩-١٩٣٣! و دەیان پرسیاری جۆراوجۆری تر.

ئەوەی کۆرۆنا بە ماوەیەکی کەم توانی پەردە لەسەر خەوشەکانی سیستەمی سەرمایەداری لابدات، بە هەزاران حزبی سیاسی چەپ و هەزاران نووسینی ڕەخنەگرانە لەسەر ئەم سیستەمە نەیتوانی بیکات.

سەرمایە ئەگەرچی لە ڕێی پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیاکانی توانی دنیا بکاتە دێیەکی بچکۆلە، بەڵام دێیە بچکۆلەکەی دنیا کە لای زۆر کەس هێمابوو بۆ خۆشگوزەرانی ئابووریی، نزیکبوونەوەی پەیوەندیەکان لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە، کار و بەرهەمهێنانی هاوبەشی گلۆباڵ، لە ئێستادا بۆتە لەعنەتێکی تەندروستی!

بە گەردوون بوونی سەرمایە لە گەڵیشیدا دیاردە سروشتی و ناسروشتیەکانیش بەگەردوون دەبن. پژمینی کەسێك لە ووهانی چین دەبێتە هۆی تووشبوونی کەسێکی تر لە شاری نیویۆرك! هەمووان دەخزرێینە یەك ژوور و یەك خەستەخانەوە، هەمووان سۆراخی هەمان نەخۆشی و بە هیوای ڤاکسینێکین نەجاتمان بدات لە غەزەبی ڤایرۆسێکی قیرسچمەی نەدیدە.

بەڵام ئایا بەشەرییەت بەو هەموو پێشکەوتنە ئابووری و زانستیەی کە پێی گەیشتووە نەیدەتوانی چارەسەرێکی پێشوەخت بۆ ڤایرۆسە کوشندەکان بدۆزێتەوە کە هەڕەشە لە ژیانمان دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەچینە لای ناعوم چۆمسکی! چۆمسکی لە دواین دیداریدا لە گەڵ ئێمی گوودمان (Amy Goodman) لە وێبسایتی "دموکراسی ناو- Democracy Now" لە وەڵامی پرسیارێکی ئەو خانمە ڕۆژنامەوانەدا کە دەڵێت، ئایا نەدەکرا پارە سەرف بکرێت بۆ دەزگاکانی لیکۆڵینەوە پزیشکیەکان بۆ دۆزینەوەی ئەو ڤاکسینانەی کە هەڕەشە لە بوونمان دەکەن بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە ڤایرۆسی سارس دەرکەوت؟ لە وەڵامدا چۆمسکی دەڵێت "کۆمپانیاکانی دەرمان دروست کردن ئەرکیانە ئەو کارە بکەن، بەڵام ئەوان هیچ بەرژەوەندیەك بەدەست ناهێنن لەو کارە، چونکە ئەوان هەمان لۆژیکی سەرمایەداری پیادە دەکەن کە دەڵێت: هیچ قازانجێك بەدی نایەت لە خۆئامادەکردن بۆ کارەساتێکی چاوەڕوان کراو!" بە مانایەك هیچ کاتێك سەرمایەداری ئامادە نیە پارە بخاتە پرۆژەیەکەوە کە قازانجی سەرمایەی خۆی تێدا نەبێت.

جەدەل لەسەر پاندێمیکی کۆرۆنـا بەقەد گەورەیی ئاساوەرە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی گەورەیە. ئەگەر کەمێك لە چەنەبازییە سەتحیەکانی ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دووربکەوینەوە و بچینە ناو جەدەلە قوڵەکانی دنیای فەلسەفە و ئەو ڕەوتە فیکریانەی کە خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی کۆرۆنا و کاریگەریی ئەم ڤایرۆسەن لەسەر دوارۆژی بەشەرییەت، ڕەنگە بگەینە کۆمەڵێك ئەگەرو بە ئاگاییەکی باشترەوە وەڵامی ترسەکانی ئێستاو داهاتوومان بدەینەوە.

من نە وەك بەشێك لە مارکسیستەکان بیردەکەمەوە کە ئەم ڤایرۆسە دەستکردی سەرمایەداری و ئەمریکایە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوان یان لێدان لە ڕەقیبە ئابووریەکانی بە تایبەتی وڵاتی چین، نە لەگەڵ بەشێك لە تێزە فەلسەفیەکانی ئاگامبینم کە پێی وایە ئەم ڤایرۆسە وەك هەر ڤایرۆسێکی تر وایە و دەسەڵات و سیستەم کردوویەتە بەهانەیەك بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی و بەرتەنگ کردنەوەی ئازادیەکان و چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ. وە نە لەگەڵ دیدە ڕۆمانسیەکەی ژیژەك کە داوا لە سیستەم دەکات شەفافیەت و دیموکراسیەتی زیاتر ڕەچاوبکات و دەوڵەت هەستێت بە دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەرهەم تا لەو ڕێگەیەوە بتوانین نەجاتمان بێت لە میکانیزم و یاسا چەوسێنەرەکانی بازاڕ و ئەو کاتەش دەتوانین بگەین بە جۆرێك لە کۆمۆنیزم کە مەرج نیە هاوشێوەی نموونەکانی پێشووتر بێت، "بیرەی بێ کحول!"

دەکرێت هەر یەکێك لە ئێمە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەسەر تاك تاکی ئەو ئایدیایانە هاو ڕا یان دژە ڕا بێت. بەڵام کێشەکە لە هاوڕا بوون یان نەبوون نیە لە سەر تەفسیراتێك کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ خۆی هێناویەتی، بەڵکو کێشە گەورەکە لە گۆڕینی بارودۆخێکی ترسناکە کە کۆمەڵگە بەهۆی ناتوانایيەکانی سیستەمی سەرمایەداریەوە تووشی بووە کۆرۆنا تەنها پەردەی لەسەر لابرد.

پارادۆکسی "Stay at home" لە زەمەنی کۆرۆنادا!

دەسەڵات و سیستەم لە ئەمریکا و ئەورووپـاوە بگرە تا دەگاتە دوکانە دەسەڵاتەکەی ناسیونالیزمی کورد، داوامان لێدەکەن کە لە ماڵەکانمان نەیەینە دەرەوە و خۆمان بپارێزین لە ڤایرۆسێك کە ڕقی لە تێکەڵاوبوونی ئینسانەکانە و زۆر بە ئاسانی دەتوانین پێی توش بین.

بەڵام ئایا بۆ زۆرێك یان زۆربە بە تایبەتی لە کوردستان و ئەو شوێن و وڵاتانەی تر کە تێـیدا ماف و زەماناتە کۆمەڵایەتیەکان بوونیان نیە، ئەو ماڵە هەیە کە خۆی و نزیکەکانی بپارێزێت لەم پاندێمیکە؟

پێش وەڵامدانەوە بەم پرسیارە با بچینە لای توویتی کچێکی ئێرانی کە ماوەیەك لەمەوپێش لە تویتەر نووسیبووی: "پێش دوو ڕۆژ مامم بە بۆنەی تووشبوونیەوە بە ڤایرۆسی کرۆناوە گیانی لەدەست دا. ئەو لە حەوت ساڵیەوە کار دەکات و ئەو کاتەی مرد تەمەنی ٧٧ ساڵ بوو. مامم کرێکار بوو. ئەو کاتەی کە ڤایرۆسەکە لە شاری "قوم"ەوە تەشەنەی کرد، ئەو نەیتوانی لە ماڵەوە بمێنێتەوە، چونکە ناچار کرا کە لەنێوان نان و مەرگدا یەکێکیان هەڵبژێرێت! ئەمە بۆ من بێ ئەندازە سەخت بووا!".

بیرکردنەوە لە ماڵ دەمانباتە سەر پرسیارکردن لەسەر مانای کۆمەڵگە و کار و سیاسەت. بۆ زۆرێك ماڵ ئەو شوێنەیە کە تێیدا هەست بە ئارامی و ئاسایش دەکەین، ڕەنگە هەمان پێناسە لەسەر نیشتمان دروست بێت. لە دیدی زۆر کەسدا ماڵ شوێنێکە بۆ ڕاکردن لە دنیای دەرەوە، ئەیدینتیتێکە لە مانای ئارامی دەروون. کاتێك ترس لە دەرەوە زەفەرمان پێ دێنی، ماڵ دەبێتە ئەو پەناگایەی کە بێهێزیمان لەبەرامبەر ترسی دەرەوەدا لە خۆ دەگرێت.

باری ئابووری، نەك تەنها شێوە و جۆری ماڵی لەگەڵ خۆیدا دیاری دەکات، بەڵکو چاوەڕوانیەکانیشمان بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی و سەلامەتی دەگۆڕێت. کاتێك کە ماڵەکەت لە تەنها ژورێکی بێ نازی کۆن و بێ ڕەنگ پێکهاتووە و کارەکەشت دەستفرۆشیی سەر کۆڵان و جادەکانە، ئەو کاتە ماڵ نەك هەر دەبێتە شوێنێك بۆ ئارامی و ئاسایشی دەروونی بەڵکو پێچەوانەکەی واتە دنیای دەرەوە دەبێـتە هەناسەیەك بۆ ئەو ئارامییە دەروونیەی کە مرۆڤ سۆراخی دەکات. هەر ڕێك وەك نیشتیمان، کاتێك کە ئازادی و کار لە نیشتیمانێکدا لە "ماف" ڕادەماڵرێت و ببێـتە ئیمتیازێکی سووکی دەسەڵات ئەو کاتە نیشتیمان دەبێتە مۆتەکەیەك و هەڵاهاتن لێی دەبێتە خولیـــا.

کۆنسێپتی ماڵ، ئارامیی و ئاساییشیەکەی، پەیوەندیەکی یەکانگیری بە کۆنسێپتی کار و مافە کۆمەڵایەتیەکانی ترەوە هەیە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا. لە کاری سیستەماتێك و ڕێکخراودا کار هەر ئەو برە وەختە نیە کە مرۆڤ بەکاریدەهێنێت لە کارگەیەك یان هەر پرۆژەیەکی تری دەوڵەتی یان کەرتی تایبەت. بە چواردەوری کاردا کۆمەڵێك مافی تر بوونیان هەیە لەوانە، مافی سەلامەتی کار، بیمەی بێکاریی لە کاتی لەدەستدانی کار، بیمەکانی نەخۆشی و منداڵبوون و خانەنشینی و ئەوانی تر.. ئەم مافانە کە زەمانەتی مانەوەی ژیانی مرۆڤ دەکات لە کوردستان و زۆرێك لە وڵاتانی تر بوونی نیە و ئەمەش ژیان بۆ بەشە گەورەکەی کۆمەڵگە دەکاتە دۆزەخ. بێگوومان نابێت ئەو ژمارە گەورەیەی خەڵکێکی زەحمەتکێش لە بیر بکەین کە ژیانیان لەسەر کاری ڕۆژانە و دەستفرۆشیە و کرێکارانی مەیدانەکانی کوردستان کە بێجگە لە فرۆشتنی هێزی کاری ڕۆژانەیان هیچ سەرچاوەیەکی دەرامەتی تر شك نابەن.

ئەگەر لەم گۆشە نیگایە و لە نموونەی توویتەکەی سەرەوە سەرنجی بانگەوازی "لە ماڵەکەت بمێنەرەوە و مەیەرەدەرەوە" بدەین ئەوا خۆمان لە بەرامبەر پارادۆکسێك دا دەبینینەوە کە هەڵبژاردن تێیدا تەنها لەنێوان مەرگ و ژیانی کولەمەرگی دەکرێت مانا پەیدا بکات.

دەکرێت چی بکرێت؟

دەمێکە سەرمایەداری وەك سیـستەم، ئەلگۆ و نموونەی لیبراڵانەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و مۆراڵی خۆی لە ئاستی جیهاندا لە دەستداوە. بەدەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێ و شوینی ڕووبەڕووبوونەوەی لەلایەن دەوڵەتانی سەرمایەداریەوە، سەدباری تر دەریخست کە ئەم سیستەمە بە باڵای ئینسانی ئەم سەردەمە نایەت و بێجگە لە بێ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شەڕ و قازانجپەرستی بۆ کەمایەتیەکی کەم و ڕۆژ ڕەشی بۆ زۆربەی زۆری کۆمەڵگە هیچ شتێکی تر لە هەگبەکەیدا بەدی ناکرێت.

لە ئوفقی دنیای دوای کـۆرۆنا سێ ئەلتەرناتیڤ، سێ ڕێگە دەکرێت بەدی بکرێت:

یەکەم: بەهێزکردنی دەوڵەت و ئابووری سەربەخۆی نیشتیمانی

دووەم: ڕۆشتن لەگەڵ نموونەی ئێستای سەرمایەداریی گلۆباڵ.

سێهـەم: کارکردن بۆ گۆڕینی سیستەمی سەرمایەرداریی.

ئەلتەرناتیڤی یەکەم کەمێك مەحاڵە، تازە ناتوانرێت ئەو پەیوەندیە پێچیدەیەی کە سەرمایەداری لە ڕێی بەستنی بازاڕەکانی جیهانەوە ساڵەهایە بەدەستی هێناوە، ئاوا بە ئاسانی تێکبشکێنرێت. ڕەنگە هەندێ لە دەوڵەتان بە گرتنەبەری هەندێ سیاسەتی جوانکاریی لە سیستەمەکەیاندا بۆ ماوەیەك بتوانن هەندێ لە خەوشەکانی سیـستەم پینە بکەن بەڵام لە درێژ خایەندا ناتوانرێت ڕێ لە ڕەوتی سەرمایەی گلۆباڵ و میکانیزمەکەی بگرن. ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆنسێپتی دەوڵەت و ئابووری سەربەخۆ ڕێگە خۆش دەکات بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕەوت و بزووتنەوە نەتەوەییە ڤاشیستی و ڕاسیستیەکان لەو دەوڵەتانەی کە ئەم ئەلتەرناتیڤە پیادە دەکەن.

ئەلتەرناتیڤی دووەم، سەدبار شکستی خۆی نمایش کردووە و زەرورەتی گۆڕینی دەخاتە ئەستۆی بەشەریەتی ئەمڕۆوە. ئەلتەرناتیڤی سێهەم، کارکردنە بۆ گۆڕینی بنەڕەتیانەی سەرمایەداری وەك سیستەمێك کە مەترسی لەسەر ژیانی ئینسان و بوونەوەرەکانی سەرزەوی و تەنانەت خودی سروشت هەیە.

دنیای دوای کۆرۆنا دەکرێت سەرەتای دەستپێکردنی ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی سۆسیالیستی و مارکسیستی بێت لە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی سیستەمی سەرمایەداری. بۆ ئەمەش پێویستمان بە مەنهەج و میتۆدی مارکس هەیە نەك مارکس خۆی، مەنهەجیك کە ڕەخنەی فەلسەفی و ئابووری لە سەفسەتەی تەفسیر بۆ تەفسیر دەربهێنین و بکەوینە دوای گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕیشەییترەوە!

کرۆنا بەشێکە لە ئێمە، لە جیناتی ئێمە، لەبوونی ئێمە، تووڕەییەکی سروشتە و پێمان دەڵێ، ئەو سیستەمەی کە ئێوە بەڕێوە دەبات، بۆ قازانجی خۆی وا قاچی خستۆتە سەر قوڕگی زەوی و خەریکە دەیخنکێنێت و وێرانی دەکات. فەرموون بیگۆڕن.

ئۆسلۆ- ٢٠-٤-٢٠٢٠





# ئەو ڕاستیانەی بە هاتنی کۆرۆنا دووبارە سەلمێندرانەوە!

عەبدوڵا ساڵح

سەرەتا بەهیوای سەلامەتی بۆ هەموان و بە ئومێدی دەرباز بوونی مرۆڤایەتی بەگشتی لەو قۆناغە سەخت و ناهەموارە. لێرەدا نامەوێ هۆکاری پەیدابوونی ئەو ڤایرۆسە و بڵاوبوونەوەی بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر و ژمارەی قوربانیانی لە هەموو جیهاندا باس بکەم، زۆری لەسەر ووتراوە و شیکردنەوەی زۆری بۆ کراوە.

ئەوەی مەبەستمە لێرەدا خستنە ڕووی چەند ڕاستیەکە بۆ چەندین دەیە دەچێ ڕوون و ئاشکرا دیارن و مرۆڤایەتی بەگشتی بەدەستیانەوە گیری خواردوە و کەمینەیەکیش کە ئەو ڕاستیانەیان درك کردوە لە خەباتدان بۆ گۆڕینی، چونکە سیستمی زاڵی ئابوری کۆمەڵایەتی سیاسی بەسەر جیهاندا، واتە سیستمی سەرمایەداری، بەهەرهۆکارێك بۆی ڕەخسابێ و گونجابێ هەوڵیداوە ئەو ڕاستیانە پەردەپۆش بکا و لە زەین و بەرچاوی کۆمەڵگا دووریان بخاتەوە. لەو مەیدانەدا دەزگا زەبەلاحە ئیعلامیەکان و هەندێك داب و نەریتی هەڵقوڵاو لە دەقە ئاینیەکان و زاڵ بوونی فەرهەنگێکی دواکەوتو بەسەر بەشێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و لەوانەش کۆمەڵگای ئێمە، دەور ونەخشی تایبەتیان گێڕاوە بۆ ئەو پەردە پۆشیە. بەشێك لەو ڕاستیانە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم/ دەوڵەتانی دنیا، لە زلهێزەکانەوە بیگرە بۆ مامناوەندەکان و تادەگاتەووڵاتە هەژارەکان، هەریەکەیان بە گوێرەی خۆیان چەکوچۆڕیان هەیە کە بە ملیاردها ملیارد دۆلار مەزەندە دەکرێ و بۆ کڕینیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای خەڵك، ئەگەر هەموو ئەو چەکانە بخەیتە سەر یەك، یاخود تەنیا چەکی ئۆتۆمی هەندێك لە ووڵاتان، پێیان دەکرێ لە چەند چرکەیەکدا هەرچی زیندەوەر هەیە لەسەر ئەم زەویە نەیهێڵن! بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ لەبەرامبەر دوژمنێکی نادیاردا کە هەڕەشە لەهەموو مرۆڤایەتی دەکا زەبوون و دەستەوەستان ڕاوەستاون و چەکەکانیان لەبەرامبەر هەڕەشەی کۆرۆنادا جگە لە تەنەکەیەکی شکاو و ژەنگاوی هیچی تر نیە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو چەکانە تەنیا و تەنیا بۆ لەناوبردنی مرۆڤ دروستکراون!

دووەم/ چاو خشاندنێکی کەم بەسەر بانکە زەبەلاحەکانی جیهان، بانکی نێو دەوڵەتی، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ئەو بڕەپارەیەی تێیاندایە بە ملیاردها ملیار دەخەملێندرێ و دەتوانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەڵای برسیەتی کە باڵی کێشاوە بەسەر زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی کۆتایی پێبێنێ، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ ئەو هەموو سەروەتوسامانە لەبەرامبەر کۆرۆنادا یەك فلسی قەڵب ناکا.

سێیەم/ هەموومرۆڤایەتی پەنای هێناوە بۆ سێکتەری عیلم و زانست و چاوەڕێی زانایانە چارەیەك بدۆزنەوە، ئەو سیکتەرەی تا دوێنێ نیمچە پشت گوێ خرابوو، ئەو بڕە پارەی بۆی تەرخان دەکرا، تەنانەت لەلایەن دەوڵەتانی خاوەن سەروەت وسامانیشەوە، بە بەراورد بە بودجەی سەربازی، نەیدەکردە کەمتر لە سەد یەکی بودجەی گشتی هەر وڵاتێك، نەخۆشخانە و دەرمان لەبەر لاوازی کەرتی گشتی، هەموو لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و دراوە بەکەرتی تایبەت، بە جۆرێك مرۆڤی نەخۆش دەبێ بچێتە تونێلێکەوە لەو سەری یا بە مردویی بێتە دەر یا بە گیرفانی بەتاڵ و قەرزوقۆڵە.

چوارەم/ ئەو هەموو مزگەوت و کلیسا دروستکردنە، بەتایبەت لەو ووڵاتانەی بەدەست زاڵبوونی سیستمی ئاینیەوە دەناڵێنن، بۆ ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دەرکەوت کە هیچ دەردێکیان پێ دەوا ناکرێ ئەگەر پێیان تەشەنە نەکرێ! ئەو ڕاستیە باشتر ڕوون بۆوە کە نەخۆشخانە چ ڕۆڵێکی هەیە لە ڕۆژی تەنگانەدا بە بەراورد بە مزگەو ت و کڵێسا و شوێنە پەرستگاکان.

پێنجەم/ ووتە مەسخەرە ئامێزەکانی دۆناڵد ترامپ دەرحەق بەچین، لەسەرەتای پەیدا بوونی کۆرۆنا، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنی کە ئەم سیستمە بۆیە ئەمڕۆ وا کەوتۆتە خۆی چونکە کۆرۆنا سەر بە هەموو کونێکدا دەکا و کەس بێبەش ناکا، بۆ ئەو مرۆڤ ئامانجە جا لەهەر شوێنێك و هەر پلە و پایەیەك دا بێ، دەنا ئەگەر وەك هەندێك لە پەتاکانی دیکە لەناوچە فەقیر نشینەکانی دنیا چڕ ببایەوە، ئەوا دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان تەنیا لە پەراوێزدا و وەك هەواڵێکی لاکەوتە باسیان دەکرد، یا وەك ترامپ دەیانکردە گاڵتەجاڕی.

شەشەم/ ئەو سیستمە نەگریسە هەر بەوە نەوەستاوەتەوە خوێن و ئێسقانی بەشەر، بەتایبەتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بهارێ، بەڵکو ژینگەشی لێ پیس کردوین و ئاوهەوای زەوی بەجۆرێکی خەتەرناك گۆڕیوە کە ڕەنگە پاش چەند سەدەیەکی کە ژیان ئەستەم بێ تێیدا، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی کۆرۆناوە کە هەموو کارگەکان دوکەڵیان وەستاوە، نە فڕۆکە و نە ئۆتومبێل نە شەمەندەفەر جوڵەیان هەیە وەك بڵێ ژینگە تۆڵەی خۆی دەستێنێتەوە، ئەگەرچی بەداخەوە لەسەر ژیانی مرۆڤیشە، سەرلەنوێ و دووبارە خۆی پاك دەکاتەوە.

حەوتەم/ سەرنجێکی کورت بۆمان دەردەخا کە ئەم ووڵاتانە بۆ هاوکاری و کۆمەگی یەکتر لەبارەی چۆنیەتی کەڵەکە کردنی سەرمایەکانیان و مژینی شیلەی ژیانی کرێکاران و هەژاران یەکدەست و یەکران و بۆ ئەو مەبەستە ساڵانە چەندین گردبوونەوە و کۆنگرە دەبەستن لەژێرناوی جیاوازدا، بەڵام بۆ ڕووبەڕوبونەوەی مەترسیەکی ئاوا گەورە، هەر یەکە بەجیا خەریکی خۆیەتی و لە ئاوازێك دەخوێنێ! بۆ نمونە ئەوروپا و ئەمریکا بۆ جەنگی کاول کاری وڵاتێکی وەك ئەفغانستان، عێراق، سوریا، یەمەن و لیبیا ... یەکدەست و یەکگرتوون، بەڵام ئەمڕۆ ئەوەتا ئیتالیا و ئیسپانیا لەو بارودۆخە قورسەدان و ڕۆژانە بەسەدان کەس دەبنە قوربانی کۆرۆنا، دەبینین هاوپەیمانەکانیان پشتیان تێکردون و ئاوڕیشیان لێنادەنەوە!! چین و کوبا بە هانایانەوە دێن!

هەشتەم/ سیستمی سەرمایەداری بۆ نزیك بە چوار دەیەیە سیاسەتی نیولیبرالی گرتۆتەبەر و زاڵیکردوە بە سەر جیهاندا کە لەوێدا کەرتی تایبەت وورده وورده هەموو سیکتەرە ئابوری و خزمەتگوزاریەکان هەڵدەلوشێ و کەرتی گشتی بەرەو نەمان دەبا و ڕۆڵی دەوڵەتیشی کورتکردۆتەوە تەنیا لە پارێزگاری و ئاگاداری ئەو هەڵلوشینە و شانی پێ خاڵیکردۆتەوە لە هەموو بەرپرسیارەتیەك بەرامبەر کۆمەڵگا، لێرەدا سەرمایەداران سەعاتی کار و کاری تاقەتپڕوکێن دەسەپێنن بێ هیچ ڕێگریەك و دوا قەترەی شیلەی ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دەمژن و دەیکەنە سوود و قازانجی خۆیان و زۆرینەی کۆمەڵگاش لە برسیەتی و ژیانی کولەمەرگیدا ڕادەگرن و دەوڵە تیش جگە لە چاودێریکی کوتەك بەدەست هیچ ڕۆڵێکی دیکەی نیە و دەبێتە داردەستی سەرمایەداران و ئەو هاوکێشەیە لەبەرژەوەندی ئەوان ڕادەگرێ! لاوازی کەرتی گشتی لە بواری تەندروستی و دارمانی لەبەرامبەر ڕووبەووبونەوەی کۆرۆنادا لە سەرتاسەری جیهان نمونەیەکی زیندوی ئەم حاڵەتەیە.

کەواتە ئێستا کاتی ئەوەیە بڵێین کۆرۆنا جگە لە زیانە گەورەکانی، ئەو ڕاستیانەشی دووبارە بۆ سەلماندینەوە، ڕاستیەك کە ئاسان نەبوو بەو شێوەیە لای زوربەمان قەناعەتی پێبکرێ ببێتە فاکتێکی سەلمێندراو، بەواتایەکی کە کات و ساتی بۆ کورتکردینەوە تا ڕوی نگریسی ئەم سیستمەمان بۆ دەرخا و هانمانبدا کە ئیتر نابێ قۆناغی دوای کۆرۆنا قۆناغی پێش کۆرۆنا بێ و پێویستە نەخشەی سیاسی دونیا دوای کۆرۆنا بەتەوای بگۆڕدرێ و بەشەریەت لە هەوڵی لەگۆڕنانی ئەو سیستمە دا بێت کە ژیانی مرۆڤ بەلایەوە هیچ بەهایەکی نیە و هێنانەدی سیستمێکی شایستە بە مرۆڤ، کە تیایدا ژیان و خۆشگوزەرانی و ئەمنیەتی تەندروستی، شادی و بەختەوەری بۆ هەموان بەیەکسانی دابین بکا، کە ئەویش سیستمی سۆشیالستیە.

٢٠٢٠-٣-٢٥

# بانگەوازێك لە کریکارانی ئیتالیاوە بۆ کرێکارانی جیهان

ئێمە گروپێکی هەڵسوڕاوانی نێو نەقابەکرێکارییەکانی ئیتالیاین کە دەمانەوێت لەم هەلومەرجە تایبەتەدا لەبارەی قەیرانێکی گەورەوە کە نەک هەر تەنها ئیتالیا بەڵکە مرۆڤایەتی پێدا دەڕوات ڕاوێژ و گفتوگۆ بکەین.

ئەم بانگەوازە ڕووی لە کرێکارانی جیهانە لەبەرئەوەی ئەم کێشەیە هەر تەنها ئیتالیا ناگرێتەوە، بەڵکە بەپانتایی جیهانە. ئەم ڤایرۆسە سنوری دەوڵەتی نیشتمانی ناناسێت و هەروەک ئەزمەی ئابووریش سنوری دەوڵەتان تێدەپەڕێنێ. ئێمە وەها بیردەکەینەوە کە لەگەڵ کرێکارانی وڵاتانی تردا دەتوانین ئەزمون و تاقیکردنەوەی یەکتر فێربین و دەرسی لێوەربگرین.

ڕژێمی ئیتالیا داوای لەسەرجەم دانیشتوانی کرد، کە لە ماڵەوە بمێننەوە بۆ بەرتەسکردنەوەی بڵاوبونەوەی پەتاکە. بەڵام ئەمە ملێۆنان کرێکار ناگرێتەوە کە دەبێت ئیش بکەن، نەک لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانمان بۆ کۆمەڵگا پێویستن، لە بەشی پیشەسازی کاربکەن. تەنها هۆکارێک کە بەزۆردارەکی ئەبێت ئێمە کار بکەین، پێویستە ئێمە قازانج بۆ خاوەنی کارگاکان دابین بکەین. ڕژێم ڕێگای نەگرت بە داخستنی هەموو بەشەکان، جگە لەو شوێنانەی کە بۆبەرهەمهێنانی ناچاری پێداویستیەکانی کۆمەڵگاوە دەبێت ئیش بکەن، بەمجۆرە تەندروستی ئێمە و خیزانەکانمان دەکاتە نێو ئەگەرێکی زۆرتری توشبوون و بەمجۆرەش گیانمان لەژێر مەترسی جددیدایە. تەندروستی ئێمە دەکرێتە قوربانی قازانج.

ئەوکەسانەی لە بواری سیستەمی تەندروستیدا کار دەکەن، لە هەلومەرجێکی زۆر لە ئێمە خراپتردان. نەخۆشخانەکان بوون بە سەرچاوەی توشبوون بە نەخۆشیەکە، کارمەندانی پزیشکی دەبوا نەخۆشەکانیان تیماربکەن و بگواستایەوە، بەبێ ئەوەی ئامڕاز و پێویستیە خۆپارێییەکانیان بۆ دابینبکرێت و پێشئەوەی نەخۆشەکان تێست بکرێن، ئەمەش بەمانای تەواوی ووشەکە سیستەمی تەندروستی لە ئەنجامی فشاری پەنیدمیکە داڕوخا. ئەمەش لەئاکامی ڕاستەوخۆی نوقسانی پارە و تایبەتیکردنی سیستەمی تەندروستی بوو.

وەک پێشڕەو و هەڵسوڕاوانی سەندیکاکرێکارییەکان، شورای کارگە و کرێکارانی سادە بڕوامان وایە ئەبێت چارەنوسی خۆمان بەدەستی خۆمانەوە دیارییکەین.

ئێمە داوادەکەین هەموو کارگەو کارخانەکان پێویستە دابخرێن، تەنها ئەوانە نەبێت، ئەو مەوادانە بەناچاری بۆ مانەوەی کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنن. وە کرێی مانگانە بەتەواوی بەردەوام بدرێت. وە ئەگەر خاوەنکارەکان بەم داواکارییە ڕازی نەبوون، پێویستە لەهەمو ئەو جێگایانەی کە دەتوانرێت دەست بەمانگرتن بکرێت، مانگرتن ئەنجام بدرێت.. مانگرتنە کرێکارییەکانی ئیتالیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەمەریکا و کەنەدا، دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە کرێکاران لەهەموو وڵاتان بەتەواوی لە جددیەتی هەلومەرجەکە تێگەیشتوون و چیتر ئامادە نین ببنە گای بەردەم چەقۆ لەپێناو قازانجی سەرمایەدا.

ئێمە پێویستە لەهەموو کارخانەیەکدا کۆمیتەک پێکبهێنین کە دەسەڵاتی هەبێت پێداویستیە تەندروستیەکان وخۆپارێزییەکان کۆنترۆڵ بکات. ئەندامانی ئەم کۆمیتەیە پێویستە باوەڕپێکراوبن وهەموو کات بتوانن لابرێن. ئەرکەکانی ئەم کۆمیتەیە، لەهەموو مەیدانەکانی کارکردندا، پێشمەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی دابینبکەن و پێداویستیەکانی خۆپارێزی کۆنترۆڵبکەن. وە هەمیشە بتوانن کار بوەستێنن لە حاڵەتی هەبوونی مەترسی یەکی واقعیدا.

نەقابە کرێکارییەکان پێویستە بەرپرسیارەتی هەموویی و بەتەواوی بگرنە ئەستۆ لە جێبەجێکردنی داوا سەرەکیەکەدا، کە تەواوی ئەو کارانە ڕابگیرین کە پەیوەند نین بە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگاوە. وە هەروەها نەقابەکان مانگرتن و خۆپیشاندنەکان هاوئاهەنگ و ڕێکبخەن و یەکگرتووی بکەن.

لەهەموو وڵاتان خاوەنکارەکان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە وەستاندنی بەرهەمهێنان ئەبێتە هۆی لەدەستدانی بازاڕی نێوخۆیی و دەرەوە. بەم جۆرە ئەوان هەوڵدەدەن بە هێلی نەتەوەیی لێکمان جیا بکەنەوە. ئێمە ڕووبەڕووی قەیرانێک بوینتەوە کە لەمەوپێش بەهیچ شێوەیەک نەماندیوە.

وە هیج کات نابێت ڕێگا بدەین، باجی ئەم قەیرانە ئێمە بیدەین.

بۆیە زۆر پێویستە کە ئێمە لەسەرووی سنورەکانەوە یەکبگرین. بۆیە پێویستە کرێکارانی هەموو وڵاتان پێکەوە ، بەیەکەوە لەدەوری یەک کۆببینەوە. بە خەباتی یەکگرتووی نێونەتەوەیی سەرمایەداران ناچار بەبەدیهێانی داواکارییەکانمان دەکەین

ئیتالیا، ٣٠- مارس – ٢٠٢٠

-*-*-*-*

[Sinistra Classe Rivoluzione. (SCR)] و هاوڕێیانیکی (IMT)ی کەمپینکیان ڕاگەیاند بەناوی (کرێکاران گای سەربڕین نین)، کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو.

ئەم بانگەوازە هێڵی مارکسیستەکانی نێو گەنجانی سۆشیالیست و ئەنجومەنە کرێکارییەکانی سویسرا لە ژمارە (٩٠)ی ئایار (٢٠٢٠) لە گۆڤاری (دیر فونک) بڵاویان کردۆتەوە.

*جەمال کۆشش لە ڕۆژنامەی (ڕەوت) بۆ ئاگاداربوونی کرێکارانی سۆشیالیست و پێشڕەو و ڕابەری بزوتنەوەی کرێکاری لە کوردستان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.*



# بەبۆنەی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن

## با هەنگاوی پتەو هەڵێنینەوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان

ئەمساڵ لە کاتێکدا پێشوازی لە هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەین کە ژنانی عێراق هەنگاوی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە دەنێن لە ڕەوەندی خەباتکارانەیاندا، و وەک هێزێکی ئازادیخوازی سەربەخۆ و یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی ڕاپەڕینی ئوکتوبەریش لێبڕاوانە و جەسورانە وەڕێکەوتوون.

لە کاتێک دا پێشوازی لەم ڕۆژە دەکەین کە جەماوەری ڕاپەڕیو لە عێراقدا لە لاوان و ژنان و خوێندکاران و کرێکارانی بێکار و زەحمەتکێشان و توێژە جیاجیاکانی چینی کرێکار، خەریکی تۆمار کردنی داستانی شۆڕشگێڕانەن و خەباتی جەماوەری کاریگەر ئەنجام دەدەن دژ بە تەواوی ڕژێمی بورژوا ئیسلامی و قەومی میلیشیایی گەندەڵ کە زیاتر لە ١٧ ساڵە مۆتەکەی سەرسنگی جەماوەرە.

هاوکاتی خوێنڕژانی سەدان لە قوربانیانی خەباتکاری کوڕ و کچ و دەیان هەزار بریندار و پەککەوتەکراو، ڕاپەڕین جەسورانە بەرەوپێش چووە و گورزی گورچووبڕی سرەواندۆتە ئەم ڕژێمە و بە تایبەتیش بنەماکانی ئیسلامی سیاسی شەقوشڕ کردوە، نەک تەنها لە شێوەی حیزبە میلیشیاییە سەرکوتگەر و تاسەر ئێسک گەندەڵەکانی، بەڵکو ئیسلامی سیاسی وەک ڕەوتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیولوژیش بە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیولوژیەکانیەوە شەقوشڕ کردوە.

خەباتی سەربەخۆ و کاریگەری ژنان لەم ڕاپەڕینەدا یەکێک لەو کۆڵەگە بنچینەییانە پێکدەهێنێت کە ڕاپەڕین پشتی پێ دەبەستێ و یەکێک لە ڕوخسارە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکانیەتی. ئازادی ژنان و ڕزگار بوونیان لە تراژیدیای ئەو دۆخەی ئێستایان لە گرەوی وەلانانی تەواوی سیستمی ئیسلامی و قەومی پیاوسالاری فەرمانڕەوادایە. هەر بۆیە هاتنی ژنان بۆ مەیدانی خەباتی سیاسی لەم ڕاپەڕینەدا بووەتە سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئیسلامی سیاسی و کەلێنێکی خستۆتە ڕیزەکانی ئەوان و ڕێزەکانی قەومیە پیاوسالارەکان و لایەنگرانی نێودەولەتیان وەک ئێران و دەوڵەتانی تر.

تاوانەکانی ئەمریکا دژ بە ژنان و بزووتنەوەی ژنان لە کەس شاراوە نیە. ئەمریکا بوو دامەزرێنەری ئەم دەسەڵاتەی ئێستا کە هەتا ئەو مافە کەم و ئازادیە بەرتەسکانەشی لە ژنان سەندەوە کە بە درێژایی چەندین دەیەی ڕابردوو بە خەباتیان و بە خەباتی ئازادیخوازان و سۆشیالیستەکان بەدەستیان هێنابوو. ئەوە ئەمریکا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی بوون کە دەستی تیرۆریستە ئیسلامیەکانی داعیش و ئەلقاعیدەیان ئاوەڵاکرد تا جەماوەر سەرکوت بکەن و ژنان بکەن بە کۆیلە.

ئەمرۆژانە کە ژنان هاتوونەتە مەیدانی خەباتی ئازادیخوازانەیان، یەکەمین زیانێ لێکەوتووی باڵادەستی سەرمایەداری نیولیبرالیزمن لە عێراقدا کە بەردەوام چنگ و نینۆکەکانی لە سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگە گیردەکات. سیاسەتە ئابووریە نیولیبرالیەکانی دەوڵەت یەکێک لەو ئاکامە کارەساتبارانەی هێناویەتیە ئاراوە، خوڵقاندنی دۆخێکی تراژیدیایە بۆ ژنان لە عێراقدا لەڕێگەی بەتایبەتی کردنی کەرتی پیشەسازی، پرۆژە ئابووریەکان، خوێندن، تەندروستی، خزمەتگوزاریە گشتیەکان و دەست بەرداربوونی دەوڵەت لە هەموو جۆرە بەرپرسیارەتیەک بەرامبەر بە هاووڵاتیان وەک دابین کردنی بیمە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بۆ زەحمەتکێشان و بێکاران ..هتد.

لەمرۆدا ژنانی کرێکار و هەژارکراو نەک تەنها قوربانی ڕژێمی ئیسلامی و کوتەکی خێڵەکی و بەها پیاوسالارەکانن لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو قوربانی یەکەمیشن لەڕووی ڕێژەی بەرزی بێکاری و بێبەش بوون لە خزمەتگوزاریەکانی وەک خوێندن و تەندروستی خۆڕایی. ژنان یەکەمین سەرنشینانی زیانلێکەوتووی ئەم جەنگەڵستانە دڕندەیەن.

خەبات و بەرگری ژنان و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان ئەم ڕۆژانە لە عێراقدا بە یەکێک لە گرنگترین وەرچەرخانە مێژووییەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت. لەگەڵ ڕاپەڕیندا خەباتی ژنان و ژنانی سۆشیالیستی هەڵسوڕاو و ئازادیخواز پێی نایە ئاستێکی بەرزتر و مەیدانێکی بەرینتر و گەشاوەتر لە جاران.

ئەمرۆ پێمان خستۆتە ناو قۆناغی گۆڕانکاریە گەورەکانەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لە عێراق و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پرۆلیتاری و هەموو بەرگریکاران لە ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان بە تەواوی هێز و توانای خۆیانەوە ئەم گۆڕانکاریانە لە ئامێز بگرن کە هێزی بەرەنگاری جەماوەری ژنان هێناویەتیە ئاراوە کە خۆی هەڵقوڵاوی قووڵایی کۆمەڵگە و بەشداری چالاکانەی ژنانە لە ڕاپەڕیندا. بەهێز کردنی ئەم چالاکیە جەماوەریەی ژنان و ڕێکخراوکردنی بەدەوری ئاسۆیەکی سیاسی ڕزگاریخوازانە و سۆشیالیستیدا ئەمەیە کە هەنگاونانی پتەوی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ژنان لە عێراق و ناوچەکەدا دەستەبەر دەکات بەرەو بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان.

جەماوەری ژنان، ئازادیخوازان

با هەشتی مارسی ئەمسال بکەین بە ڕۆژی نیشاندانی هێزی ملیۆنیمان، هێزی ژنان و پیاوان، هێزی خوێندکاران و لاوانی کچ و کوڕ. باگۆڕەپانەکان و شەقامەکان پڕ بکەین لە ڕێپێوانی گەورە و دەنگی شۆڕشگێڕانەمان بەرز بکەینەوە و بڵێین:

"بژی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان"، "ئازادی لە کۆمەڵگەدا بوونی نیە بەبێ ئازادی و یەکسانی ژنان"، "جیا کردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و لە سیستمی خوێندن"، "با خەباتمان ڕێکخەین لە شوورا جەماوەریە شۆڕشگێرەکاندا"، "بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان ئامانجێکی سەرەکی ڕاپەڕینە".

با بەناوی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە ڕایگەێنین کە "دەبێ یاساکانی دژ بە ژنان لە دەستووری ووڵاتدا لابرێن"، "توندوتیژی دژ بە ژنان تاوانە و سزای لەسەرە".

با سەرکۆنەی "داوا یاسایی"ەکەی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی بکەین و بەرنگاری ببینەوە، کە دژ بە (ڕێکخراوی ئازادی ژن)ە لە عێراق.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) بەبۆنەی ڕۆژی خەباتی جیهانی ژنانەوە پیرۆزبایی لە ژنانی عێراق و جیهان دەکات، ژنانێک کە لێبراوانە و بەهەنگاوی پتەو خەبات دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان.

هەروەها (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) شان بەشانی چینی کرێکار و جەماوەری ڕاپەڕیو خەبات دەکات بۆ بەرەوپێش بردنی ڕاپەڕین بە هەنگاوی مەزن و بەدەستهێنانی ئامانجە شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەکانی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕانەکان لە جێگەی ئەم ڕژێمەی ئێستا.

*بژی هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان*

*بژی ئازادی و یەکسانی ژنان*

*بژی سۆشیالیزم*

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٧/ شوبات / ٢٠٢٠

# قۆناغێکی نوێ لە کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی عێراق

## سەبارەت بە خۆپیشاندنەکانی دوێنێ

دوێنێ سێ شەممە یەکی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ خۆپێشاندانێکی جەماوەری گەورە بەڕێکەوت لە چەند شارێکی عێراق؛ بەغدا، بەسرە، ناسریە، عەمارە، دیوانیە و موصل، دژ بە حکومەت و ڕەوتە ئیسلامی و قەومیەکانی فەرمانڕەوا، دژ بە گەندەڵیان و تاڵان کردنی سەروەتوسامانی وڵات و داسەپاندنی برسیەتی و بێکاری و هەژاری بەسەر ملیۆناندا، و خۆپێشاندەران هاواریان دەکرد "بروخێ ڕژێم"، ئەمرۆش هێشتا هەر خۆپێشاندان و ڕێپێوانی مەزن لە شوێنە جیاجیاکانی بەغدا لە ئارادایە.

هێزە حکومیەکان زۆر دڕندانە ڕوبەڕوی خۆپێشاندەران وەستانەوە کە لە شانزە (١٦) ساڵی ڕابردودا وێنەی کەم بووە، پەرچە کرداری دەسەڵاتداران هەر لەسەرەتاوە بەرامبەر خواستەکانی جەماوەر و خۆپێشاندەران گوللە باران و گازی فرمێسک ڕژێن و تیسرەواندنی ئاوی بەخورزەم بووە. بەهۆی ئەم هێرشە دڕندانەیەوە تا ئێستا زیاتر لە سێ کەس لە خۆپێشاندەرانی بەغدا و کەسێکیش لە ناسریە کوژراوە و دەیانیش بریندار بوون. هەواڵەکان وا ڕادەگەێنن کە بە سەرکوتی بێپەردەی هێزەکانی حکومەت قوربانیانێکی زۆرتر هەیە لەو خۆپێشاندان و ڕێپێوانانەی ئەمڕۆش.

ئەوەی ڕویدا و لە ئارادایە لەم ساتەوەختەدا، بورکانێکی جەماوەریە کە لە چەند ساڵی کەمی ڕابردوودا خامۆش بوو، ئەویش بۆ ئەوەی کە هێزەکانی خۆی کۆکاتەوە و سەرلەنوێ لە قوڵایی کۆمەڵگەوە بەتەقینەوەیەکی گەورەوە سەرهەڵداتەوە. ڕووبەڕوو وەستانەوەی جەماوەرێک لە کرێکارانی بێکار و هەژارکراوان و لاوانی کوڕ و کچ دژ بەوانەی بەرپرسیارن لە ڕۆژڕەشی و هەژاری و ژیانی پڕ لە کوێرەوەریان، وە ڕاپەڕینیان دژی گشت هێز و حزبە سیاسیە بورژوازیە ئیسلامی و قەومی و نیولیبرالەکانی فەرمانڕەوا و گەندەڵ، قۆناغێکی تازەی هێنایە ئاراوە لەو کێشمەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە لە ئارادایە لە عێڕاق.

ئەم توێژە کۆمەڵایەتیانە ئامانجە ڕاستەوخۆکانی نارەزایەتیەکانیان بە مۆرکی خۆیان دەرهێنا و هێزی خۆیان هێنایە سەر شەقام و مەیدانەکان بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆر و هاواریان دەکرد بروخێ ڕژێم، وە بەهەموانیان ڕاگەیاند کە ئەوانن هێزی بزوێنەری ئەم نارەزایەتیانە و توخمی بنچینەیی هەر ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە بارودۆخی ئێستای عێڕاقدا.

ئەوەی کە جەماوەر بەدەستیەوە دەناڵێنێ لە بێکاری و هەژاری و برسیەتی و ئەو بارگرانیەی کە هەیانە لە نەبونی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و تەندروستی و خوێندن ...هتد، ئەوە سیستمێکی لێکهەڵپێکراوە کە دوبارە بەرهەمدێتەوە بەگوێرەی میکانیزمەکانی نیزامی سەرمایەداری و سیاسەتە ئابوریەکانی نیولیبرالیزم، وە هێزە بورژوا کۆنەپەرستە ئیسلامی و قەومی و میلیشیاکانیان و پاڵپشتەکانیان لە وڵاتانی ئیمپریالی ڕۆژئاوا و هێزە ناوچەییەکان پارێزگاری لێدەکەن.

ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی ئازادی و ژیانێکی پڕ لە دڵنیایی و خۆشگوزەران بۆ زوربەی جەماوەر پەیوەستە بە هێنانەدی سۆشیالیزم و لێی جیانابێتەوە، چونکە ئەو ئامانج و خواستانە ناتوانرێت بێنەدی لە ژێر سایەی نیزامی سەرمایەداری و سیاسەتە ئابوریە نیولیبرالەکاندا لە ڕێگەی چاکسازیەکەوە کە هەندێک لە هێزە بورژوازیەکان چ لە ئۆپۆزیسیۆن و چ لەناو حکومەتدا دەیخەنەڕوو. ڕێگەی ڕزگاری و بەدیلی بارودۆخی ئێستا کۆتایی هێنانە بە نیزامی ئابوری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری و سیاسەتە نیولیبرالیەکان و پارێزەرانی لە ئیسلامی و قەومی و لیبرالەکان.

ئەرکی بناغەیی بریتیە لە یەکخستنی خەباتی هێزە چینایەتیە سۆشیالیستیەکان و هێزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەژاران و هێزی لاوانێک کە چاویان بریوەتە پێشکەوتن و ژیانێکی باشتر و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان، لە یەک بزوتنەوەی شۆشگێڕانەی جەماوەریدا کە کۆتایی بە بارودۆخی ئێستا بێنێت بەتەواوی. ئەم خۆپێشاندانانەی کە لەئارادایە پایەیەکی بنچینەییە لە لەپایەکانی ئەم بزوتنەوە مەزنە چینایەتی و کۆمەڵایەتیە.

خۆپێشاندانەکانی ئێستا هاوسەنگیەکی چینایەتی وای هێناوەتە ئاراوە کە تا دوێنێ لە ئارادا نەبوو، هەر ڕۆژێکیش کە بەسەر ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیەدا تێدەپەڕێ، لە توانایدایە بابەتگەلێکی ساڵانێکی چەق بەستوو یەکلایی بکاتەوە. هەر هەنگاوێکیش لە ڕێکخراو بوون و چەکدار بوون بە ڕوانگەیەکی سیاسی چینایەتی کرێکاری سەربەخۆ و ڕێکخستنی ئیرادەی سیاسی جەماوەری نارازی لە شۆراکان و لە لیژنەی ناوچەییەکاندا لە توانایدایە ئەرکەکانی چەندین ساڵ بهێنێتەدی و ئەم بزوتنەوەیە بەرەو سەرکەتن بەرێت.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) هەر لەو کاتەدا کە بەتوندی سەرکۆنەی تاوانی هێزەکانی دەسەڵات دەکات دەرحەق بە خۆپێشاندەران، خەباتیش دەکات شانبەشانی جەماوەری خۆپێشاندەر و کاریش دەکات لە پێناو بەرزکردنەوەی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە مەزنە و بەردەوامی و هەنگاونانی بۆ هێنانەدی ئیرادەیەکی ڕێکخراو لە چوارچێوەی شۆرا و لیژنەکان و هێنانەدی ئامانج و خواستەکان و سەرکەوتنی.

ئەمە و بانگەوازی چینی کرێکاری جیهان و سۆشیالیستەکان دەکەین بۆ پشتیوانیکردنی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە و سەرکۆنەکردنی سەرکوتگەریەکانی حکومەت و دەسەڵاتداران و هێزە میلیشاکان.

بژی نارەزایەتیەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و هەموو ئازادیخوازان

سەرکەوتن بۆ ئەم زبزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢ ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

# حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دامودەزگا موخابەراتیەکەی دەیانەوێت ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێڕاقدا هەڵوەشێننەوە، با بە هێزەوە دژیان بوەستینەوە

مەکتەبی سەرۆک وەزیرانی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دامودزگا موخابەراتیەکەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا داوایەکی یاساییان بەرزکردۆتەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق)دا بە بیانوی ئەوەی کە بەشدار بووە لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و ئەو ژنانەشی داڵدەداوە کە توندوتیژیان بەرامبەر ئەنجامدراوە.

ئەوەی کە بەرزترین ناوەندی بڕیار لە دەسەڵاتی میلیشیایی لە عێڕاقدا و لە گەرماوگەرمی ڕوداوەکانی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستادا، هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوەی داوایەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) پەردە لەسەر زۆر شت لادەدات، ئەم داوایە شتێک نیە جگە لە کردەیەکی سیاسی ڕیسوا و قێزەوەن دژ بە ئافرەتان و دژ بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و (ڕێکخراوی ئازادی ژن) و سەرۆکە تێکۆشەرەکەی ئەو ڕێکخراوە یەنار موحەممەد.

ئامانجی ئەم داوایە ڕێگریە لە کاری ئەم ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەی ژنان کە مێژوویەکی پڕشنگداری خەباتکارانەی هەیە لە بەرگری لە ئافرەتان و ماف و ئازادیەکانیان و هێنانەدی یەکسانیان لەگەڵ پیاوان، ئەم داوایە ڕێگریە لە یەکێک لە گرینگترین ئەو ڕێکخراوانەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنان لە عێڕاقدا کە لە ماوەی نزیک بە حەڤدە ساڵدا بەهێزترینیان و پێداگرترینان بووە لە بەرگری لە مافەکانی ژنان و قوربانیانی توندوتیژی پیاوسالاری.

ئەو تێکشکان و تراژیدیا و پەڕاوێزخستنەی کە داسەپاوە بەسەر ژنانی عێڕاقدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە لەلایەن حزبەکانی ئیسلامی سیاسی و قەومیەکان و ڕژێمی سیاسی تائیفی و قەومیان، لە ڕادە بەدەرە. ئەم حزبانە لە ڕێگەی داگیرکاری ئەمریکا بۆ عێڕاق و سیاسەت و ستراتیژە ئیمپریالیەکەیەوە کە سەراپا نوقمی تاوان و تا بینەقاقا دژە ژنە، دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست.

دەسەڵاتی میلیشیایی و حزبەکانی دەستیان نەپارستووە لە سەرکوتکرددنی هەر هەنگاوێک کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان هەڵیهێناوەتەوە دژ بەو بارودۆخەی کە لەئارادایە. دەستیان نەپاراستووە لە سەرکوتی هەر جۆرە خەباتێکی ژنان بۆ ئازاد بوون لە کۆتوبەندەکانی ئەم دەسەڵاتە و ئەم نیزامە کۆمەڵایەتیە عەشیرەتگەریە پیاوسالاریە. ئەم داوایەی ئێستاشیان بەشێکە لەو مێژووە تاوانکاریە دەرحەق بە ژنانی عێڕاق.

لەوە دەچێت عادل عەبدولمەهدی و مەکتەبی سەرۆکایەتی و دائیرەی موخابەراتیەکەی بە پەلە و لەم بارودۆخە ڕاگوزەر و قەیرانگرتووەدا و پێش ئەوەی شوێنەکانیان بەجێبهێڵن لە ژێر گورزی ڕاپەڕینەکەدا، شتێکی تری بێ ئابڕوانە و تاوانکارانە بخەنە سەر میراتی سەرکوتی خوێناویان دژ بە ئافرەتان و خەباتە ڕزگاریخوازەکەی و دژ بە جەماوەریش.

ئەم کۆنەپەرستانەی دژە ژن، هەنگاوێکی تر دەهاوێژن بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی قێزەوەن دەرحەق بە ژنانێک کە توندوتیژیان بەرامبەرکراوە و پێویستیەکی زۆریان بە هاوکاری هەیە بۆ ڕزگارکردنیان لە کوشتنێکی مسۆگەر لەلایەن ژنکوژانی پیاوسالارەوە. ئەم کۆنەپەرستانە دەیانەوێت یەکێک لە کۆڵەگە هەرە گرینگەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان بروخێنن لە عێڕاقدا کە ناوی (ڕێکخراوی ئازادی ژن)ە و لە ماوەی نزیک بە حەڤدە ساڵدا زۆر لێبڕاوانە و پێداگرانە دژی یاساکانیان و هێرشە دڕندانەییەکانیان دەرحەق بە ژنان خەباتی کردوە و داکۆکی کردوە لەو ژنانەی کە توندوتیژیان چەشتووە و ڕایانکردوە لەدەست تۆڕی بازرگانیکردن بە ژنان، هەڵاتوون لە دەست زوڵموزۆری عەشیرەتگەری و پیاوسالاری و کوشتنی بەناو "پاکشۆری ناموسی".

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێڕاق)، ئەم داوا ساختەکاریە و ئەم دوژمنکاریە ڕونوئاشکرایە دژ بە ژن و دژ بە (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێڕاق)دا، بەتوندی سەرکۆنە دەکات. هەروەها ئەمە دادەنێت بە سنور پێشێلکردنێکی ئاشکرای سەرەتایی ترین ماف و ئازادیە مەدەنی و فەردی و ئازادیە سیاسیەکان و ئازادی ڕێکخراوبوون و نارەزایەتی دەربڕین. داوامان لە لایەنە تایبەتەکانی دادگایە کە دەستبەجێ ئەم داوایە ڕەت بکەنەوە چونکە پێشێلکاریەکی ئەم مافانەیە.

بانگەوازی هەموو حزب و ڕێکخراوە سۆشیالیست و کۆمۆنیست و ئازادیخواز و هەموو سەندیکا و یەکیەتیە کرێکاریەکان و هەموو ڕێکخراوە ڕزگاریخوازەکانی ژنان، چ لۆکاڵی و چ جیهانی، وە هەموو لایەنگرانی ئازادی و داکۆکیکارانی ئازادی و یەکسانی ژن دەکەین، کە دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە دژ بە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی و دەسەڵاتی میلیشیایی لە بەغدا و سەرکۆنەی ئەم کردە دوژمنکارانەیە بکەن دژ بە (ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێڕاق)دا. هەروەها بانگەوازیشیان دەکەین کە هاوکارمان بن لەم هەڵمەتەدا بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەم داوایە.

*بژی ڕێکخراوی ئازادی ژن*

*بژی ئازادی و یەکسانی ژنان*

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێڕاق

٢٠٢٠-٢-١٤

# یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار

ئەمساڵ لە کاتێکدا پێشوازی لە یەکی ئایار دەکەین کە چینی کرێکار لە جیهاندا لەناو گێژەڵووکە و قەیران و وەرچەخانێکی نوێی جیهاندا ژیان بەسەر دەبات و ڕووبەڕووی پەتای کورۆنایە و بەدەست ئاکامەکانی قەیرانی ئابووری ڕژێمی سەرمایەداری و ئاڵۆزکاوبوونی ناکۆکی و کێشمەکێشە دەوڵەتەکانیەوە دەناڵێنێت.

هەتا ئێستا نزیک بە دووسەد هەزار کەس لە جیهاندا بوونەتە قوربانی کورۆنا، کە لاوازی سیستمی تەندروستی گشتی و کەموکورتی ئامراز و ئامێرەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن لە زۆربەی وڵاتاندا ڕۆڵی گەورەی هەبوە لەو نێوەدا. دەوڵەتە بورژوازیەکان بە درێژایی چەندین دەیە بەردەوام کاریان کردوە بۆ لاواز کردنی ئەم سیستمانەی تەندروستی.

هەروەها سەرهەڵدانی ئەم ڤایروسە خۆیشی پەیوەندیەکی شەتەکدراوی هەیە بە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای قازانج دامەزراوە، و هەر ئەم سەرمایەداریەشە هۆکاری وێرانکردنی ژینگە و شێواندنی یەکیەتی مرۆڤە لەگەڵ سروشتدا. ئەمە و دەیان ملیون لە کرێکار و زەحمەتکێش لە جیهاندا کار و سەرچاوەی ژیانی ڕۆژانەیان لەدەستداوە، وە بە هۆی ئەم پەتایە و دەرئەنجامەکانیەوە هەژارکراون.

ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر بە ڕوونی دەردەکەوێت کە فەرمانڕەوایەتی چینی بورژوازی و ڕژێمی سەرمایەداری بەسەر چارەنووسی مرۆڤدا، سەرچاوەی وێرانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ژینگە و ئەو سروشتەیە کە باوەشی بۆ گرتوەتەوە. لە کاتێکدا بنەبڕکردنی کورۆنا پێویستی بەکارێکی هاوبەشی جیهانی و هاوئاهەنگی هەیە، دەوڵەتە بورژواکان لەناو قاڵبی تەسکی نیشتمان و خۆپەرستی نەتەوەییدا خۆیان ڕاگرتووە، و لاف لێدانەکانیان بۆ نوێنەرایەتیان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە ڕیسوا بووە و ناوەڕۆکی چینایەتی بورژوازیانە و لانگری سەرسەختیان لە بەرژەوەندیەکانی بورژوا قەومی و قازانجی سەرمایەداری لەسەر حیسابی ژیان و تەندروستی ئینسان زۆر بەڕونی ئاشکرا بووە، ئەویش بە مامەڵە کردنیان لەگەڵ بەهێزترین قەیرانی پەتایی کە مێژوو بەخۆیەوە بینیوە.

لەبەرامبەردا، چینی کرێکاری جیهانی، تاکە چینی بەرهەم هێنەری سەرەکی کە وەگەڕخەری چەرخی ژیانی کۆمەڵگەیە، وەک پێشڕەوی مرۆڤایەتی لە لەناوبردنی ئەم پەتایەدا خۆی نواند. لە هەموو جیهاندا چینی کرێکار بەتەواوی توێژە جیاجیاکانیەوە هاتە مەیدان، لە پێشیانەوە کەرتی گشتی تەندروستی و خزمەتگوزاریە گشتیەکان و پاکژکاری و کەرتەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی، پیشەسازی و کشتوکاڵ و هاتوچۆ و لێکۆڵینەوە زانستیەکان، بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و پێشکەش کردنی کۆمەک بۆ هەر کەسێک کە پێویستی پێی هەیە، ئەوە ئەم چینەیە کە ڕابەرایەتی جەنگ بەدژی ڤایروسی کورۆنا دەکات، و هەر ئەویشە کە بەردەوامی ژیان مسۆگەر دەکات لەناو کۆمەڵگە دا.

ئاسۆی ئینتەرناشیونالیستی و سۆشیالیستی چینی کرێکار، لە جەرگەی ئەم بارودۆخەدا، درەوشاوە تر دەبینرێ و هەوڵەکانی ئەم چینە بەرچاو تر دەردەکەوێت بۆ هەڵپێچانی هێرشی درندانەی دەیان ساڵەی بورژوازی جیهانی بۆ سەر ئامانجە سۆشیالیستیەکانی.

بە بڵاوبوونەوەی کورۆنا لە عێراقدا، بۆ هەموان دەرکەوت کە تا چ ڕادەیەک سیستمی تەندروستی و خۆپارێزی گشتی و ناتوانایی حکومەت لاواز و کارەساتبارە لە دابین کردنی پێداویستیەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایە.

لەگەڵ جێبەجێ کردنی کەرەنتینە، بەشێکی بەرفراوانی چینی کرێکار بەتایبەتی کرێکارانی کەرتی تایبەتی و ملیونەها بێکارکراوی ژن و پیاو لە کاری نامسۆگەر و جەماوەرێکی گەورەی زەحمەتکێشان لە سەراسەری عێراقدا بە کولەمەرگی و نەداری ژیان بەڕێدەخەن، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم کۆمەگیەکی دارایی کردبن. ئەمە و لەگەڵ بەردەوام بوونی کەرەنتینەشدا بەشەکانی تری کرێکاران دەکەونە بەر مەترسی لەسەر کار دەرکردن، و پێدانی مووچە و کرێی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی گشتیش دوادەکەوێت و لێی دادەشکێندرێ. سەرباری ئەمانەش کرێکاران و کارمەندانی کوردوستان باجی بەردەوامی کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزی دەدەن لەسەر حیسابی زیاتر هاتنە خوارەوەی ئاستی گوزەرانیان.

ڕاپەرینی ئوکتوبەر لە عێراقدا کپنەبوەتەوە و هێشتاش دروشمکەی بۆ ڕوخاندنی تەواوی ئەم ڕژێمە سیاسیە بە بەرزی ماوەتەوە و هێز وەردەگرێت لەقوڵایی کۆمەڵگە و لە هەڵکشانی بێزاری کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژارکراو و لاوان و خوێندکاران و تەواوی بێبەشان و زوڵملێکراوان.

بەرفراوان بوونی پانتایی بێزاری جەماوەر دژ بە ڕژێمی بورژوا ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوا، تیژبوونەوەی کێشمەکێشی کۆشندەی نێوان هێزەکانی ئەم ڕژێمە و ئاڵۆزکاوبونی قەیرانە بەردەوامەکانی و پتەوبوونی چەپۆکی ئەمریکا و ئێران بەسەر ڕێڕەوی سیاسی لە عێراقدا ...، ئەمانە ئەو توخمە بابەتیانەی قەیرانی سیاسی هەمەلایەنە پێکدەهێنن کە عێراقی پیا تێدەپەڕێت. لە جەرگەی ئەم قەیرانەدا توخمەکانی دۆخی شۆڕشگێڕانە لە گەشەسەندایە و ئەرکی مەزن دەخاتە سەرشانی چینی کرێکار و ڕەوتە کۆمۆنیستەکەی بۆ گێڕانی ڕۆڵی ڕابەرایەتی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم قەیرانە شۆڕشگێڕانەیە لە بەرژەوەندی جەماوەری ڕەنجدەر و بێبەشان و بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ڕاپەڕین و هەنگاونانی بەرەوپێش بۆ دامەزراندنی سۆشیالیزم.

ئەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش

با خەباتمان یەکخەین بۆ بەرگری کردن لە ژیان و گوزەرانمان، بۆ بەدیهێنانی خواستە ئابووری و کۆمەڵایەتیە گرینگ و دەستبەجێکانمان و بیان سەپێنین بەسەر ڕژێم دا.

دەوڵەت دەبێت ئەم ڕێکارە دەستبەجێیانە بگرێتەبەر:

دابین کردنی بیمەی بێکاری بۆ هەموو بێکارکراوێکی ژن و پیاو، ڕێگرتن لە دواخستن و لێداشکانی مووچە و کرێی کرێکاران، ڕێگرتن لە دەرکردنی کرێکارانی لەسەرکار لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، لەئەستۆگرتنی لێپرسراویەتی دەوڵەت بۆ پێدانی مووچە بەتەواوی، قەرەبوو کردنەوەی هەموو ئەوانەی لە ئەنجامی کەرەنتینە سەرچاوەی گوزەرانیان لەدەست داوە، هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاساکانی دژ بە ژنان و دارشتنی کۆمەڵە یاسایەک کە بنەبڕکردنی سەرکوت و توندوتیژی لەخۆ بگرێت، دامەزراندنی سیستمێکی تەندروستی گشتی سەردەمیانە و پێشکەوتوو کە خزمەتگوزاریە تەندروستی و خۆپارێزیەکان و چاودێریە کۆمەڵایەتیەکان بە خۆڕایی بۆ هەموان دابین بکات، ئازاد کردنی دەستبەجێی گشت دەستگیرکراو و فرێنراوانی سیاسی لە زیندانەکانی حکومەت و میلیشیاکانیدا، سزادانی ئەوانەی تاوانیان دژ بە خەڵکی ڕاپەڕیو ئەنجام داوە.

(ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) پیرۆزبایی لە چینی کرێکار دەکات لە عێراق و جیهاندا لە ڕۆژی هاوپشتیە نێونەتەوەییەکەیدا، وە بە لەبەرچاو گرتنی ڕێنماییە تەندروستیەکان و خۆپارێزی لە پەتای کورۆنا یادی ئەم ڕۆژە دەکاتەوە.

هەروەها لەگەڵ تەواوی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا لە یەک سەنگەردا خەبات دەکات بۆ سەپاندنی خواستەکانیان و بەهێز کردنی ڕێکخراوەکانیان و پێکهێنانی شوورا کرێکاریەکان و بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی سیاسیان بۆ ڕووخاندنی سەرمایە و دامەزراندنی سۆشیالیزم.

ڕزگار بوون لەم ڕژێمە سیاسیەی ئێستا بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە، پێویستی بە دامەزراندنی شۆرا جەماوەریە شۆڕشگێڕەکانە کە یەکەمین هەنگاوە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی.

*بژی سۆشیالیزم*

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٧ی نیسانی ٢٠٢٠

---

## دەستەکانتم وێدە

**فوئاد عەزیز**



دەستەکانتم وێدە
من لەنێو تارمایەکانی خامۆشیدا چاوەڕێتم
لەبەردەم ئەسرینی گوڵ فرۆشێ وەستاوم
بەدوای چرا دزراوەکەی باخچەدا دەگەڕێم
کلیلی هەموو دەرگاکانم بۆ هێناوی
دەستەکانتم وێدە
سپێدەیەک لەو دیوماڵی تاریکیەوە
چاوەڕێتە،
لە پشتی دیوارە پیرەکان سەردەربێنە
لە نێو دەستەکانتدا پەنجەکانت کۆکەرەوە
کەزی قاچەکانت بکەرەوە
من بۆ نیگایەک چاوەڕێتم
دروشمی چاوانتم وێدە
لەکۆڵانەکانی شاروچکەی شیعری مندا
هەرچی ئەسپی ئاشقە تەراتێنێ دەکات
هەرچی گوڵە سەما بۆ کەمانجەدەکات
گەروی وشەی کوکوختی کێویم
لەسەربەرزترین پەنجەی دارچناری
ئەم تاریکیە
گمەگم بۆ ڕوناکی دەکات
تا درەنگ نەکەوتوە و
دەستەکانمان پڕ نەبوون لە پیری
دەستەکانتم وێدە
لەو دیو خەرەندی زەمین لەرزەوە
لەژێر چادرێکی تاریک تاریک
لەبەردەم شاخێکی داروخاودا
دەستێک چاوەڕێتە
ڕێگایەک لە پێشوازیتدا
بڵندگۆیەک تینوی چرپتە
هەنگاوەکانت گورچکەوە
لەوێستگەدا دەرگا لەسەر پشت
شەمەندەفەرێک، چاوی لێتە
لەسەر ڕایەخی بەردین
لە بناری ماڵێکی داروخاو
لەوێ منالێک
ئێشکگری میهرەبانیتە
دەسا تۆش باوەشی میهرەبانی وێدە
دەستەکانتم بۆ نوسینەوەی داستانە دزراوەکان
وێدە
بۆ تێکەڵ بوونی ئەو کانیاوەی
بەگەروی وشکی شمشاڵ دا تێدەپەڕین
بۆ ئەوپەنجە لەرزۆکانەی
بەهێواشی ئەستێرەی لەکراسی شەودا دەنەخشاد
دەستەکانتم بۆ ژەنینی دڵۆپەی باران و
سەمای گوڵە گەنم وێدە
من ئێستا لاسارم لاسار
ژیلەمۆی باوەگوڕ گوڕم
من ئێستا نێوچەوانێکی چورچو لۆچم
پڕاوپڕم لەژیلەمۆ
وەک کورەی بەردین
مشتم پڕە لەبەرد
چاوەکانم تژین لەچرا و
گەروم وەک سەدای هەورە و
ئاسمانم پەلکەزێرینە
ئەرێ تۆش
دەستەکانتم بۆ نوسینەوی
سرودێکی تازە وێدە
دەستەکانتم وێدە
هەتا تەراویلکە نەبوە بە شۆڕەبی و
ڕوبار نەبوە بەشمشێر و
خیزی نەبوە بە تەزبیحی دەستی وشە و
گوڵە گەنم نەبوە بە خورما و
تارای بوکێنی نەبوە بەکفنی پاکیزە
هەتا و هەتا
چرا نەوتیەکەی ئەم شارە تاریکە
نەبۆتە گڕی جەستەی ژن
ژن نەبۆتە فرمێسکی ئەوین و
ئەوین نەبۆتە خەونی کۆچ و
کۆچ نەبۆتە مەرگی ونبون
دەسا تۆش
دەستکانتم بۆ نوسینەوەی
شیعرێکی تازە وێدە.

2018

## یەکی ئایار

**تاڤگە ئیبراهیم**



ئەمڕۆکە یەکی ئایارە
ڕۆژی چینی کریکارە
ئێمەی بێ بەشانی جیهان
هەم دیسان دێنەوە مەیدان
بێ هەر جۆرە جیاوازییەك
دەست دەخەینە نێو دەستی یەك
نەفرەت لە ڕاسیزم دەکەین
جەژن لە یەك پیرۆز دەکەین
ڕیزمان ڕێکتر دەخەینەوە
کۆت و بەندی دەستەکانمان دەکەینەوە
گشتمان یەك دەنگ و یەك هەڵوێست
سرودی ئەنتەرناسیۆناڵ و
هاواری نزیك بونەوەی مەرگی سەرمایەدارانی
چاوچنۆك و چەوسێنەر ئەڵێینەوە

٢٠١٥-٤-٣٠

## هاواری سایەق توکتوکێك لە گۆڕەپانی تەحریرەوە

**عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**



لەنێو کەلاوە تاریکەکاندا
هاتووینەتە دەر دەنگ هەڵدەبڕین
ژیانی خۆمان ناوەتە نێو مشت
بە شۆڕش تەڵخیی ژیانمان دەسڕین
نێر و مێ هەردوو خاوەن یەک گەرووین
هەردوو یەک هەست و هەردوو یەک مرۆین
بۆ ڕیفاهییەت و ئازادی ژیان
وەک تینوو بۆ ئاو وێڵ و تامەزرۆین
لەوەتەی چاوی ژینمان پشکووتووە
قەت نەمان دیوە لە ژیان خۆشی
ئەم دەسەڵاتە ڕەش و ملهووڕەش
هەر تێکۆشاوە بۆ کەللە بۆشی
ئایینیان کردە مەقاشی دەستیان
خەونیان سووتاند ئومێدیان پسان
لە کۆیلە کەمتر نرخیان بۆ داناین
خنکاین لە گۆم سەرکزی و تاسان
ئێستا ببینە هاوار گڕ دەگرێ
عەرشی ئاسمانی هێنایە لەرزین
گەرچی هەرهەموو تینووی ژیانین
ئای چەندە جوانین گشت ڕوو لەبەرزین
هاکا هەتاوی ئازادی هەڵات
ئەم سەرزەمینە ڕوون دەبێتەوە
پشکۆی سووتانی ستەم و غەدر
بۆ هەتا هەتا دەگەشێتەوە
دەسا کچان و کوڕانی بوێر
با گشت ببینە یەک دڵ و یەک دەست
با لە ئامانجی ڕزگاری خۆمان
نزیک ببینەوە بگەین بە مەبەست
بژین وەک بەشەر بە خۆشی و شادی
ژیان ڕازاوە و جوان و قەشەنگە
مرۆڤ نرخ بەرز بەس دەم بە خەندە
بۆ ئەو ئاواتە ڕوومان لە جەنگە

تشرینی دووەمی ٢٠١٩



## لە یادی دەساڵەی ترۆری سەردەشت عوسماندا



**موئەیەد ئەحمەد**

دەساڵ لێرەوە پێش لە چواری ئایاری ٢٠١٠دا، چەند چەکدارێک لە ناوەڕاستی شاری هەولێر و بەڕۆژی ڕۆشنەوە هەڵسان بە فڕاندنی لاوی خوێندکاری زانکۆ سەردەشت عوسمان و ئێوارەی ڕۆژی دواتر لاشەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە. بەم شێوەیە سەردەشت عوسمانیش هەروەک نەزیر عومەر و سۆرانی مامە حمە و زۆرێکی تر بوو بە قوربانی تاوانەکانی دەستەجاتی میلیشایی لە کوردستان.

ئەنجامدانی ئەم تاوانە قێزەونە، بەرامبەر ئەم نوسەرە لاوە، لە شارێکدا کە تا ئێستا میلیشیا و هێزە ئەمنیەکانی "پارتی" تیا فەرمانڕەوان، تۆڵەیەک بوو بۆ وتارە ڕەخنەگرەکانی لە هێزە فەرمانڕەواکانی کوردستان. ئەم تاوانە شەپۆلێکی بەرفراوان لە بێزاری و تووڕەیی جەماوەر و دەنگدانەوەیەکی میدیایی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لەسەر ئاستی جیهانی و یادی ترۆری سەردەشت عوسمان بۆتە سومبلێکی خەبات لە پێناو ئازادیدا لە کوردستان.

ئەمڕۆ کە ئەم یادە دەکەینەوە ئاڵاکەی سەردەشت عوسمان بەدەست ئازادیخوازانەوە توندوتۆڵتر و شێلگیرانەترە و کۆمەڵگەی کوردستانیش لە هەناوی خۆیدا گڕکانێک لە هەڵسان و خرۆشانی جەماوەری حەشارداوە بەڕووی تەواوی دەسەڵاتی بورژوا قەومی و بنەماڵە میلیشیە فەرمانڕەواکاندا. یادەکەی وێستگەیەکی درەخشانە لە مێژووی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە پێناو ئازادی ئەم کۆمەڵگەیە لە هێزە سەرکوتگەر و خوێنڕێژە تاوانکارەکان.

ئەمڕۆژانە، کرێکاران و زەحمەتکێشان و زوربەی هاوڵاتیان، لە بێدەرەتانی ترین بارودۆخی ئابوریدا ژیان بەسەر دەبەن و ڕووبەڕووی هەژاری و گرفتە پشت شکێنەرەکانی بژێوی ژیان بونەتەوە. تا ئێستا کرێی کرێکاران و موچەی فەرمانبەران نزیک بە شێست (٦٠) ڕۆژ دەبێت نەدراوە، ئەمە جگە لە کەڵەکەبوونی چەند مانگەی موچەکانیان کە تا ئێستا نەدراوە. ئەمە و کەرەنتینەکردنی تەندروستیش لە ئاکامی پەتای کوڕۆناوە وای کردوە، سەدان هەزار لە کرێکاران و زەحمەتکێشانێک لە کەرتەکانی کاری سەرپێی و ناجێگیر و کرێکارانی بیناسازی و ڕیستۆرانت و بازاڕەکان و گواستنەوە و هاتوچۆ ... سەرچاوەی بژێوی ژیانیان لەدەست بدەن، بێ ئەوەی حکومەتی هەرێم هیچ پشتیوانەیەکیان لێبکات.

بیست و نۆ ساڵ فەرمانڕەوایی هەردوو حزبی "پارتی" و "یەکیەتی"، لە بنچینەدا مێژووی سەرکوت و تاڵانی سەروەتوسامانی هەرێم و داسەپاندنی بێبەشی بووە بەسەر زوربەی جەماوەردا. کێشمەکێش لەسەر دابەشکردنی دەسکەوتەکان و دەسەڵات و هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی نێوانیان و تۆخکردنەوەی دابەشکردنی دوو-ئیدارەیی کوردستان و ڕژاندنی خوێنی کچ و کوڕانی خانەوادە کرێکاری و زەحمەتکێشەکان، دیاردە هەرە بەرچاوەکانی ئەو بارودۆخە سیاسیەی ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەوان پێک دەهێنن.

چارەنوسی سیاسی و گوزەران و ئاوات و ئارەزوەکانی جەماوەر لە کوردستاندا، چەند دە ساڵێکە، گیرۆدەی دەستی ئەم بورژوا قەومیە چەکدارانەیە و بەکەیفی خۆیان سەواوماڵەی پێوە دەکەن لە بازاڕی گرێبەستە جیۆ-سیاسیەکانی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی ئێران و تورکیا و ئەمریکا و بازاڕی پشکپشکێنەی سیاسی و ئابوری ناو ڕژێمی سیاسی ئێستای عێڕاقدا.

مێژووی فەرمانڕەوایی بورژوا قەومیەکانی کوردستان، وەک دوژمنانی پڕۆلیتاریا لە کوردستاندا، لە (٢٩) ساڵی ڕابردوودا دژایەتی کردنی سەرسەختانەی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزم و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بووە دژ بە سەرمایە و سەرمایەداری. ئەمە و ئەم مێژووە چرکە ساتێکیش بێ وروژاندنی دەمارگیری نەتەوەیی و ڕێگرتن لە هێنانەدی هاوپشتی چینایەتی نێوان خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی تەواوی عێراق نەبووە، ئەمە جگە لەوەی ئەو مێژووە بێ دابەشکردنی دەسکەوتەکانی نێوان ئەم هێزانە و دەسەڵاتی بورژوا ئیسلامی و قەومی فەرمانڕەوا لە بەغدا و هەتا بێ چاوپۆشی کردنیش نەبووە لە جموجۆڵەکانی ترۆریستانی داعش و هاوشێوەکانیان، بەدیاریکراویش لە ساڵی (٢٠١٤)دا لە پێناو بەرژەوەندیە سیاسی و حزبیەکانیان.

ئەمە و دژایەتی کردنی ژنان و خنکاندنی ئازدی و مافەکانی ژنان دیارەی هاوبەشی هەموو حزبە قەومیە فەرمانڕەواکان بووە بە ئێستا و بە حزبی "گۆڕان"یشەوە. لە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئەم هێزانەدا دەیان هەزار لە ژنان بوونەتە قوربانی کوشتن و سوتاندن و خۆکوژی، ئەم هێزانە هیچ ڕۆژێک دەستبەرداری هاوپەیمانەتی پیرۆزی خۆیان نەبوون لەگەڵ ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و حزبەکانیان لە کوردستان، ئەمەش لە بنچینەدا بۆ دەسبەسەراگرتنی چارەنوسی ڕەنجدەران و کرێکاران و زەحمەتکێشان و بڵاوکردنەوەی گومڕایی و کلتوری پڕوپوچ لە نێویاندا.

هاوڕای هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی بەرگری لە کێسی سەردەشت عوسمان، خەبات دەکەین بۆ سەندنەوەی ئازادی و پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەنجامدەرانی تاوانی ترۆرکردنەکەی و دادگایی کردنیان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لەوەی تۆمەتباران ئاشکرا بکات، بیانگرێت و ڕادەستی دادگایان بکات.

یادی سەردەشت عوسمان هەمیشە زیندوو دەمێنێتەوە وەک سومبلێکی خەبات لە پێناو ئازادیدا.

## چالاکیەکان بە بۆنەی یەکی ئایارەوە



سەرەڕای بارودۆخێکی نالەبار کە کۆمەڵگەی پیا تێدەپەڕی بەهۆی پەتای کرۆناوە، بەڵام بەبۆنەی یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی و نێونەتەوەیی چینی کرێکار، هەڵسوڕاوان و ڕێکخراوەکانی (بەدیلی کۆمۆنیستی) لە شارەکانی بەغدا و سامەڕا و شامیە و خانەقین پەرچەم و دروشمەکانی پەیوەیست بەو ڕۆژەیان هەڵواسی بە دارودیوار و ئەو شوێنانە کە بەرز و بەرچاوان لە شەقامەکان و گەڕەکە کرێکاری و زەحمەتکێشیەکاندا. دروشمەکان وێڕای ئاماژە بە خەباتی کرێکاری و هاوپشتی نێونەتەوەیی، خواستە کرێکاریەکانیشیان گرتبوەخۆ.

لە ٢٩-٤-٢٠٢٠ ڕێکخراوەی بەغدا هەڵسا بە هەڵواسینی چەند پەرچەم و دروشمێک لە (ساحەی تەیەڕان. ساحەی ئەندەلوس. شارع فلستین. ئەلبەلەدیات. دەروازەی مەدینەت ئەلسەورە).

لیژنەی ڕێکخراوەکانی سامەرا پێش ڕۆژی یەکی ئایار هەڵسان بە هەڵواسینی پەرچەم و دروش بەسەر دەرودیوای (کارگەی بەرهەمهێنانی دەرمان) و قائمقامیەتی شاری سامەڕا و چەند شەقامێک.

ڕێکخراوەکانی شاری (شامیە)ش بەهەمانشێوەی ساڵانی ڕابردوو لە ناوەندی شارەکە و شەقامەکان و چەند گەڕێک دروشم و پەرچەمەکانیان هەڵواسی.

هاوڕێیانیش لە خانەقین لە سێ شوێنی شارەکەدا دروشم و پەرچەمەکانیان هەڵواسی.

هاوڕێ نەوزاد بابانیش لە سلێمانی لە هەڵسوڕاوان و ئامادەکارانی بەرپاکردنی گردبونەوەیەک و لێدوانێکی ڕۆژنامەگەری بوو کە چەند ڕۆژێک بەر لە یەکی ئایار لەلایەن چەند ڕێکخراوەی کرێکاری و کۆمەڵگەی مەدەنی و هەڵسوڕاوی کرێکاری و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە ئامادەکاری بۆ کرابوو.

شایەنی باسە لە ئایاری ئەم ساڵدا بەهۆی پابەند بوون بە ڕێنماییە تەندروستیەکانی خۆپاراستن لە پەتای کوڕۆنا و کەرەنتینەوە بواری ئەوە نەبووە کە بەئاهەنگی گەورە و ڕێپێوان ئەو ڕۆژی هاوپشتیە نێونەتەوەییە یادی لێ بکرێتەوە.




## مارکس

**هۆنراوەی: هێرمان خۆرتەر**

**وەرگێڕانی: ئەحمەد جوانکار**



ئەو .. کەسایەتیەکی پاک و جوان

کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو .. وەک درەخت.

ئەو .. ئەیزانی چی ئەوێ

وەک ڕوبار .. ڕێی ئەکرد

وەک ڕەشەبا .. ئەچووە پێش.

منداڵان .. لەدەوری بوون .. خۆشیان ئەویست ..

حەزیان ئەکرد باوەشی پیابکەن و .. دەستکەنە ملی.

لەچاوەکانیدا، خۆشی و خۆشەویستی .. ئەبینرا

بەدوای جوانترین .. ئینساندا دەگەڕا

بەخشندە بوو بۆ باشیەکان .. ئەسووتا.

ئای .. لەو جوانیە

تووڕەبون و خەندەکانی

هەموو جارێ بەڕوونی ئەبینرا ..

پارچەیەک بوو .. لە هەور

بووڕکانێکیش .. لە خۆشەویستی ..

وەک.. ژیلەمۆی ئاگر

خواستی بوو ..

سروشت لەوە جوانتربکا ..

ئەو .. نەرمبوو لەگەڵ کرێکاران ..

زۆر .. زۆر تووڕە لەگەڵ سەرمایەداران.

-*-*-*

تێبینی: ئە م هۆنراوە یە، خۆشەویستیەکی گەورەی (هێرمان خۆرتەر)ە بۆ (کارڵ مارکس). ئەو لە پێشەنگی ئەو نوسەرانەیە کە باوەڕیان بە ئەدەبی کرێکاری و ڕیالیستی شۆڕشگێڕی هەبووە .. هەتا مردن بە شانازیەوە باسی کۆمۆنیست بوونی خۆی کردووە.

دەستەی بەڕێوەبردن

نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
موئەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت:

Albadeel.alsheoi@gmail.com

Rawt.news@gmail.com

مازن محەمەد: 009647709658673
نزار عەقراوی: 00447507070024
نەوزاد بابان: 009647719929183

Alsheoi Albadeel البديل الشيوعي

http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

OCAL البديل
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق